# چەند پرۆژەیەك بۆ
# تێكدانی رەوشتی ئاو

# چەند پرۆژەیەك بۆ تێكدانی رەوشتی ئاو

نووسینی: تەیب جەبار

پێشەکی: ڕێبوار سیوەیلی

هەولێر- 2010

پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانكۆی سەلاحەددین و
دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

14

ناوی کتێب: چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی رەوشتی ئاو

نووسینی: تەیب جەبار

سەرپەرشتیی پرۆژە: ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: هەردی زیاد صالح (دەزگای موکریانی)

نەخشەسازی ناوەوە: هاوڕێ ساڵح

تایپ: فەلاح سەلاح

هەڵەگری: شەهلا وەلی جەبار

بەرگ: وریا بوداغی

هەڵەچنی لەسەر کۆمپیوتەر: کاوە حسین

ژمارەی سپاردن: (499)

تیراژ: (1000) دانە

چاپی یەکەم: (2010)

نرخ: (1000) دینار

چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

## پێڕست


پێشەکی: 7
ڕێگای سلێمانی/ تاسلوجە ... 13
چل منالم، چل پەنجەم، هەشتا چاوم ... 26
پرۆژەی (مەسرەفی جێب) 31
چەند پرۆژەیەك بۆ تێکدانی رەوشتی ئاو 43
قەدەغە کێشی ڕێگاوبانی گشتی 53
سایدی دووەمی ڕێگای (تاسلوجە/ دوکان)، ... 61
سلێمانی هەولێر نییە، هەولێر و سلێمانیش نابن بە دوبەی 70
بۆ ئەوەی شار پاك و جوان بێت 79
ڕێگای (سلێمانی – عەربەت) 83
سەیتەرەی ئەبو پایەی سەقفدار 95
مێش تەیرە، دونیا سەیرە ! 101
دەستڕێژ 103
لێبوردەیی و تەلارسازی 105

## پێشەکی:

دەبوو ئێمە دوای دارمانی ڕژێمی بەعس، زۆر بە جیدی بیرمان لە شوێن و پەیوەندیی بە ناسنامەی مرۆیی خۆمانەوە، کردباوە. چونکە سیاسەتی بەعس لە کوردستاندا هیچ کاتێك لە دەرەوەی تێڕوانینێکی تایبەتی بەعسیەکان بۆ کوردستان وەك "شوێنێکی تایبەت" نەبووە، کە دەیەوێ یاخی ببێت و سنوور بۆ دەستدرێژییەکانیان دابنێ. لە تێڕوانینی ئەواندا، کوردستان نەك هەر دەبوو داگیر بکرێت و دەستی بەسەرا بگیرێت، بەڵکو دەبوو بشێوێنرێت، تاکو دەستەمرۆییەکان نەتوانن ببنە خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش، تاکەکەس بۆی نەبێت بیر لە بەدەستهێنانی ناسنامە بکاتەوە و خودیش نەتوانێ ببێتە خاوەن بیرەوەری. بەمجۆرەش بەعسییەکان لە ڕێگەی داگیرکردن و شێواندن و دابڕینی شوێنەوە، لە سێ ئاستی هەستیاردا بیریان لە جوێکردنەوەی مرۆڤ و شوێن دەکردەوە: مرۆڤ و مێژوو، تاکەکەس و ناسنامە، خود و یادەوەری. بە سەندنەوەی مێژوو لە مرۆڤ، چالاکییەکی هاوبەش نامێنێ کە لە میانەیدا تاکەکەس ناسنامەی خۆی دروستدەکات و بە سەندنەوەی یادوەریش لە تاکەکەس، خودێتی بەتاڵ دەبێتەوە لە هەر مانایەك، کە بۆ سەلماندنی بوونی مرۆییانەی ئێمە پێویستە. ئەو کاتەش خود، لە جیاتی خودێکی داهێنەر و بکەر، دەبێتە خودێکی مشەخۆر و پەرچەکرداری و خاوەن دەروونێکی زامدار و بریندار، تاکەکەس دەبێتە قوربانیی گرووپگەرایی و کۆیلە و کارکوشتەی فەرمانی هێزێك لە خۆی گەورەتر، کە ترس و ملکەچی و خۆبەکۆیلەکردن لانەی تیا دەکەن. هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە شوێن و پێگەی شوێنەوە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەگەر توانیمان لە شوێن و لە پەیوەندیی بە شوێنەوە، مرۆڤ ئازاد بکەین، ئەگەر توانرا ئەو ئازادییە مەعنەویەی بۆ ژیانی کەلتووری و



کۆمەڵایەتی مرۆڤ گرنگە، بکەینە ئازادییەکانی جەستە و خود لە سەر ئەو پانتاییە شوێنیانەی خود و جەستەی تیا بەرجەستە دەبن، ئەوە توانیومانە مرۆڤێکی ئازاد بەرهەم بهێنین، کە توانای داهێنانەکانی بێسنوورن. لەبەر ئەم ڕۆڵە گرنگەی شوێنە لە پەیوەندیدا بە مرۆڤ و ئازادییەوە، بیرکردنەوەی تەلارسازیانە و شوێنهزرین (بیرکردنەوە لە شوێن)، گرنگییەکی زۆر تایبەتیان بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای ئێمە هەیە. بەبێ گرنگیدان بە شوێنهزرین، بەبێ بیرکردنەوە لە مەودا و ڕەهەندەکانی ئازادبوونی مرۆڤ لە بواری تەلارسازی و جادەدروستکردن و بەکارهێنانی فەزای گشتی و تایبەت، بەبێ دروستکردنی دیمەنی ئەندازەیی و خۆپارستن لە هەر جۆرە پیسبوونێکی دیداری، بەبێ بیرکردنەوە لە چۆنێتی گونجاندنی فەزای ئاسمان و هەورەکان لەگەڵ فەزای سەقف و کەشی ناوماڵ، بەبێ دۆزینەوەی هارمۆنی و تەبایی لە نێوان سرووشت و تەلارسازی و سرووشت و مرۆڤ، ناتوانین چێژی ئەو ئازادییە دانسقەیە بکەین، کە مرۆڤ لەپاش ئەو هەموو تراژیدیا زۆرانەی ئەزموونی کردوون، شایان و شایستەیەتی. بە مانایەکی تر، پێویستە هەر ئازادییەکی ڕێژەیی و کاتی بە هۆی دروستکردنەوەی میعماریانە و ئەندازەییانەی نیشتیمانەوە، بەرز بکەینەوە بۆ ئازادییەکی دوورخایەن و ڕەسەن و دانسقە. هەر لەبەر ئەمەشە کە پێویستە گرنگییەکی تایبەت بدرێ بە شوێنهزرین و بیرۆکە تەلارسازی و ئەندازەییەکان.

کاتێك ئەم کتێبە لە فۆرمی وتاردا بڵاو دەکرایەوە، من هێشتا تەییب جەباری شاعیر و ئەندازیارم نەدەناسی، بەڵام بەدوای وتارەکانیدا دەچووم و بیرۆکە و سەرنجەکانیم بەلاوە گرنگ بوون. ئێستاش کە ئەم وتارانە لە شێوەی کتێبدا و لە زنجیرەیەکدا کە تایبەتە بە پڕۆژەیەکی فەلسەفی، بڵاودەکرێنەوە، پێویستە لە چەند خاڵێکدا باس لە گرنگییەکەیان بکەم و کەمێ لەو فەزایە بدوێم، کە ئەمجۆرە بیروبۆچوونانە لەسەر شوێن، دەبەستنەوە بە ئێستای ئێمەوە..

پێش هەموو شتێك، ئەم كتێبە زمانێكی پسپۆڕیانەی هەیە بەڵام بە ستایلێكی ڕۆژنامەیی ئاسان و شەففاف نووسراوە و هەموو خوێنەرێك دەتوانێ چێژی لێوەر بگرێت و لێوەی فێر ببێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕووبەری جوگرافیایی كتێبەكە دەوروبەری شاری سلێمانی و ڕێگاو بانەكانیەتی، بەڵام دەكرێ ئەم جوگرافیا سنووردارەی وتارەكان، وەك نمونەیەك بۆ دەرخستەیەكی ڕۆشنبیریی جیاواز وەر بگرین، كە لەو پەڕی پیشەییبوون و پڕۆفێشناڵیەتی خۆیدا، دەكرێ بۆ خوێندنەوەی شوێن و جوگرافیاكانیتریش سوودیان لێوەر بگیرێ. لەبەر ئەوە زمان و شڕۆڤە و زاراوەكانی ئەم كتێبە دەكرێت یارمەتیدەرمان بن لە هەر شوێنێ كە ئێمە وەك هاوڵاتی و گەڕیدە خۆمان لەو شوێنانەدا دەبینینەوە، كە پێویستە بە چاوێكی تر تەماشای پەیوەندیی مرۆڤ و شوێن بكەین. هەر لەبەر ئەوەش بۆ یەكەمجارە زمانی ئەندازیاری و تەكنیكی لەسەر ڕووبەری نەخشە و پلانە پسپۆڕییەكانەوە، لە ئاستی ڕەمز و هێڵە ئەندازەیی و ماتماتیكیەكانەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ سەر ڕووبەری كتێبێك كە دەشێت بۆ هەر كەس سوودمەندبێت. بۆیە كتێبەكە پڕە لەو زاراوە ئەندازیاری و تەلارسازییە پسپۆڕیانەی، كە لە بواری خۆیاندا ئامرازی پێوانەكردن، دابەشكردن و دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە جۆربەجۆرانەن كە دەبنە هۆی دابینكردنی متمانە و ئاساییش بۆ مرۆڤ، ئەمەش لەو كاتانەدا كە مرۆڤ كەمتر بیر لە متمانە و ئاساییش دەكاتەوە.

كەسێك بە وردی بابەتەكانی ئەم كتێبە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەكەوێ، لە دوای هەر داگیركردنێك و بەكارهێنانێكی بەعسییەكان بۆ شوێن، لە كوردستاندا، بابەتەكانی ئەم بەرهەمە یەكەمین هەنگاوەكان و هەوڵدانێكی جیاوازن بۆ بیركردنەوە لە شوێن، وەك شوێنی دڵنیایی و متمانە و ئاساییش. ئەم جۆری بیركردنەوەیە پێشتر لە ڕۆشنبیریی و كەلتووری ئێمەدا دەگمەنە و ئەم



كتێبە سەرەتایەكی جیدیە بۆ ئەوەی مرۆڤ جارێكی دیكە پەیوەندیی خۆی بە شوێنەوە هەڵبسەنگێنێتەوە. چونكە كاتێك ئێمە بەسەر ڕێگاو بانەكان و لەناو بینایەكاندا دێین و دەچین، كەمتر بیر لەو كێشانە دەكەینەوە، كە بەكارهێنانی هەڵەمان بۆ شوێن، یان تێنەگەیشتنمان لە شوێن، سەرچاوەی دروستبوونیانن. بۆیە بە دیوێكی تردا، ئەم كتێبە چەندە گۆشەنیگای ئێمە لەسەر شوێن دەگۆڕێت، ئەوەندەش پەردە لەسەر ئەو پشێویە هزرییە هەڵدەداتەوە، كە لە وڵاتی ئێمەدا باوە و بۆتە هۆی شێواندنی پەیوەندیی تاكەكەس بە شوێن و سوودوەرنەگرتنی ئامانجدارانەی ئێمە لە شوێن، كە هاوكات بێت بە ئاسوودەیی دەروونی و دابینكردنی زۆرترین ڕێژەی تەندروستی ڕۆحی و جەستەییمان.

تەییب جەبار، بە گیانێكی شیعرییەوە (هەروەك لە ناونیشانی كتێبەكەی و چەند بەشێكی تریشدا دیارە)، بەڵام لە ڕوانگەیەكی ئەندازیارانەوە، كۆی ئەو پرانسییە فەلسەفیانەی پیتاگۆراسیەكانمان بیر دەخاتەوە، كە باس لە هارمۆنی و گونجان و تەبایی دەروونی مرۆڤ دەكەن لەگەڵ و لە شوێندا. ئەگەرچی نووسەر مەبەستی نیە، ڕوانگەیەكی فەلسەفیانە بكاتە خاڵێكی مەنهەجیانەی نوسینەكانی، بەڵام بۆ فەلسەفەكاران ئاساییە، ئەم تێڕوانینانە لەبەر ڕۆشنایی پرانسییە فەلسەفییەكاندا بخوێننەوە. من بۆخۆم ئەم كتێبە وەك بەرگرییەك لە جەستە دەبینم، كە چۆن لەلایەن بیركردنەوەیەكی تایبەت، بەڵام هەڵە، لە شوێن، جەستەی مرۆڤ شێوانی بەسەردا دەسەپێنرێ و شوێن، لە شوێنێكەوە كە دەبوو جەستە ئازاد بكات، دەكرێتە شوێنێك بۆ سنووردارکردنی ئازادیی جەستە و پڕكردنی جەستە و ناخی مرۆڤ بەو ترسانەی كە لە شوێندا، بۆ نمونە لە شەقامێكدا كە بە هەڵە دروستكراوە و ئێمە بەناچاری دەبێت بە خێرایی بەسەریدا بهاژووین، یەخەی دەگرن. تەییب جەبار كۆی ئەو تێڕوانینە هەڵانە بۆ بەكارهێنانی شوێن و دروستكردنی شەقام و بینا و مەلەوانگە و پڕۆژەی

لەمجۆرە، لەو ڕوانگەیەوە مەحکوم دەکات، کە مەترسیداری و ڕیسك بۆسەر ژیانی مرۆڤ زیاد دەکەن. لێرەشەوە، ئەم کتێبە زەخیرەیەکی باشی تێدایە بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی پەیوەندیی شوێن و مرۆڤ و پەیوەندیی مرۆڤ و شوناس دەخەنە بەر باس. ئەو قەیرانانەی نووسەر لە تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ شوێن، پەنجەنوومایان دەکات، ئەو هەڕەشانەی دەستکاریکردنی خراپی سرووشت و شوێنی حەوانەوە، دەیکەنە سەر هەستەکانی مرۆڤ، ئەو توندوتیژییەی لە تێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنانی شوێنەوە، بۆ مرۆڤ دروستدەبێت، هەمان قەیرانەکانی شوناس و ئەو دۆخە دەروونیانەن کە بەهۆی نەگونجان و نامۆبوون لە شوێنە جیاوازەکان، تاکەکەس لە هەر جۆرە پابەندبوونێکی بە خاك و شوێنی لەدایکبوونییەوە، وەڕس دەکەن. کاتێ مرۆڤ ناتوانێ لەو شوێنانەدا کە لێیان دەژی، ئاساییش و متمانە بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە، تووشی قەیرانی ئینتیما بە شوێنەوە، دەبێت و ئیتر ئەو شوێنەی تیایدا دەژی نابێتە شوێنی بەدەستهێنانی شوناس، هەر بۆیەشە مرۆڤ تا سنووری نەفرەت و بەجێهێشتنی شوێنە قەیراناوییەکان، سەری خۆی هەڵدەگرێ.

نووسەری ئەم کتێبە، بە کورتی بەڵام بەردەوام و بە دووبارەکردنەوە، ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ تێکچوونی پەیوەندیی مرۆڤ بە سروشتی دەروبەرییەوە، دەکات و جار و بار بە ستایلێکی گاڵتەجاڕانە و هەندێجار بە گلەیی و زۆرجاریش بە دەنگهەڵبڕین، ئەو "وێرانگوزاریانە" دەخاتە ڕوو، کە لەسایەی ئەزموونکردنی نوێی کوردا بۆ دەسەڵات، سەریانهەڵداوە. دەکرێ زۆر لە بۆچوونەکانی تەیب جەبار بۆ بوارەکانیتریش بگشتێنرێن و ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنرێت، کە سیاسەتێکی قەیراناوی، چۆن دەبێتە هۆی پلاندانانی خراپ و تێکدانی ئەو پەیوەندییە ناسکەی نێوان مرۆڤ و شوێن و گرنگیی شوێن بۆ ناسنامەی تاکەکەس. هەر ئەم دەستکارییە ناشیانەشە لە پەیوەندیی



دوولایەنەی مرۆڤ و شوێن، خود و بابەت، یان جیهانی ناخەکی و جیهانی دەرەکی، کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خودی و خۆیەوە و سەرلێتێکچوونە ڕۆحیی و مەعنەوییەکانی و دروستبوونی گرژی و دوورکەوتنەوە لە هارمۆنی و لێبووردەیی.

ئەگەرچی نووسەر زۆرینەی بیرۆکەکان و خەمەکانی خۆی لە پەیوەندیی مرۆڤ بە شوێنەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەراپای وتارەکانیدا دەر بڕیون، بەڵام من پێشنیار دەکەم خوێنەر لە دوایین بابەتی ئەم بەرهەمەوە دەست بە خوێندنەوەی بکات، کە بەشێوەیەکی راستەخۆتر لەو مەسەلە گرنگانە دەدوێت، کە لە هەمان کاتیشدا وایانکرد ئەم بەرهەمە لە زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکاندا بڵاو بکرێتەوە.

**ڕێبوار سیوەیلی**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**

## ڕێگای سلێمانی/ تاسلوجە

## لە نێوان خزمەتگوزاری و وێرانگوزاریدا

### پێشەکی

ڕێگای (سلێمانی/ کەرکوك)، یەکێکە لەو دوو ڕێگا سەرەکیەی کە شاری سلێمانی بە هەموو ناوچەکانی عێراق و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق دەبەستێتەوە. ئەوەندەی من بزانم سایدە کۆنەکەی ئەم ڕێگایە لە دوا ساڵانی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەن کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بە ناوی کۆمپانیای کات (Cat Company) دروست کراوە. ناوی ئەم کۆمپانیایە لەناو خەڵکدا بە (شەریکەی بەزونە) ناسراوە. ئەم ڕێگایە هەموو پێوەرەکانی ئەندازەی ڕێگاوبانی، چ لە ڕووی جیۆمەتریك و چ لە ڕووی دروست کردن و بنیاتنانەوە تێدا بەکارهێنراوە. ئەم ڕێگایە بەپێی پێوەرەکانی ڕێگای دەرەوەی شار (دەرەشار) دروست کراوە. دروست کردنی هەر ڕێگایەك چ لە ناو شار یاخود لە دەرە شاربێت، کۆمەڵێك پێوەری ئەندازەیی گشتی هەیە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە لەدروست کردنی ڕێگادا ڕەچاو بکرێت وەك:

1. دانانی و مەسح ورەسم کردنی سەنتەر لاین (center line).
2. ڕووپێو و ڕەسم کردنی پرۆفایل (profile) ودیزاینی گرەید لاین (grade line).
3. دانان ورەسم کردنی پانبڕ (مقطع عرضي = cross section)

وردەکاریەکانی تر بۆ هەردوو حاڵەتەکە هەندێ جیاوازییان هەیە.

درێژی ڕێگای (سلێمانی/ کەرکوك) نزیکەی 110کم دەبێت، لە ساڵانی هەشتای سەدەی پێشوو سایدە تازەکە دروست کرا، کە (45کم)ی لەلایەن



بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی سلێمانیەوە جێبەجێ کرا. بەشی سلێمانی لە پردی قلیاسانەوە تا سەری تاسلوجە، سایدە تازەکە لە لای دەستە ڕاستەوەیە، لەسەری تاسلوجەوە تا چەمچەماڵ سایدە تازەکە دەکەوێتە دەستە چەپەوە. ڕێگای (سلێمانی/ تاسلوجە) بەشێکە لە ڕێگای (سلێمانی/ کەرکوك). ڕێگای (سلێمانی/ تاسلوجە) لە مەفرەقی باخی بەختیاریەوە تاکو مەفرەقی تاسلوجە نزیکەی (13کم) دەبێت. وەك وتمان سایدە تازەکە لە دەستە ڕاستە.

### ڕێگای دەرە شار و ڕێگای ناو شار

وەك باسمان کرد ڕێگا لە دەرە شار یان ناو شار بێت، کۆمەڵێك پێوەری ئەندازەیی گشتی هەیە، پێویستە ڕەچاو بکرێت. ئەگەر ڕێگایەك هی دەرە شار بێت و بتەوێت دەستکاری بکەیت و بیگۆڕی بۆ ڕێگای ناو شار، پێویستە کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئەندازەیی وردی تێدا بکەیت و هەروەها بە پێچەوانەوە. ماوەی دوو ساڵ دەبێت لە لایەن دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە دەستکاری ڕێگای (سلێمانی/ تاسلوجە) دەکرێت. خۆی ڕێگاکە ڕێگای دەر شارە و ئێستا ئەو دەستکاریەی لێی دەکرێت نازانم بە چ نیازێکە، چونکە زۆربەی ڕێگاکە تاکو ئێستاش وەك ڕێگای دەر شار بەکاردەهێنرێت، بە رای من ئەو ڕێگایە ئێستا لە حاڵەتی گوزەر دایە، لە ڕێگای دەر شار بۆ ڕێگای ناو شار، دەبوایە بەم شێوەیەی ئێستا دەستکاری نەکرایە و چاوەڕوان بکرایە تاکو باری ئاوەدانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بە تەواوی دەردەکەوت و جێگیر دەبوو. بەڵام دەستکاریەکی سەرەکی لە پرۆگرامی ئەو ڕێگایەدا هەیە دەبوایە ئەوە جێبەجێبکرایە (بڕوانە نەخشەی پانبڕی 1) وەك لە خوارەوە باسی دەکەم. نەك ڕێگاکە بەو شێوە نائەندازەییە سەقەت بکرێت.

## جیۆمەتریکی پانبڕی ڕێگاکە

پانبڕی ئەو ڕێگایە کە لە دوا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا دروست کرا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو: (نەخشەی پانبڕی ژمارە (1)




نەخشەی پانبڕی ژمارە (١)

سەرەتای ساڵی (1980) ڕەزامەندی درا لەسەر جێبەجێکردنی سایدی دووەمی ڕێگای (سلێمانی/ کەرکوك) بەو مەرجەی سایدە تازەکە هاوتەریبی سایدە کۆنەکە بێت، پانبڕی دوو سایدەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو کە بۆ چڕی هات و چۆی ئەو سەردەمە زۆر باش بوو (نەخشەی پانبڕی ژمارە 2)




نەخشەی پانبڕی ژمارە (٢)

جێبەجێکردنی سایدی دووەمی ڕێگاکە لە ناوەڕاستی ساڵی (1980) دا دەستی پێ کرا، بەڵام بە هۆی بارودۆخی شەڕی (عێراق - ئێران) لە هەشتاکانی سەدەی پێشوو و هەڵوێستی شۆڤێنیانەی ئەوسای بەرپرسانی عێراق کە چاویان بەرایی نەدەدا ڕێگای (سلێمانی/ کەرکوك) دوو ساید بێت و ڕێگای (کەرکوك/ بەغدا) یەك ساید بێت، ئیش کردن لە ڕێگاکە چەند جارێك وەستێنرا و زۆر بە پچڕپچڕی ئیشی تێدا دەکرا. کۆتایی ساڵی (1990) پرۆژەکە بە نیوە چڵی جێبەجێکرا و زۆر ئیشی تیا



مابووەوە تەواو بکرێت (جگە لە قیرتاو) و بە هۆی شەڕی کوێتەوە دیسان وەستێنرا، چونکە دەبوایە سایدە کۆنەکەش بکرایە بە (8.25م) وەك سایدە تازەکە، جەزرەی ناوەڕاستیش (10.5م) وەك لە نەخشەی پانبڕی ژمارە (2)دیارە. هەروەها هەردوو شۆستەی ئەمبەر وئەوبەر ڕێکبخرایە و تێکەڵەڕێژ بکرایە، جۆگەی تەنیشتی هەردوولا بە ڕێك وپێکی دروست بکرایە و ئاوی بارانی ڕۆ بکردایە، جەزرەی ناوەڕاست ڕێکبخرایە و هەندێ شوێنی کۆنکریت بکرایە وەك لە سەری تاسلوجە کراوە، لێژایی قەراخ ڕێگاکە (التسريحة الجانبية = side slope) ڕێکبخرایە و لە هەندێ شوێندا دیواری پاڵپشت (retaining wall) دروست بکرایە ولە هەندێ شوێنی دیدا بەردڕێژ (stone pitching) بکرایە. ئیتر بە هۆی شەڕی کوێت و بەرپابوونی ڕاپەرینەوە کار لەو پرۆژەیەدا وەستا و لەوساوە تا ئێستا کارێکی جدی نەکرا بۆ چاککردنەوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێك و جێبەجێکردنی ئەو ناتەواوییانەی پرۆژەکەدا هەبوون. لەو ساڵانەدا حکومەتی هەرێم توانایەکی ماددی وای نەبوو بەو کارە هەڵسێت، ڕێکخراوانی مرۆیی دەیان وت ڕێگاکە هات و چۆی پێدا دەکرێت و پێویست ناکات. ڕێکخراوانی (UN) جدی نەبوون و بە کەیفی خۆیان ئیشیان دەکرد. دوو ساڵە حکومەتی هەرێم پارەی هەیە و هەڵسا ڕێگای (سلێمانی/ تاسلوجە)ی تێکدا و هیچ بەلای ناتەواوییەکاندا نەچوو.

لە کۆتایی ساڵی (1990)ەوە تاکو ئەم دواییە حاڵەتی پانبڕی ڕێگاکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو (نەخشەی پانبڕی ژمارە 3)




نەخشەی پانبڕی ژمارە (٢)

بێگومان ئەم پانبڕە ئەندازەیی نیە، چونکە قیری سایدە تازەکە (8.25م)ە و قیری سایدە کۆنەکە (7م)ە و جەزرەش (11.75م)ە، هەروەها یەکێك لە پێوەرەکانی ئەندازەی ڕێگاوبان ئەوەیە هەمیشە ئاو لە ڕێگاکە دوور بخرێتەوە و بۆ دەری ڕێگاکە ڕۆ بکرێت وبۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تەپینی ڕێگاکە. ئێستا لەم پانبڕە ئاوی سەر قیری سایدە تازەکە بۆ دەری ڕێگاکە سەرف دەبێت و ئاوی سەر سایدە کۆنەکە بەشێکی ڕۆ دەبێتە دەری ڕێگاکە و بەشێکی دەچێتە ناو جەزرەی ناوەڕاست، کە نابێ وا بێت، هەرچەند لە جەزرەی ناوەڕاست بۆ مەنهۆڵەکان و لەوێوە بۆ دەری ڕێگا دەچێت، بەڵام ئێستا کێربستۆن دانراوە ئاوەکە ناچێتە ناو جەزرەکە، بەڵکو لەسەر قیرەکە دەمێنێتەوە و زیان بە ڕێگاکە دەگەیەنێت، ئەگەر ئیمکانیات هەبوایە پێویست بوو لەم چەند ساڵەدا حاڵەتی پانبڕەکە وەك ئەوەی نەخشەی پانبڕی ژمارە (2)ی لێ بکرایە.

ئێستا دوای ئەم دەستکاری کردنە لە لایەن دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە پانبڕی ڕێگاکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهاتووە (نەخشەی پانبڕی ژمارە 4)




**نەخشەی پانبڕی ژمارە (٤)**

ئەم پانبڕەش پانبڕێکی ئەندازەیی نیە و دیمەنێکی زۆر ناشرین و نائەندازەیی داوە بە ڕێگاکە. بەرای من ئەو پارەیەی بۆ ئەو دەستکاری کردنە سەقەتە خەرجکراوە، خەرجبکرایە بۆ ئەوەی پانبڕی ڕێگاکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوایە (نەخشەی پانبڕی ژمارە (5)






**نەخشەی پانبڕی ژمارە (٥)**

پانی هەر سایدێك (10.5م)ە و جەزرەش (6م)ە،واتا هەر سایدێك سێ ئۆتومبیلی پیا دەڕوا، و خزمەتێکی باشی خەڵکی دەکرد و ئۆتومبێلیش باشتر و ئاسانتر هات و چۆی دەکرد و گیانی هاوڵاتیانیش پارێزراوتر دەبوو. ڕێگاکەش وەك ڕێگایەکی دەر شار کاری دەکرد و پێویستی بەو کێربستۆن و بیهارتۆنە نەدەکرد.لەدوا ڕۆژدا کە ئاوەدانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە دەردەکەوت و پێویستی دەکرد ئەو ڕێگایە وەك ڕێگای ناو شار مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەو وەختە کێربستۆن وکۆنکریت بۆ جەزرەکە دابنرێت و تۆڕی ئاوەڕۆ و مەفرەق و پێچکردنەوە و پارکی ئۆتۆمبیل و. ... هتد، بۆ بکرێت و پانبڕەکە بەم شێوەیەی لێ بێت (نەخشەی پانبڕی ژمارە 6)




**نەخشەی پانبڕی ژمارە (٦)**

واتا قیری دوو سایدەکە هەر یەکە (10.5م)ە و جەزرەش (6م)ە، ناو جەزرەکە لە هەر لایەك (1م) کۆنکریت و پێویستی بە بەرزکردنەوە و ئەو هەموو خۆڵە نەدەکرد.

لە رۆژنامە خوێندمەوە لە بەرپرسێکیان پرسی بۆ ئەو رێگایەتان وا تەسك کردەوە و جەزرەکەتان بەرز کردوەتەوە، چونکە گرفتی بۆ هات و چۆ دروست کردووە، وەڵامی دایەوە و وتی (لە دوا رۆژدا هەردوو سایدەکە پان دەکەینەوە)، ئەم وەڵامە هەڵەیە، چونکە فراوانکردنی هەردوو سایدەکە لە رووی دەرەوە ئیش و کاری زۆر دەوێت و پارەی زۆر تێ دەچێت، پێویست دەکات لە هەردوو لاوە قەنتەرەکان درێژ بکرێتەوە و ئیش کاری بڕین و پڕکردنەوەی خۆڵ بە پێوەرەکانی ئەندازەی شارستانی بکرێت، کۆمەڵێك عەمودی کارەبا و تەلەفون و کێبڵ لابەیت و کۆمەڵێك درەختی قەراخ رێگاکە ببڕیتەوە و کۆمەڵێك دیوار و باخچە تێکبدەیت، ئینجا تێکەڵە و قیر بکەیت، بەڵام ئەگەر لە دیوی ناوەوە (دیوی جەزرەکە) فراوان بکرێت پێویست بە هیچ لەو ئیشانە ناکات جگە لە تێکەڵە و قیرتاو و فڕێدانی هەندێ خۆڵی ناو جەزرەکە.

**دەستکاریکردن بە بێ پلان و هەڵەی زۆر**

وەك لە سەرەوە وتمان ئەو دەستکاری کردنە بە بێ پلان بووە و هیچ پێوەرێکی ئەندازەیی تێدا نییە و نازانین بە چی نیازێك کراوە و لە خەرجکردنی بێ سوودی پارە زیاتر هیچ خزمەتێك ناگەیەنێت، ئەمانەی خوارەوە چەند هەڵەیەکن کە لەو ئیشەدا کراوە:

1- ئێستا زۆربەی ئاوی سەر قیری سایدە کۆنەکە لە بن کیربستۆنەکە کۆ دەبێتەوە چونکە لێژایی نیوەی قیرەکە بە رووی جەزرەکەدایە، لە تاسلوجەوە بۆ پردی کەنەکەوە ئاوەکە دەرژێتە بن پردەکە و ساڵێکی تر بنکۆڵی دەکات و زیان بە پردەکە دەگەیەنێت، لە دەواجنەکەوە بۆ باوەمردە لە بەر ئەوەی لێژایی درێژی رێگاکە زۆر کەمە و ئاوەکە دەبێتە گۆلاو و رۆ نابێت، بۆیە زیان بە رێگاکە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی روودانی پێکدادان و وەرگەڕانی ئۆتومبێل.



2- پێویستی نەدەکرد ئەو هەموو کێربستۆن، بیهارتۆن، بلۆك ومونەی چیمەنتۆیە بەکاربهێنرێت و جەزرەی ناوەڕاست (70سم) بەرز بکرێتەوە، چونکە وەك وتمان ئەو رێگایە نە بە تەواوی رێگای دەر شارە و نە ناو شار، خەڵکی پیادە و مەڕ ومالاَت ناتوانن لە رێگاکە بە ئاسانی بپەڕنەوە.

3- لە سەرەتاوە کە دەست کرا بە دەست کاری کردنی جەزرەکە، بیر لە دروست کردنی شوێنی پێچ کردنەوە (U-turn) نەکرابوەوە لەم دواییە دەستیان پێ کرد. بەڵام دەست نیشان کردنی شوێنی پێچ کردنەوە بێ پلانە، چونکە لە دوا رۆژدا دەبێت ئەو پێچکردنەوانە بەپێی پێویستی دوا رۆژ جێبەجێبکرێت. واتا هەموو ساڵێك تێکدان و دروست کردن.

4- هەروەها لە سەرەتادا بیر لە شوێنی پەڕینەوەی پیادە نەکرابوو، وابزانم لەسەر داوای خەڵك نەك بە بیر وپلانی خۆیان ئێستا لە چەند شوێنێك دروستیان کردووە، بێ گومان ئیشەکەیان تێکدا ئینجا دروستیان کرد. شایەتیم ئەوەیە ئێستا بڕۆ شوێنی پەڕینەوەی پیادە هەڵبدەرەوە بۆری ئاو بە پارچە عەکسی بۆری نوشتاوەتەوە خوارەوە و بە ژێر شوێنی پیادەدا تێپەڕیوە و پاشان بەپارچە عەکسی بۆری دی سەرخراوەتەوە بۆ سەرەوە.

5- لەبەر ئەوەی ئەوان نیازی کیربستون و بیهارتۆنیان هەبوو، دەبوایە مەنسوب و سەنتەرلاینی کۆنکریتی ژێر کیربستۆنەکەیان رێکخستبا، بۆ ئەوەی جوان و رێك دەرچوایە نەك رێگاکە چەند بەرزی و نزمی وخوار وخێچی تێکەوتووە هەر وا دروستی بکەن. ئێستا کێربستۆنەکە و بیهارتۆنەکە شەپۆلی ستونی و ئاسۆیی (تموجات عمودية و افقية) زۆر تیایە، کە ئەمە لە روی جوانکاری و ئەندازەییەوە پەسەند نەکراوە، واتا شتێکی سەقەت و ناشرین کراوە.

6- ریزە بیهارتۆنی سەرەوە هیچ پشتێکی نیە و هەموو کاتێك قابیلی کەوتنە، هێشتا ئیشەکە تەواو نەبووە، ئەم ساڵ زۆر لەو ریزەی سەرەوە بە با و بۆران کەوت.

7- خۆڵی ناو جەزرەکە زۆر لە بیهارتۆنەکە بەرزترە، کە باران دەباریت هەموو قوڕاوی ناو جەزرەکە دێتە سەر قیرەکە و بیهارتۆنەکەش قوڕاو داپۆشیوە. قوڕاوی سەر قیرەکە مەترسی زۆر بۆ هات و چۆی ئۆتومبیل و سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان دروست دەکات.

8- بێ سەر و بەری لە ئیش کردندا، بەوەی بە کەیفی خۆیان لم و کیربستۆن و مەوادی تر لە سەر هەردوو لای ڕێگاکە بەشەو و بەرۆژ بڵاو دەکەنەوە و هیچ بیر لە سەلامەتی گیانی خەڵك ناکەنەوە و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆش نقەی لێوە نایەت، ئەوەندەی من ئاگادارم تا ئێستا (20 تا 25) کەس گیانیان لەدەست داوە بە هۆی ئەوەی ئەو مەوادانە بونەتە هۆی پێکدادان و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان. (ئەرێ بەڕاست کێ بەرپرسە لە گیانی هاوڵاتیان؟؟) (ئەرێ بەڕاست کەس وکاری ئەو هاوڵاتیە مردوانە بۆ شکات لە بەر پرسان ناکەن؟؟).

9- تەسك بوونەوەی ڕێگاکە و بە تایبەت سایدە کۆنەکە کە قەرەباڵەغیەکی زۆری لە هات و چۆدا دروست کردووە، کە هەر ڕووداوێك روو بدات ڕێگاکە دادەخرێت. جاری وا هەیە لە تاسلوجەوە تا سلێمانی سەعاتێك زیاتر دەخایەنێت.

10- بیهارتۆنی پشت کێربستۆنەکە بە پانی (50سم) دەبێت، هەر چەند ئەمە زۆر کەمە، لە هەندێ شوێندا لێژاییەکەی باشە دەتوانی لەسەری بوەستی ولە هەندێ شوێنیشدا لێژاییەکەی ئەوەندە زۆرە نەك پیاو پشیلەش خۆی پێوە ڕاناگرێت.

11- دەبوایە ئاستی خۆڵی ناو جەزرەکە لە ئاستی بیهارتۆنەکە نزمتر بوایە. کۆمەڵێك نەمامیان چاندوە، نازانم هی چی درەختێکە. پێویستە گەڤەڵی درەختی ناو جەزرە بەرز بێت بۆ ئەوەی فەزا نەکوژێت و بەرچاو نەگرێت.



## پرۆژەی خزمەتگوزاری و پرۆژەی وێرانگوزاری

بە پێی ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەم پرۆژەیە (جەزرەیە) پرۆژەیەکی نائەندازەیی و ناشیرینە، هیچ خزمەتگوزارییەك ناگەیەنێت جگە لە دروست کردنی کۆسپ و گرفت بۆ هات و چۆی پیادە و ئۆتومبیل و دروست کردنی مەترسی بۆ گیانی هاوڵاتیان تەنانەت گیان لەدەست دانیش، هەروەها سەرف کردنی پارەیەکی زۆر بێ ئەوەی یەك زەڕە سود بگەیەنێت. ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێت خزمەتی هاوڵاتیان بکات و سودیان پێ بگەیەنێت و پارە بە فیڕۆ نەڕوات و تەخشان و پەخشان نەکرێت، من سێ پرۆژەیان پێ دەڵێم کە دەبوایە ئەو پارەیە بۆ ئەو پرۆژانە خەرج بکرایە نەك بۆ تێکدانی جەزرەی ناوەڕاست، پرۆژەکانیش هەر لە دەور وبەری ڕێگای (سلێمانی/ تاسلوجە)ن و ئەو پارەیەشی تێناچێت و راستەو خۆ خزمەتی هاوڵاتیان دەکات و پرۆژەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1- دەبوایە حکومەتی هەرێم لە بری ئەو پرۆژەیە شۆستەی هەردوو لای ڕێگای (سلێمانی/تاسلوجە) ی تێکەڵە ڕێژ بکردایە بۆ خزمەت و سەلامەتی هاوڵاتیان. من ئامادەم هەر بەرپرسێك بیەوێت ناتەوای ئەو شۆستانە ببینێت لە تاسلوجەوە لەگەڵی دێم تا سلێمانی و ناتەواویەکانی پیشان دەدەم. لەسەیتەرەکەوە بۆ پردی کەنەکەوە شۆستەکە (20سم) لە قیرەکە نزمترە و دەیان چاڵی تیایە و ئۆتومبیل بە زەحمەت دەتوانێت لابداتە سەر شۆستەکە. جۆگەی تەنیشت پڕبوەتەوە. بە شۆفڵ لێژایی قەراخ ڕێگاکە تێکدراوە. لە پردی کەنەکەوە تاکو سلێمانی شۆستەکە سەدان چاڵ وچۆڵی تیایە وەك خەڵك دەڵێت بووە بەتەبەقی هێلکە، لە وەختی باراندا دەبێتە گۆلاو، ئۆتۆمبێل لە هەموو شوێنێك ناتوانێت لا بدات، تەنانەت کە لە پردی کەنەکەوە دەپەڕیتەوە بە (20م) شۆستەکە هەرەسیهێناوە و گەیشتوەتە بن قیرەکە و شۆستە نەماوە. من نازانم بەرپرسانی ئێمە بۆچی

هەر جەزرەی ناوەڕاست دەبینن و هەرەس وچاڵ وچۆڵی شۆستە نابینن. چاککردن و تێکەڵە ڕێژ کردنی ئەو شۆستانە (1/100) یەك لەسەر سەدی پارەی پرۆژەی جەزرەی ناوەڕاستی تێ ناچێت، پرسیار ئەوەیە؟ بۆ بەرپرسانی ئێمە جەزرەی ناوەڕاست دەشێوێنن و شۆستە چاك ناكەن؟

2- ئەو ڕێگایە ماوەی پانزە ساڵە چاککردنەوەیەکی ئەندازەیی ڕێك و پێکی بۆ نەکراوە، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد زۆر بڕگەی ڕێگاکە ماوە و تەواو نەکراوە، لە تاسلوجەوە تاکو چەمچەماڵ زۆربەی جۆگەی تەنیشت پڕبوەتەوە و پێویستە پاك بکرێتەوە، چونکە لە کاتی باران بارینداا ئاوی سەر ڕێگاکە و دەورو وبەری هەر لە سەر ڕێگاکە دەڕوات و مەترسی بۆ هات و چۆ و گیانی هاوڵاتیان دروست دەکات و هەموو زستانێك چەندین ڕووداوی وەرگەڕان و پێکدادان روو دەدات و بە تایبەت لە مەفرەقی دێلێژە بۆ گۆپاڵە، تەنانەت لە بەرامبەر باینجان (لێژایی قەراخ) ڕێگاکە هەرەسی هێناوە و جۆگەی تەنیشت پڕبوەتەوە و چەند قەنتەرەیەکیش گیراوە و قوڕ و خۆڵی ناو جۆگاکە یەك مەتر لە قیرەکە بەرزترە، هەروەها مەنهۆڵی زۆربەی قەنتەرەکان گیراوە و باراناو بە هەردوو لای ڕێگاکەدا شۆڕ دەبێتەوە. باشە چاککردنی شۆستە و جۆگای تەنیشت و لێژایی قەراخ ڕێگا و پاککردنەوەی مەنهۆڵ و قەنتەرە خزمەت بە هاوڵاتیان دەگەیەنێت، یان پڕ کردنەوەی جەزرەی ناوەڕاست بە هەزاران گەڵابە خۆڵ!؟ با بەرپرسان وەڵام بدەنەوە.

3- شارۆچکەی تاسلوجە هەر بە تەنیشت ڕێگای (سلێمانی - تاسلوجە)وەیە. ئەم زستانە بۆ پرسەیەك چووم بۆ ئەو شارۆچکەیە، ڕێگایەکی سەرەکی و کۆمەڵێك کۆڵانی هەیە و ئەو مزگەوتەی پرسەکەی تیا بوو لەوسەر ڕێگا سەرەکیەکەیە. تاق بەیانی ڕۆیشتم تازە پرسەکە دانرابوو. کابرای خاوەن پرسە شۆفلێکی بە کرێ گرتبوو بەشێکی ڕێگا سەرەکیەکەی لە قوڕ و زبڵ و



خاشاك پاك دەکردەوە و دەیدایە پاڵ دیواری ماڵەکان بۆ ئەوەی ئۆتومبیلی پرسەکاران بگاتە مزگەوتەکە، ژن و پیاویشم دەبینی بە کۆڵ منالّیان دەبرد بۆ مەکتەب، چونکە ئەوەندە قوڕ و لیتە و زبڵ لە کۆڵانەکاندا کۆببوە منداڵان خۆیان نەیان دەتوانی بەپێی خۆیان بڕۆن بۆ مەکتەب، تەنانەت هەر لەو ڕۆژانەدا لە یەکێك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ناوخۆوە گوێم لە خەڵکی تاسلوجە بوو کە داد و بێ دادیان بوو لە دەست قوڕو لیتە و گواستنەوەی منداڵ بە کۆڵ لە ماڵەوە بۆ مەکتەب و لە مەکتەبەوە بۆ ماڵ. باشە بەرپرسانی ئێمە خەڵکی تاسلوجە بە مرۆڤ دەزانن؟ بە کوردیان دەزانن؟ ئەی بۆچی خزمەتیان ناکەن؟ بۆ پارە هەیە بۆ کیربستۆن، بیهارتۆن، بلۆك، بۆری ئاو، عەمود، کێبڵ، خۆڵ و نەمام بۆ تێکدانی ڕێگای سلێمانی/ تاسلوجە!؟ بەڵام پارە نیە بۆ پاك کردنەوەی کۆڵانەکانی شارۆچکەی تاسلوجە و دروست کردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاوکردنی کۆڵانەکانیان. ئەگەر مرۆڤێك لە ناو قوڕ و لیتە و زبڵ و خاشاك بژی و بەخێو بکرێت دەبێ چۆن مرۆڤێکی لێ دەربچێت؟من ناحەقی خەڵکی تاسلوجە ناگرم ئەگەر هەموویان بەجۆرێکی دیکە لە ئینتیمای خۆیان بە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بکەنەوە. ڕێزم هەیە بۆ خەڵکی تاسلوجە. بەرپرسانی ئێمە بیهارتۆنی سەوز و سور دەکڕن و لە شوێنی نابەجێ بەکاری دەهێنن کە خەڵك سودی لێ نابینێت، بەڵام ناتوانن شۆستەکانی جادەی پیرەمێرد و گۆران و مەولەوی و. .هتد، کە خەڵکی سودی لێ دەبینن و دیمەنی شارەکەش جوان دەکات و قوڕاوی ناو جەزرەش دایناپۆشێت. پارەیان نیە شارۆچکەی تاسلوجە پاك بکەنەوە و تۆڕی ئاوەڕۆ دروست بکەن و جادە و کۆڵانەکان قیرتاوبکەن.

ئەم پرۆژە و چەندین پرۆژەی تر هەن پرۆژەی خزمەتگوزاری نین،بەڵکو پرۆژەی وێرانگوزارین، باشە هەزاران گەڵابە خۆڵ بۆ جەزرەی ناوەڕاستی ڕێگاکە

کە هیچ سودی نیە و زەرەر بە ڕێگاکە دەگەیەنێت واتا هەزاران گەلآبە دینار بە بەلاش ڕۆیشت. (26000)بیست و شەش هەزار مەتر درێژی کێربستون، بیهارتۆن، بلوك و مونەی چیمەنتۆ واتا (26000) بیست شەش هەزار گەلآی (100)سەد دۆلاری بۆ تێکدان و شێواندنی ڕێگایەك و خزمەت نەکردنی خەڵك و گاڵتە کردن بە میللەت. باشە (26000) بیست وشەش هەزار مەتر درێژی بۆری ئاو (13000) سیانزە هەزار مەتر کێبلّ (260) عەمودی کارەبا، من ئەوەندە دەڵێم حاڵی ئاو و کارەبای سلێمانی و شارۆچکەکانی زۆر جوانە، ئێستا ئێوە بۆ ئاو و کارەبا بۆ جەزرەی ناوەڕاستی ڕێگایەکی دەر شار رادەکێشن؟. پشت کردن لە میللەت باش نیە .

ئێستاش پرۆژەکە تەواو نەبووە و ئەوەی کراوە رۆژ بە رۆژ وێران دەبێت.من تکا دەکەم لە بەرپرسان، ئەو جەزرەیە لابەن، ئەگەر دەتانەوێت خزمەت بەخەڵکی بگەیەنن نەخشەی پانبڕی ژمارە (5) جێبەجێ بکەن یان ئەو سێ پرۆژەیەی سەرەوە کە باسم کرد. بەڵام گەر بەرپرسان سورن لەسەر تەواو کردنی ئەو پرۆژەیە ئەوە من خاوەن قسەی خۆمم و ئەمڕۆ نەبێ بەیانی، بەیانی نەبێ دووبەیانی.. سێ بەیانی. . پێنج ساڵی تر.. دە ساڵی تر..، هەر بەرپرسێك دێت ئەو جەزرەیە ڕامالێت، چونکە ئەو جەزرەیە غەڵەت و وێران گوزارییە[*].



## چل مناڵم، چل پەنجەم، هەشتا چاوم
## چل (مەسبەحی وشک)ی بێ ئاوم

مەلەکردن یەکێکە لە وەرزشە باشەکان بۆ تەندروستی لەشی مرۆڤ، دروست کردنی مەلەوانگەش کارێکی زۆر باشە، ئەگەر بە تەواوی مواسەفات دروست بکرێت. جاران مرۆڤ لە گۆلاوی جۆگە ئاو و گوێی چەم و روبار و قەراخ دەریا مەلەی دەکرد. پاش پێشکەوتن و بەرەو پێشەوەچونی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، هەڵسا بە دروست کردنی مەلەوانگەی تایبەت یان گشتی بەپێی پێوەری ئەندازەیی و تەندروستی و ڕێکخستن و کۆنترۆل کردنی پاکی و پلەی گەرما و ... هتد.

ئەوەندەی من بزانم ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو لە شاری سلێمانی و دەوروبەری یەك مەلەوانگەی گشتی سەر کراوە لە سەرچنار هەبوو و لە کۆتایی هەشتاکانیش یەك مەلەوانگەی گشتی سەر کراوەی تر لە باخچەی نەورۆز لە سەرچنار کرایەوە، دوای ڕاپەرینی (1991) دروست کردنی مەلەوانگەی تایبەتی وگشتی برەوی سەند، چەندین کەس لە ماڵەکەی خۆیدا مەلەوانگەی تایبەتی بۆ خۆی و خێزانەکەی دروست کردووە، هەروەها چەندین مەلەوانگەی گشتی دروست کرا، کە لە هەفتەیەکدا یەك دوو ڕۆژی بۆ ژنانە و باقی ڕۆژەکانی تریش بۆ پیاوانە، وەك مەلەوانگەی (پارکی ئازادی، دۆلفین، تەلاری شار، میهراکۆ، یاریگای چوارباخ. ... هتد)، و ئەم مەلەوانگە گشتیانە هەمویان سەر داپۆشراون و کۆمەڵێك پێوەری ئەندازەیی و تەندروستی مەلەوانگە و پاکێتی تێدا ڕەچاو کراوە و خەڵکێکی زۆر رووی تێ دەکەن. پێش دوو ساڵ حکومەتی هەرێم هەڵسا بە دروست کردنی چل مەلەوانگە لە کۆڵان و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری. ساڵێك زیاترە ئەو مەلەوانگانە تەواو بوونە، بەڵام دەرگاکانی قفڵی

لێدراوەو و بەکار ناهێنرێن، چونکە ناتەواویان زۆرە. ئەو مەلەوانگانە پێکهاتووە لە چاڵێك بە رووبەری (9.5م× 14م)، دیواری بۆ کراوە و لە رووی چاڵەکەوە بە کاشی روپۆش کراوە. هەروەها بنی چاڵەکەش دوو پەیژەی بە بۆری بۆ کراوە بۆ دابەزینە ناو چاڵەکە. دەوری چاڵەکە بە پانی (1.5م تا 2م) بە کاشی موحەفەر داپۆشراوە. یەك ژور زەمینی بۆ کراوە گوایە بۆ دەزگای پاك کردنەوەی ئاوە، دەوری مەلەوانگەکە بە درێژی (18م) و بە پانی (15م) بە بۆری و تەلی BRC پەرژین کراوە بە بەرزی (3 م تا 4م)، قوڵایی مەلەوانگەکان (1.10 م بۆ 2 م)ە مەلەوانگەکان سەرکراون.

ئەم پرۆژەیەش یەکێکە لە پرۆژە وێرانگوزاریەکانی حکومەتی هەرێم لەبەر ئەم هۆیانەی خوراەوە:

1. هێشتا باری کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێمە هی ئەوە نیە لە ناو کۆڵان و گەڕەك و بازاڕدا مەلەوانگەی سەر کراوەی تێدا دروستبکرێت.
2. شار و شارۆچکەکانی ئێمە پێویستیان بە قوتابخانەیە نەك مەلەوانگەی سەر کراوە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی، ئێستاش قوتابخانە نیە سێ دەوامی تێدا نەکرێت.
3. ئەم مەلەوانگانە تاکو ئێستا سەرچاوەی ئاویان نیە، ئەگەر بەکار بهێنرێن دەبێت بە تەنکەر ئاویان تێ بکرێت، شوێنی بەتاڵ کردنیشیان نیە، ئەگەر بەتاڵ بکرێن دەبێت بە سەتڵ یان بە پەمپ و سۆندە ئاوەکە بڕژێنیتە ناو کۆڵان و ماڵانەوە یاخود بە تەنکەری پەمپدار بەتاڵیان بکەی (ئەمە تەڵەیە یان مەلەوانگەیە).
4. ئایا لە توانای حکومەتی ئێمەدایە هەفتەی دوو جار ئەو مەلەوانگانە پڕکات لە ئاو و بەتاڵیان کاتەوە
5. مەلەوانگەکان ژوری جل گۆڕینیان تێدا نیە.



6. ئەم مەلەوانگانە ئاودەستیان بۆ دروست نەکراوە. ئەگەر مەلەوانێك ویستی میز بکات، ئەوا دەبێت بیکاتە ناو ئاوەکەوە یاخود بە بەرچاوی خەڵکیەوە لە کۆڵان میز بکات. ئەگەر لە میز زیاتر بوو، ئەوا دەبێت بە رووتی و تەڕی بڕوات بۆ نزیکترین مزگەوت یاخود لە دەرگای ماڵان بدات.
7. حەوزی پەرمەنگەنات و تەعقیمیان نیە.
8. لە وڵاتی ئێمە مەلەوانگەی سەر کراوە پڕ دەبێت لە خۆڵ و تۆز و نایلۆن وکاغەز. ... هتد.
9. ئەو مەلەوانگانە لەناو شارەکاندا دروست کراوە، بەڵام هیچ ئەنجومەنێکی شارەوانی ئاگای لە کەین و بەین و چۆنێتی دروست کردنی نیە، تەنها زەویان بۆتەرخان کردووە و تاکو ئێستاش ئیستیلامیان نەکردووە، تەنانەت ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ئاگایان لە بڕیاری دروست کردنی ئەو مەلەوانگانە نیە، هەروەها هیچ وەزارەتێك ئاگای لێ نییە!
10. تا ئێستا کەس نازانێت ئەو مەلەوانگانە چی دەزگایەك سودی لێ دەبینێت (الجهة المستفيدة).
11. تا ئێستا کەس نازانێت کێ سەرپەرشتی ئەو مەلەوانگانە دەکات و هەروەها کێ چاککردنەوەو بەڕێوەیان دەبات.
12. هەر پرۆژەیەکی ئەندازەیی کە جێبەجێ دەکرێت، دوای تەواو بوون و وەرگرتنی لە لایەن دەزگای سودمەندەوە، ماوەیەکی چاککردنەوەی هەیە (شەش مانگ، ساڵێك. .هتد) و دەبێ لە ماوەی چاککردنەوەدا پرۆژەکە کاری پێ بکرێت بۆ ئەوەی هەر ناتەواویەك دەرکەوت لایەنی جێبەجێکەر چاکی بکاتەوە. بەڵام ئەم مەلەوانگانە ماوەی چاککردنەوەیان تەواو بوو و بەکار نەهێنران. ئەگەر رۆژێك بەکار هێنران و نا تەواوی هەبوو، کێ بەرپرسە لەو ناتەواویانە؟.

13. لەم بارانە بەهێزەی ئەم دواییەدا، ئەو مەلەوانگانە تا نیوە ئاویان تیا کۆبووەوە و ئێستا پڕ بوونە لە خۆڵ و تۆز و قوڕ ونایلون وکاغەز ولەتەدار و ...هتد. و بۆگەنی کردووە و بوونە بە سەرچاوەی نەخۆشی بۆ خەڵکەکە و پیس بوونی ژینگە.

من سەیرم لەم بەرپرسانەی ئێمە دێت ئەگەر پرۆژەیەك دروست بکرێت و بەکار نەهێنرێت بۆ دروستی دەکات !؟. مەلەوانگەی بێ ئاو واتا مەلەوانگەی وشك، ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی هیچ میللەتێکدا نیە. لە خوا بە زیاد بێت بەرپرسەکانی ئێمە زاراوەی (مەلەوانگەی وشك) یان بۆ داهێنایین. لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار لای خەڵك دروست دەبێت. باشە بۆچی (40) چل مەلەوانگەی وشکیان نەکردە (20) بیست مەلەوانگەی تەڕ و بە کاربێت و خزمەت بگەیەنێت. یاخود چوار مەلەوانگەی گشتی گەورە بەپێی پێوەری ئەندازەیی و سەرداپۆشراویان دروست بکردایە، بۆ نمونە (2) دوو لە سلێمانی و (1) یەك لە رانیە و (1) یەك لە هەڵەبجە، باشتر نەبوو؟ بەرپرسەکانی ئێمە پرۆژەی خزمەتگوزاری ناکەن، بەڵکو پرۆژەی وێرانگوزاری دەکەن، پرۆژەیەك دەکەن کە بەکارنەهێنرێت، چونکە پرۆژەی بەکارهێنراو ناتەواوییەکان دەردەخات.

من سەیرم لێ دێت بەرپرسەکانی ئێمە ئەو هەموو خەڵکەیان دا بە شەهید کردن و کوردستانیان دا بە وێران کردن. ئێستا بۆ پاداشتی کەس و کاری شەهیدان مەلەوانگەی وشکیان بۆ دروست دەکەن. بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی وێرانکراو مەلەوانگەی وشك دروست دەکەن، باشە ئەگەر لە جیاتی ئەو چل مەلەوانگەیە چل خانویان لە لادێیەکی روخاودا دروست بکردایە باشتر نەبوو (ئەو لادێیانەی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا پشت و پەناگە و جێ حەوانەوەیان بوون). بەپێی بەڕێوەبەرێتی ئاماری سلێمانی، لە شاری سلێمانی (127000) سەد و بیست و حەوت هەزار خێزان و (68000) شەست و هەشت هەزار خانو هەیە، واتا (59000) خێزان بێ خانووە، باشە بەرپرسەکانی ئێمە



بۆ ئەو چل مەلەوانگەیەیان نەکرد بە چل خانوو لە سلێمانی !؟ بیدەن بەخەڵکی هەژار بە کرێ یان بێ کرێ، نایکەن، چونکە بەرپرسەکانی ئێمە چاویان بەرایی نایەت کە خەڵك خاوەن خانووی خۆی بێت. خەڵك دەپرسێ و بەرپرسەکانمان چاك دەزانن کە ئێمە کێشەی مەلەوانگەمان نیە؟؟؟، ئێمە کێشەی خانوی نیشتەجێ بوونمان هەیە. کێشەی بینای قوتابخانەمان هەیە.

مەترسی ئەم مەلەوانگانە لەوەدایە کە تەشەنە دەکات و ڤایرۆسی هەیە. دەڵێن ئێستا لە ئیسکان و رەحیمئاوای کەرکوك سێ مەلەوانگەی وشك لە جێبەجێکردندایە و لە بەرنامەدایە چوار پێنجێکی تر دروست بکرێت، داواکارم لەبەرپرسانی کەرکوك و بەتایبەت بەڕێز پاریزگاری کەرکوك کە بەر لەو ڤایرۆسە بگرن، چونکە کەرکوك خۆی کەم وشك نیە، مەلەوانگەی وشکیشی بێتە سەر.

بە پێی ئەو خاڵانەی سەرەوە بێت پارەی ئەو چل مەلەوانگەیە بە فیڕۆ رۆیشت، باشە ئێمە بەرپرسێکی بە ویژدانمان نیە بپرسێتەوە و بڵێ: ئەرێ بۆ پارە بە فیڕۆ دەدەن بۆ پرۆژەی وێرانگوزاری؟ ئەی بۆ پارە سەرف ناکەن بۆ پرۆژەیەك خزمەت بە خەڵکی هەژار و داماوی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت.

لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتای سەدەی رابردودا حکومەتی بەعس، لەسەر کوردایەتی، چل منالی خەڵکی شاری سلێمانی لە ناو قەفەسێکی سەیارەی سجندا لە رێگای (سلێمانی/ بەغدا) سوتاند. کاك شێرکۆ بێکەسی شاعیر بە شیعرێکی بەرز " سوتماك " ئەو کارەساتەی زیندو راگرت و دوای راپەڕینش کاك بهجت یەحیای هونەرمەند کردی بە گۆرانیەکی خەم ئامێزی سەرکەوتوو. دەڵێن گوایە بەرپرسەکانی ئێمەش بۆ بەرز راگرتنی یادی ئەو چل منالە بڕیاریاندا چل (مەلەوانگەی وشك) یان بۆ دروست بکەن. بۆیە منیش لە سەر وەزنی ئەو شیعرە وسۆزی ئەو گۆرانیە ناونیشانی نووسینەکەم کردە:

(چل منالم، چل پەنجەم، هەشتا چاوم. .... چل "مەلەوانگەی وشك"ی بێ ئاوم) [**].

# پرۆژەی (مەسرەفی جێب)

(مەسرەفی جێب) بە کوردی واتا خەرجی گیرفان. لای ئێمەی کورد و لای میللەتانی تریش، خەرجی گیرفان ئەوەیە، تۆ هەفتەی جارێ، دوو جار، سێ جار دەچی بۆ بازاڕ، سواری پاس دەبی، پارەی پاس دەدەی، لە بازاڕدا دەسوڕێیتەوە، شەربەتێك دەخۆیتەوە پارە دەدەی، رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دەکڕیت پارەکەی دەدەی، لەگەڵ دوو برادەردا دەچیتە چایخانەیەك و سێ چا دەخۆنەوە پارەی چاکان دەدەی یاخود یەکێك لە برادەران پارەکە دەدا، پاشان سواری پاس دەبیت و پارەی پاسەکە دەدەیت و بۆ ماڵ دەگەڕێیتەوە. ئەو خەرجییەی لەم چونە بازاڕەدا خەرجی دەکەیت، هەمووی نزیکەی (1500) دینار دەکات واتا (10) دیناری سویسری یاخود (1 یەك دۆلار)، شتێ کەمتر یان زیاتر.

خەرجی گیرفان یاخود خەرجی بازاڕ زاراوەیەکە لای خەڵکی ئاشنایە، (مەسرەفی جێب) لای خەڵکی زاراوەیەکی نائاشنایە، بەڵام لای بەرپرسان زۆر ئاشنایە، دەمێکە بەکاری دەهێنن و خەڵکی لێی بێ ئاگایە. ئەم بەرپرسانەی ئێمە زۆر زیرەکن لە داتاشینی زاراوەدا، وەك (مەلەوانگەی وشك، جەزرەی گوێن، بەنداوی وشك، مەسرەفی جێب، بەند با. ... هتد).

بێگومان زاراوەی (پرۆژەی مەسرەفی جێب) خەڵك نازانن مانای چییە، بەڵام بەرپرسەکان زۆر شارەزایانە بەکاری دەهێنن و جێبەجێی دەکەن.

(مەسرەفی جێب)ی بەرپرسان، وەك خەرجی گیرفانی هاوڵاتی ئاسایی نییە، چونکە ئەوان ناچنە بازاڕ، سواری پاس نابن، ناچنە چایخانە، رۆژنامەش ناخوێننەوە. (مەسرەفی جێب)ی بەرپرسان جۆرێکی ترە، وەك (چاککردنەوە و تازەکردنەوەی خانوی ماڵی ئاوەڵزاوا لەگەڵ دوو ژوری زیادە لە قاتی سەرەوە بۆ



منداڵان، مەسرەفی دەعوەتی هەفتانەی برادەران لە ئەبو سەنا یاخود سلێمانی پالاس، مەسرەفی سەفەری ئەوروپای ژن برا، مەسرەفی چون و گەڕانەوە و دەرمان و دکتۆر بۆ چارەسەری لووی سەری دایك لە ئەمەریکا، فەرقی نرخی گۆڕینی مۆدیلی سەیارەی ماڵە خەزور. ...هتد). هەمیشە (مەسرەفی جێب) زیاد لە پێویستە، لای بەرپرسانی هەندەرانی ئەوی زیاد بێت دەیکەن بە دۆلار و دەینێرن بۆ بانکەکانی هەندەران، لای بەرپرسانی خۆماڵیش ئەرزەی بە دۆنم پێ دەکڕن. مقۆ مقۆیەك لە ناو خەڵکدا پەیدا بووە، دەڵێن: گوایە بەرپرسان بە نیازن شاخ بکڕن ! بڕیاریان داوە، شاخی حەمرین بۆ میللەت بێت و ئەودوای شاخەکانیش وەك (پیرەمەگرون، گارا، سەفین، سەگرمە، کاروخ، هەندرین، قەندیل، ئاسۆس، بەرانان. ... هتد) یەك یەك خۆیان بیکڕن و لوتکە بە لوتکە لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن.

پرۆژەکانی (مەسرەفی جێب) زۆرن، گەورە و بچوك و مامناوەندیان هەیە، با من باسی یەکێك لەو پرۆژانەی (مەسرەفی جێب)تان بۆ بکەم، کە لە پرۆژە هەرە بچووکەکانە. چاك لە بیرمە ناوەڕاستی ساڵی (1999) بوو، لەگەڵ چەند برادەرێکدا داوایان لێکردین بۆ کەشف کردنی شوێنی پرۆژەیەك لەسەر گردەکەی پشت تەنکی ئاوەکەی تووی مەلیك. کە سواری سەیارە بووین خەمی ئەوەمان بوو، ئایە بەم سەیارە بەرازیلییە دەگەینە سەر ئەو گردە؟ ئایە رێگا هەیە؟ یان لە سەر جادە شەستییەکەوە دەبێ بە پێ بڕۆین. کە نزیکبوینەوە لەو شوێنەی دەبێ بۆ گردی پشت تەنکییەکە لابدەین (بەرامبەر بارەگای بزوتنەوەی ئیسلامی)، بینیم کۆمەڵێك مەکینە (شۆفڵ، بلدۆزەر، گریدەر، رۆڵە، گلابە. ... هتد) ئیش دەکەن، رێگایەکیان لێداوە لە سەر شەست مەترێکەوە تاکو پشت گردەکە و بە بناری گۆیژەدا، هەمومان وتمان ئۆخەی خۆ رێگا دروست دەکەن. بە بەرازیلییەکە تاکو بن ملی گردەکە رۆیشتین، کە دابەزیم بینیم

ئەندازیارێکی برادەری خۆم سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکات، دوای سڵاو وچاك و چۆنی پرسیم ئەوە چی دەکەن؟ وتی ئەم ڕێگایە دروست دەکەین لە شەست مەترێکەوە بۆ پشت گردەکە و بە بناری گۆیژەدا و بە ڕێگای (سلێمانی/ چوارتا) دەیبەستینەوە (ناوی ئەندازیارەکە و ئەو دەزگایەی کاری تیا دەکرد، لە بیرمە). لەم پێشەکییە مەبەستم ئەوەیە ئەم ڕێگایە کە درێژی (2.4کم)ە، ناوەڕاستی ساڵی (1999) دەستی پێکراوە، ئێستا ناوەڕاستی (2005) ە، واتا شەش ساڵە.

تا ئەمساڵیش نەمدەزانی ئەم ڕێگایە چەند سایدە، ماوەی چەند هەفتەیەکە دەستیان کردووە بە دانانی کێربستۆنی جەزرەی ناوەڕاست، واتا ڕێگاکە دوو سایدە.

من لە ساڵی (1978) تاکو (1991) وەك ئەندازیارێك فەرمانبەر بووم لە بەڕێوبەرێتی ڕێگاوبانی سلێمانی و زیاتر ئیشی ڕێگاوبانم کردووە، بەپێی شارەزایی خۆم و ئەو ئەندازیارانەی لەگەڵمدا بوون لەو فەرمانگەیە، لە ناوچەکانی سلێمانی کە سەخت و شاخاویە، ساڵانە دەتوانی (10کم) ڕێگا بە هەموو بڕگەکانیەوە (قەنتەرە، بڕین و پڕکردنەوەی خۆڵ، تێکەڵە، قیر. ... هتد) جێ بەجێ بکەیت، واتا مانگی (800م). ئەو ڕێگایە درێژێکەی (2.4کم)ە، واتا دەبێت بە (3)سێ مانگ جێ بەجێ بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو سایدە و هەندێك کۆسپ و گرفت دێتە ڕێ با بڵێین بە (6)شەش مانگ، هەر چەندە ئەرزی ڕێگاکە شاخاوی نییە و خۆڵە سوورە و ئیشکردنی زۆر ئاسانە و نزیکە شارە. ئەمەیە پرۆژەی (مەسرەفی جێب) کە بە هەموو حیسابێك دەبوایە بە شەش مانگ تەواو بکرایە، بەڵام وا شەش ساڵ تێپەڕی و هێشتا لە (50٪)ی تەواو نەبووە، چونکە کۆمەڵێك بەرپرس (مەسرەفی جێب)ی لێدەر دەکەن. شەش ساڵە من دەبینم کۆمەڵێك مەکینە لەو بناری گۆیژەیە دەجولێتەوە، وا دیارە بە نیازن بە (12 - 15) ساڵ تەواوی بکەن، هەر (مەسرەفی جێب)ی لێ دەربێنن. دەبینم زستانان هەڵیدەشێلن و دەیفلیقێننەوە، بەهاران ترش و خوێی



پێوە دەکەن، هاوینان هەڵیدەدەنەوە و ئاوڕشێنی دەکەن لە بەر خۆر هەڵی دەخەن، پایزان تێکی دەدەنەوە. (بەینۆ لالە بەینۆ، هاوین کەپرێ دەکەینۆ، زستان تێکی دەدەینۆ).

پرۆژەی (مەسرەفی جێب) هەندێ خاسیەتی تایبەتی هەیە، وەك: لە دەزگایەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەزگایەکی تر (سەنگەر دەگوازێتەوە) ئەوەندەی من بزانم، لەماوەی ئەم (6)شەش ساڵەدا ئەو پرۆژەیە دوو سێ دەزگای کردووە، ئیتر کە دەگوازرێتەوە، دەزگای تازە لە دەزگای کۆنە ناپرسێتەوە چیتان کردووە و چیتان خەرج کردووە؟ یەکسەر لە (سفر)ەوە دەست پێ دەکات و کۆمەڵێك بەرپرسی تر (مەسرەفی جێب)ی لێ دەر دەکەن. یەکێك لە خاسیەتەکانی تری ئەم پرۆژانە (مەکان)و (زەمان)و (پارە)ی دیاری نییە، کەس نازانێت چەندە؟ بە کەیفی خۆیان پانی دەکەنەوە، باریکی دەکەنەوە، درێژی دەکەنەوە، کورتی دەکەنەوە، ئەم دیو ئەو دیوی دەکەن، جار جار لێی دەوەستنەوە و دوایی گوڕی لێ دەبەستنەوە، کەی تەواو دەبێت؟ کەس نازانێ ! پارەی چەند تێ دەچێت؟ کەس نازانێ! ئەم بەرپرسانەی ئێمە زۆر زیرەکن، پشتی (ئەنیشتاین)یان شکاند بەوەی دەڵێن مەودای پێنجەمان دۆزیوەتەوە، وەك خۆتان دەزانن زانایانی پێش ئەنیشتاین تەنها سێ مەودای مەکانیان بۆ گەردون دانا بوو (درێژی، پانی، بەرزی)، بەڵام ئەنیشتاین بە پێی تیۆرەکەی خۆی مەودای چوارەمی بۆ زیاد کرد کە ئەویش مەودای (زەمان)ە. بە پێی تیورەکەی ئەنیشتاین، زەمان و مەکان بێ کۆتایین (لانهائی). ئێستا ئەم بەرپرسانەی ئێمەش دەڵێن (مەودای پێنجەم = مەودای پارە) کە ئێمە دۆزیومانەتەوە ئەمەش بێ کۆتاییە، دەتوانی هەتا هەتایە هەر پارە خەرج بکەی، کەس ناپرسێتەوە ئەم پارەیە بۆ چییە؟ کەی پرۆژە تەواو دەبێت؟ پانی و درێژی چەندە؟ وەك وتم ئەم پرۆژانە خاسیەتی تایبەتیان هەیە (زەمان)و (مەکان) و (پارە) یان بێ کۆتاییە (سوپاس بۆ وەزارەتی دارایی و دەزگای چاودێری دارایی!).

## هەڵە هونەرییەکانی ڕێگاکە:

**⋆ یەکەم/ لە ڕووی دیزاینی جیۆمەتریکەوە**

ئەگەر ئێستا لەسەر شەست مەترێکەوە سەیری ڕێگاکە بکەی، بەپێی کێربستۆنەکە دیارە کە بەرزی و نزمی و خوار و خێچییەکی زۆر لە ڕێگاکەدا هەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو ڕێگایە هیچ ڕووپێوی و دیزاینێکی بۆ نەکراوە. واتا نەخشەی سەنتەرلاین و پرۆفایل و گرەید و پانبڕی نییە، و بە پێی جیۆمەتریکی ڕێگاوبان جێبەجێناکرێت، ئیشەکە هەڕەمەکییە. کە بە ڕێگاکەدا بڕۆی چاك هەست دەکەیت کە ئەم ڕێگایە هیچ حیساباتێکی مەودای بینین (Sight Distance) بۆ نەکراوە نە ئاسۆیی و نە ستوونی، کە لە دوا ڕۆژدا ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە ئاوەدان بووەوە، کێشەیەکی گەورە بۆ هات و چۆ دروست دەکات.

ئەو ڕێگایە شەش ساڵە ئیشی تیا دەکرێت، پار و ئەم ساڵ چەند قەنتەرەیەکیان بۆ دروست کرد، ڕاستە قەنتەرەکان بەرامبەر دۆڵەکان کراوە، بەڵام لە بناری گۆیژە کە ڕێگاکە هاوتەریبە لەگەڵ هێڵی قەنتەرەی گۆیژەدا، چەند نزمایییەك (sag) دروست بووە لە سەر پشتی قەنتەرەکان نین. پاش قیرتاو کردن کە باران بباریٚ ئەو نزمایی یانە دەبنە گۆلاو و ئاوەکە سەرف نابێت. هەروەها کاتیٚ ڕێگاکە لەگەڵ ڕێگای (سلێمانی/ چوارتا) لێك دەدات، لێژاییەکەی زۆر تیژە و شوێنی لێك دانەکە زۆر سەقەتە، چونکە ڕاست و چەپی خۆت نابینی، پێویستە چارەسەرێك لەو خاڵی لێکدانە بکرێت.

هەروەها بە چاو دیارە هیچ حیساباتێك بۆ کەمبەر (camber)ی ڕێگاکە نەکراوە. کەمبەر واتا لێژایی دان بە پانی هەردوو سایدەکە بۆ ڕووی شۆستە لەبەر ڕۆکردنی ئاوی باران.



**⋆ دووەم/ لە ڕووی دیزاینی بونیادەوە (دیزاینی ئینشائی)**

وەك لەسەرەوە وتمان، ئەم پرۆژەیە شەش ساڵە ئیشی تیا دەکرێت، پار و ئەمساڵ چەند قەنتەرەیەکیان بۆ دروست کرد، نازانم قەنتەرەکان چۆن دروست کراون، چونکە داپۆشراون. پێشی چەند هەفتەیەك دەستیان کرد بە دانانی کێربستۆنی جەزرەی ناوەڕاست، پانی جەزرەکە (2.5م)ە، هێشتا تێکەڵەیان تیٚ نەکردووە بناغەی کێربستۆنەکەیان لەسەر خۆڵەکە داناوە، ئەمە لە ئەندازەی ڕێگا و باندا کفرە! چونکە دەبێت لەسەر تێکەڵە دابنرێت.

ئەوەی لە جیٚ بەجیٚ کردنی ڕێگاوباندا ڕەچاو دەکرێت (ئەگەر ڕووپێو و دیزاین کرا بێت) دەبیٚ مەنسوبی (Sub Grade) ی خۆڵەکە بە بلوتۆپ زەبت بکرێت، ئینجا بە پانی قیرەکە لە هەر لایەکەوە (1م)یەك مەتر زیادەش تێکەڵە ڕۆ بکرێت و بەپێی ئەستوری دیزاین کراو بکوترێتەوە بۆ ڕێژەی دیاری کراو، دوای ئەوە خەتی بناغەی کێربستۆنەکە دیاری دەکەیت و لە تێکەڵەکە هەڵیدەکەنیت و بە ئەستوری (10سم) کۆنکریتی تیٚ دەکەیت، ئینجا کێربستۆن دادەنێیت وبە (1-2)سم مونەی چیمەنتۆ ڕاستی دەکەیتەوە.

من لە ساڵی (1979-1980) کە سەرپەرشتی جیٚ بەجیٚ کردنی بەشێکی ڕێگای شەستێکەم دەکرد (بەشی حاجی ئاوا/ توی مەلیك)، لە سەرەتاوە هەموو تێستێکی خۆڵی ئەو ڕێگایەمان کرد بۆ دۆزینەوەی مواسەفات و ڕێژەی کوتانەوەی خۆڵ، هەروەها دیزاینی چینەکانی تێکەڵە و قیر بە تایبەتیی تێستی (قوة التحمل الکالیفورنی = CBR = California bearing ratio). دەرئەنجامی تێستەکانمان نارد بۆ بەغدا بۆ دیزاینی چینەکان، لەبیرمە چینەکانی تێکەڵە (20سم + 15 سم = 35سم) بوو. ئێستا نەخشەی پانبڕی کێربستۆنەکە بە شێوەی نەخشەی ژمارە (1) ە.




نەخشەی پانبڕی (1)

که تەنها کێربستۆن دانراوە و خۆڵەکەش تۆزێك تەخت کراوە، بەرزی کێربستۆنەکە (52سم)ە، (20سم بناغە + 2سم مونە + 30سم کێربستۆن = 52 سم)، ئەگەر بە پێی مواسەفات (35سم)تێکەڵەی تێ بکەن لەگەڵ فەرش کردنی دوو چین قیر (10سم ستابلایزەر +6 سم بایندەر = 16 سم)، (کۆی بەرزی = 35سم +16سم = 51 سم)، واتا کێربستۆنەکە (1سم)ی بەدەرەوە دەمێنێت، ئەمە لە ئەندازەی ڕێگا و باندا پەسەندکراو نییە. بڕوانە نەخشەی پانبڕی ژمارە (2).




نەخشەی پانبڕی (2)

وا دیارە ئەمان بە نیازن تەنها یەك چین تێکەڵە (20سم)ی تێ بکەن، ئەو وەختە کێربستۆنەکە (15سم)ی بەدەرەوە دەمێنێت، ئەمە مەعقولە بڕوانە نەخشەی پانبڕی ژمارە (3)، بەڵام لە ڕووی ئینشائییەوە مەرفوزە! بۆ؟






نەخشەی پانبڕی (3)

✓ بەپێی فحوسات بێت و هەروەهاش لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕەچاو دەکرێت، کە نابێ ئەستوری تێکەڵە لە (35سم) کەمتر بێ و بە پێی مواسەفات بە دوو چین ڕۆ و ئاوەڕشێن بکرێ و بکوترێتەوە (ئەگەر دیزاینی تایبەتی نەبێت)، هەروەها (20سم) تێکەڵە بۆ قورسایی سەیارەی بارهەڵگر لاوازە.

✓ لەبەر ئەوەی مەنسوبی خۆڵەکە بە بلوتۆپ زەبت نەکراوە، ڕووی خۆڵەکە بەرزی و نزمی (تموجات)ی تیایە، هەندێ شوێن لەوانەیە (10سم) بخوات و هەندێ شوێن (30سم) و هەندی شوێنیش (5سم)، ئەمەش لە دوا ڕۆژدا دەبێتە هۆی دروست بوونی چاڵ و تاسە و تەپینی ڕێگاکە. بێگومان ئەم ڕێگایە لە دوا ڕۆژدا دەبێتە مولکی شارەوانی. شارەوانیش هەموو ساڵێ هەڵی بکەنێت و پڕی بکاتەوە و خەڵکیش گلەیی و لۆمەی شارەوانی بکات.

بەپێی مواسەفاتی ئەندازەی ڕێگاوبان بێت، ئەو (3)سێ پانبڕە (1، 2، 3) هەرسێکی مەرفوزە، پانبڕی ئەندازەیی بۆ دروست کردنی ڕێگای ئەندازەیی و تۆکمە و ڕەچاو کراو پانبڕی ژمارە (4)ە.




نەخشەی پانبڕی (4)

گەر تەماشای ئەو پانبڕە بکەی (ژمارە 4)، دەبینی پێشەکی تێکەڵەکە ڕۆ کراوە و (1م) یەك مەتر چوەتە ناو جەزرەکەوە، (هەروەها پێویستە لە رووی شۆستەکەشەوە (1م) یەك مەتر زیاد لە هێڵی قیرەکە دەربچێت). دوای دیاری کردنی هێڵی بناغەی کێربستۆنەکە، بە پانی (50سم) لە رووی کێربستۆنەکەوە بۆ ناو جەزرەکە و بە قولی (10سم) تێکەڵەکە هەڵکەنراوە و کۆنکریتی تێ کراوە، ئینجا مونە و کێربستۆن دانراوە، کۆنکریتی پاڵ پشتی کێربستۆنەکە پێویستە بە شێوەی سێگۆشە بێت و جەبلەیەکی (خەفتە یان گیراوەیەك)ی کۆنکریتی خەست بێت و بە ماڵە ڕێك بخرێت و بە بەرزی و پانی (20سم)، نەك وەك ئەوەی لە نەخشەی پانبڕی ژمارە (1، 2، 3) دا دیارە کە قاڵبی بۆ دەبەستن و بە پانی (10سم) وبەرزی (15سم) و بە ستوونی تێکراوە، ئەم شێوە تێکردنە نابێتە پاڵ پشت و راگر بۆ کێربستۆنەکە، بەڵکو دەبێتە بەشێك لە کێربستۆنەکە و هیچ دەوری پاڵ پشت نابینێت.

بە پێی پانبڕی ژمارە (4)، (35سم) تێکەڵە تێکراوە، تەنها کێربستۆن و مونە لە سەروی ئاستی رووی تێکەڵەکەوەیە، بە بەرزی (32سم)، دوو چین قیر فەرش



دەکەیت بە ئەستوری (16سم)، واتا (16سم) لە کێربستۆنەکە بە دەرەوە دەمێنێت. ئەگەر سێ چین قیر فەرش بکەی حیسابات و شێوازی جێ بەجێ کردنەکە دەگۆڕێت.

بناغەی کێربستۆنی نەخشەی پانبڕی (1، 2، 3)، بە ئەستوری (20سم)ە و بە پانی (40سم)ە. (20سم)ەکە نیوەی زیاتری تەلاشە بەردە، لەسەر خۆڵەکە دانراوە. خۆڵ کە ئاوی هەڵمژی دەبێت بە قوڕ، قوڕیش نەرمە و پان دەبێتەوە و دەتەپێ (collapse). کە خۆڵی ژێر بناغەی کێربستۆنەکە ئاوی هەڵمژی، زۆر ئاسایی دەیدا بە خۆڵی ژێر تێکەڵەکە، واتا خۆڵی ژێر تێکەڵەکەش دەبێ بە قوڕ و دەتەپێ، لەبەر ئەوە پێویستە تۆ هەمیشە نەهێڵی ئاو بگاتە ژێر خۆڵی تێکەڵەکە، بۆیە پێویستە پانی و ئەستوری تێکەڵە وەك نەخشەی پانبڕی ژمارە (4) بێت. چونکە تێکەڵەی کوتراوە بە هەڵمژینی ئاو هەرگیز ناتەپێ و تێکەڵە بەو پانی و ئەستوربییە دوو دەوری سەرەکی ئەبینێت. یەکەم: توانای بەرگەگرتنی (قوة التحمل)ی لە خۆڵ زیاترە، دووەم: ئاو هەڵدەمژێ و ناتەپێ و دەیدەڵێنی (النفاذية = permeability) و تێپەڕی دەکات لە ژێر قیرەکەوە بۆ دەرەوەی قیرەکە بێ ئەوەی بهێڵێت بگاتە خۆڵەکەی ژێری، ئەگەر کەمبەر (camber) ی ڕێگاکە بەپێی پێوەری ئەندازەیی جێ بەجێ کرا بێت.

پێویستە کە کێربستۆن دانرا بە لانی کەم (1) یەك مەتر پشت کێربستۆنەکە کۆنکریت بکرێت وەك لە نەخشەی پانبڕی ژمارە (4)دا دیارە، بۆ ئەوەی گشت چینەکانی ڕێگاکە لە ئاو بپارێزی، هەروەها بۆ راوەستان و هات و چۆی پیادە لە حاڵەتی ئاسایی و ناچاریشدا.

شەش ساڵە ئیش لەسەر ئەو ڕێگایە دەکرێت و لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایە پانبڕێکی ئەندازەیی نییە و لێژایی قەراخ (side slope) هیچ پێوەرێکی جیۆمەتریکی نییە، تازە بە تازە لێژایی قەراخ هەرەسی هێناوە و لە چەند شوێنێك ڕێگاکەی تێکداوە، ئەمانیش خەریکی کێربستۆن دانانن.

خالێکی تر کە زۆر سەرنجی راکێشام، لەگەڵ دانانی کێربستۆنی جەزرەی ناوەڕاست یەکسەر جەزرەکەیان بە خۆڵ پڕ کردۆتەوە، ئەمە کارێکی نابەجێیە، دەبوایە پاش قیرتاو کردن پڕ بکرایەتەوە، چونکە لەوانەیە لە قوناغی تێکەڵە تێکردن و فەرش کردنی و کوتانەوەی یاخود لە قۆناغی فەرش کردنی قیر، مەکینەیەك، گەلابەیەك خۆی بکێشێ بە کێربستۆنەکەدا و تێکی بدات، ئینجا بۆ چاککردنی کێربستۆنەکە، دەبێ خۆڵی ناو جەزرەکە دەربدەیت بۆ ئەوەی بە رێکی بهێنیتەوە، ئەم خۆل دەردانەش کار و مەسرەفێکی زیادەیە و ماوەشی دەوێت، ئەگەر خۆڵەکە دەرنەهێنی کێربستۆنەکە بە ناڕێکی دێتەوە، هەروەها لە هەردوو قۆناغەکەدا خۆڵەکە تێکەلاوی تێکەڵەکە یان قیرەکە دەبێ، کە ئەمەش پەسەند نییە، چونکە مواسەفاتی تێکەڵە و قیرەکە تێك دەدات.

ئەگەر بەراوردێك لە نێوانی پانبڕی (1، 2، 3) و پانبڕی (4)دا بکەی، دەبینی هەڵە و ناتەواویەکی زۆر هەیە، و ئەو رێگایە بەپێی پانبڕی (1، 2، 3) جێبەجێ دەکرێت. لەبەر ئەوە ئەو پرۆژەیە نابێت بە رێگایەکی ئەندازەیی تۆکمەی تەواو مواسەفات، لە دوا رۆژدا دەبێتە بارێکی قورس بەسەر شارەوانییەوە. داواکارم لەبەرێزان ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی، کە ئیش لەو پرۆژەیە رابگرن. من ئامادەم بە بێ بەرامبەر رووپێو و دیزاینی رێگاکەتان بۆ بکەم و خۆتان جێ بەجێی بکەن و هەروەها هاوکاریتان بکەم لە سەرپەرشتی جێ بەجێ کردن و رێگایەك دروست بکرێت بەپێی هەموو مواسەفاتێکی ئەندازەیی، و لە ماوەی چەند مانگێکدا تەواو بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ سنور بۆ پرۆژەی (مەسرەفی جێب) دابنێین[***].

# چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو

**⋆ پرۆژەی یەکەم (چەمی قەڵاچوالان/ هەڕوتەی ئەزمەڕ)**

وابزانم ساڵێك پێش پرۆسەی ئازادی عیراق بوو (کۆتایی بەهاری 2002)، تازە ڕێکخراوی هابیتات لە چاککردن و قیرتاو کردنی ڕێگای (سلێمانی/ چوارتا) ببوەوە. ڕۆژێك لەگەڵ چەند برادەرێکدا بەکارێك دەرۆیشتین بۆ ناوچەی شارباژێڕ، بینیم حەفارەیەك (نزیك گوندی تەگەران) خەریکی هەڵکەندنی شۆستەی ڕێگاکەیە. سەیرم لێهات! بە برادەرەکانم وت ئەو شۆستەیە هەمووی چەند هەفتەیەکە تێکەڵەرێژکراوە و کوتراوەتەوە و چاککراوەتەوە، باشە بۆ حەفارەیان تێ بەرداوە؟ ئەوانیش وەڵامیان پێ نەبوو !پاش پرسیارکردن لەملا ولەولا وتیان: ئەوە پرۆژەی ئاوە! وتم: ئاو لە کوێ؟ بۆ کوێ؟ بۆ کێ؟ وتیان: ئاو لە چەمی قەڵاچوالانەوە بۆ سەر هەڕوتەی ئەزمەڕ، دواتر بەسەر یاڵەکانی ئەزمەڕدا بۆ سەر شاخی گۆیژە و لەوێشەوە بە سەر یاڵەکانی گۆیژەدا شۆڕدەبێتەوە بۆ بناری گۆیژە و بەرزاییەکانی دەباشان، (لە دڵی خۆمدا وتم: یاحافیز). وتیان ئەگەری ئەوەش هەیە لە دوا ڕۆژدا ئاوبدات بە بەشێك لە گەڕەکەکانی سەرەوەی شاری سلێمانی، (لە دڵی خۆمدا وتم: یا ستار). جارێکی تر پرسیم ئەی ئاو بۆچی و بۆ کێ؟ وتیان: یەك تۆڕی بۆڕی ئاو بەو یاڵ و قەد پاڵ و بناری شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە و ناوچەی دەباشاندا جێبەجێ دەکەن و نەمامی لێ دەچێنن، ئیتر ئەو ناوە هەمووی دەبێت بە دارستان و لە دارستانەکانی (ئەمەزۆن) چڕ تر دەبێت، (لە دڵی خۆمدا وتم: یا ساتر). هەروەها وتیان: لە دوا ڕۆژدا وێستگەی پاککردنەوەی ئاوی بۆ دادەنرێت و هەرچی دەزگای تەلەفزیۆن و چایخانە و ئوتێل



و سەیرانگای ئەو دەوروبەرە هەیە دەتوانن سودی لێ ببینن. پاشان پرسیم: باشە چۆن سەر دەکەوێت؟ مەسافەکەی چەندە؟ فەرقی بەرزی چەندە؟ وتیان: هەموو شتێك رووپێو و دیزاینی تەواوی بۆ کراوە، مەسافەکە نزیکەی (30کم) دەبێت، فەرقی بەرزی نزیکەی (1کم) دەبێت، بە چوار وێستگەی پەمپی هەڵدانی ئاو و بە بۆری شەش ئینجی دەکتایل سەردەخرێت. وتم: یاخوا وا بێت ! کوێرە چیت دەوێ دوو چاوی ساغ. ساڵێکە ئەو پرۆژەیە تەواو بووە، بەڵام تا ئێستا ئاو سەرنەکەوتووە و ئەوناوەش نەبوو بە دارستانی (ئەمەزۆن).

**⋆ پرۆژەی دووەم (ناوقەدی ئەزمەڕ/ بەنداوی وشك/ چەمی قەڵاچوالان)**

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق و دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق، بینیم کەمپێك لە بناری ئەودیوی چیای ئەزمەڕ لە نزیك یەکتربڕی (تەقاتوع) ڕێگای (سلێمانی/ چوارتا) لەگەڵ (دۆڵی کانی ئەزمەڕ) دانراوە، و تابلۆی (وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو)ی عێراقی چەقاندووە. پرسیم ئەمانە لێرە چی دەکەن؟ وتیان: (بەنداو) دروست دەکەن لەسەر ئەم دۆڵە و لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە. لەگەڵ برادەران زۆر گفت و گۆم کرد کە روبەری ئەو دۆڵە (Catchments Area) ئەوەندە نیە تاکو ئەو ئاوە زۆرەی باران بگرێتە خۆی و ئەو بەنداوانە پڕ بکاتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لێژایی دۆڵەکە زۆر تیژە و بەرزایی دیواری بەنداوەکان ئەوەندە نیە کە حەوزی گەورە گەورە دروست بکەن، تەنانەت گەر چەند ڕۆژێکیش باران بە بەردەوامی ببارێت و حەوزەکانیش پڕ بێت، لەبەر بچووکی حەوزەکان لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا زەوی هەڵیدەمژێت. وتیان: کاکە تۆ زۆر سەیری! ئەوان (شارەزای بەغایی و هەندەرانی)، یان هێناوە و دیراسەیان کردووە. ئەمە پرۆژەیەکی گەشت و گوزاری زۆر چاکی لێ دەر دەچێت و ماسیەکی زۆریشی تیا بەخێو دەکرێت و دەبێتە داهاتێکی نەتەوەیی گەورە بۆ

میللەتەکەمان، هەروەها وتیان: ئەم بەنداوانە راستە بەنداوی بچوکن، بەڵام ئاوێکی زۆر دەگرن و بەشێکی دەچێتە ژێر زەوییەوە بۆ کانی و کارێز و بیری ناوچەکە زۆر باشە، بەشێکیشی چوار وەرزە بەم دۆڵەدا دەچێتە خوارەوە تا چەمی قەڵاچوالان و لەوێوە بۆ دەریاچەی دوکان، هەرچی جوتیاری دێهاتەکانی هەردوو بەری دۆڵەکە هەیە سودی لێدەبینن و کشتوکاڵی زۆری لەبەر دەکەن و ناوچەکەش دەبوژێتەوە. لە ماوەی چەند مانگێکدا شەش بەنداو دروستکرا (دەستان خۆش)، زستانی ئەمساڵ هات و چەندین جار باران باری و بەم بارانە زۆرەی ئەم دواییشەوە، حەوزی ئەوبەنداوانە یەك دڵۆپ ئاوی تیا کۆنەبوەوە. لە ناوەراستی زستاندا، لەگەرمەی باران باریندا، بە برادەرانم وت: نەموت ئاو ناگرێتە خۆی!؟ وتیان: راست دەکەی، بەڵام لەوانەیە ئەوان ئەم بەنداوانەیان بۆ چاڵە بەفر دروست کردبێت، کە بەفر ببارێت بەنداوەکان پڕ دەبن لەبەفر و تا هاوین دەمێنێتەوە (بەیادی چاڵە بەفری جاران). منیش لە دڵی خۆمدا وتم: شکور بۆ خوا منی منالی ئەو گەرمیانە، چاڵە بەفرم نەبینیبوو، وا لە سایەی داهێنانی ئەم بەرپرسانە چاڵە بەفری سەردەمی عەولەمەم بینی. پاش ئەو گفتوگۆیە، ئەمساڵ دوو بەفری زۆر گەورە باری، باوەڕبکەن هەردوو جارەکە ئەو "حەوزی بەنداوانە " یەك چنگ بەفریان لە شوێنەکانی دەور وبەری زیاتر نەگرتە خۆیان. ئێستا بەرپرسەکانی ئێمە دەڵێن: ئەو پرۆژەیە، پرۆژەی (بەنداو) و (چاڵە بەفر) نییە!. پرسیم: ئەی پرۆژەی چییە؟ وتیان: پرۆژەی بەنداوی وشکە و پێی ئەوترێت "بەند با"! وتم: (مەلەوانگەی وشك) و (بەنداوی وشك)م بیستوە ئەی "بەند با " چییە؟ وتیان: "بەند با " حەوزێکە بە بەرد و کۆنکریت و مونەی چێمەنتۆ و تەلی موشەبەك دروست دەکرێت، بەرپرسەکان (با)ی تیا کۆ دەکەنەوە بۆ نەوەکانی دوا رۆژ! منیش وتم: دەست خۆش بۆ داهێنانیان، سوپاسی دڵسۆزی و خەمخۆریان دەکەم بۆ نەوەکانی دوارۆژ!



بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ دروست کردنی بەنداوەکاندا، دوو بیری ئیرتیوازیان لێدا، یەکێکیان لە تەنیشت بەنداوەکان، ئەوی تریان لە ناوقەدی ئەزمڕ و لە خوار چایخانە کۆنەکە. دەڵێن گوایە بەرپرسەکان وتویانە: ئەگەر وشکە ساڵ بوو، ئەوە بە ئاوی ئەو دوو بیرە بەنداوەکان پڕ دەکەین لە ئاو. بەڵام هەردوو بیرەکە نەگەیشتنە ئاو، (جارێکی تر دەستان خۆش).

**⋆ پرۆژەی سێیەم (توی مەلیك/ دەباشان)**

وابزانم ناوەڕاستی ساڵی (2003) بوو، بەرپرسەکانی ئێمە، یەك دوو بیری ئیرتیوازیان لە (توی مەلیك) لە سەروی شەقامە شەست مەترییەکە هەڵکەند، خەڵك زۆر دڵی خۆش بوو، وتیان ئەمە پرۆژەیەکی زۆر باشە، لەو بیرانەوە ئاو دەدرێت بە تەنکییەکەی توی مەلیك، ئیتر ئەو گەڕەکانەی سەرەوە کەم ئاو نابن (2 سەعات لە 48 سەعات) و پاڵەپەستۆش لەسەر وێستگەی سەرچنار کەم دەکاتەوە. پاش ساڵێك بەرپرسەکان هەڵسان بە دروست کردنی ژوور بۆ یەکێك لە بیرەکان و دانانی پەمپ و راکێشانی بۆری ئاو لە بیرەکەوە بەو بەرزی و نزمی و یاڵەنەدا بۆ ناوچەی دەباشان، وتەنکییەکی گەورەیان لە دەباشان دانا وجوان بۆیاخیان کرد، لە تەنکییەکەشەوە بە قەراخ شەقامدا بۆری ئاویان راکێشا و چەند بەلوعەیەکیان قوت کردەوە، بەچەندین ستوون وایەری کارەبایان بۆ بیرەکە و پەمپەکە راکێشا. پرسیم: ئەو پرۆژەیە بۆ چییە؟ وتیان: بۆ سەیرانکەرە مەشروب خۆرەکانە، ئەگەر ئاویان لە بیر چوو دەتوانن ئاو لە بەلوعەکە وەرگرن، یان کە رشانەوە، دەم وچاویان بشۆن. ئەم پرۆژەیەش ساڵێکە تەواو بووە، بەڵام یەك دڵۆپ ئاو لە بەلوعەیەك نەهاتوەتە خوارەوە، بەڵام پیاو قسەی حەق بڵێ مەشروب خۆرەکان دەڵێن: گوایە ساڵی پار، یەك دوو پێنج شەممە و جومعە، ئاو لە بەلوعەکان هاتۆتە خوارەوە. بەڵام پاسەوانەکانی ئەوناوە دەڵێن: بە تەنکەر

ئاو كرایە تەنكییەكە و لە بیرەكەوە ئاو سەرنەكەوتوە بۆ دەباشان. منیش نە ئاوم بینیوە، نە تەنكەر، نە بیر و پەمپ، بەس بەلوعەكان شكاون (هەر كەس ئۆباڵی قسەی خۆی بە ملی خۆی).

**⋆ پرۆژەی چوارەم (دەریاچەی دوكان/ خانوەكانی دامێنی شاخی سارا)**

ساڵی (2002) رێكخراوی هابیتات (160) خانووی لە شارۆچكەی دوكان، لە دامێنی شاخی سارا دروست كرد و رادەستی بەرپرسانی ئێمەی كرد. ئەوانیش بەسەر خەڵكی ئاوارە و بێ دالّدەی ناوچەكە دابەشیان كرد (ماڵیان ئاوا بێت). لە دەور وبەری خانوەكان خەڵكی ناوچەكە هەندێ خانوی تریان كردووە، هەندێ خانوش دوو خێزانی تیایە، واتا ئێستا نزیكەی (200) دوو سەد خێزانێك دەبن، ئەم خانووانە سێ ساڵە خەڵكی تێدا نیشتەجێیە، بەلاّم پرۆژەی ئاویان نیە. سێ ساڵە بە تەنكەر ئاویان دەدەنێ، ئەگەر تەنكەرەكان بشكێن ئەوا خەڵكەكە بە پارەی خۆیان ئاو دەكڕن، مەسافەی دووری نێوان خانوەكان و دەریاچەی دوكان ناگاتە (2كم). فەرقی بەرزیش لە (200م) تێپەر ناكات، هەروەها مەسافەی نێوان خانوەكان و وێستگەی ئاوی شارۆچكەی دوكان ناگاتە (300م)، فەرقی بەرزیش ناگاتە (20م).

**⋆ دەرئەنجام**

بە پێی زانیاری ئێمە و خەڵك پرۆژەی (یەكەم، دووەم وسێیەم) هەر سێكیان ساڵێكە تەواو بوونە و كار ناكەن، هەر سێ پرۆژەكە دەچنە پاڵ پرۆژە وێرانگوزاریەكانی بەرپرسەكانمانەوە، چونكە كار ناكەن و خزمەت گوزاریش ناگەیەنن، ئێستا ئێمە نازانین ئەم سێ پرۆژە تەواو نەبووە چ وەزارەتێك، چ دەزگایەك خاوەنێتی، ئەگەر خاوەنی هەیە و ئیستیلامی كردووە بۆ كاری پێ



ناكەن، مەعقولە ملیونەها دۆلار خەرجبكرێت و پرۆژەكان كار نەكەن و هیچ بەرپرسێكیش ناپرسێتەوە، بەلاّم ئەگەر مامۆستایەك داوای (100) دۆلار دەرماڵە بكات، دونیا وێران دەبێت و هەرچی بەرپرس هەیە دێتە وەلاّم و دەڵێت: كاكە نییە، بودجەی حكومەت تێك دەچێت، بەلاّم ملیونەها دۆلار بۆ پرۆژەی وێرانگوزاری خەرج دەكرێت و بودجەی حكومەت تێكناچێت. ئەم وڵاتە وێران و كاولكراوەی ئێمە، ئێستا بە هیچ شێوەیەك پێویستی بەو پرۆژانە نییە، دەبوایە ئەو پارەیەی (چەندین ملیۆن دۆلار) لەو پرۆژانەدا خەرجكرا، بۆ زۆر پرۆژەی خزمەتگوزاری راستە و خۆی خەڵك خەرجبكرایە وەك (پرۆژەی چوارەم، دەرماڵەی مامۆستا وفەرمانبەرانی تر). هەروەها دروست كردنی (خانو، قوتابخانە، نەخۆشخانە، وێستگەی كارەبا، پرد، رێگا و بان، پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، ئاوەدانكردنەوەی لادێ، ئاودێری، سەنتەری رۆشنبیری، سەنتەری راهێنان، كارگەی خواردەمەنی . ...هتد)

**خەڵك دەڵێ:** بۆ پارە هەیە بە درێژی (30 كم) بۆری ئاو راكێشن بۆ سەر ئەزمڕ و گۆیژە بۆ ئاودانی دارستان؟ بۆ پارە نیە بۆ راكێشانی (2كم) بۆری ئاو بۆ ئاو خواردنەوەی ئینسان!؟

**خەڵك دەڵێ:** بۆ پارە هەیە بۆ دروستكردنی چوار وێستگەی پەمپی هەڵدانی ئاو بۆ بەرزی (1000م) بۆ سەر ئەزمڕ و گۆیژە؟ بۆ پارە نیە بۆ دروست كردنی یەك وێستگەی پەمپی هەڵدانی ئاو بۆ بەرزی (200م) بۆ خانوەكانی دامێنی شاخی سارا!؟

**ئاو دەڵێ:** من لە چەمی قەلاّچوالانەوە بە بۆری باریكدا سەرناكەوم بۆ سەر شاخی ئەزمڕ وگۆیژە، چونكە هەناسەم سوار دەبێت، ئەگەر مەبەستتان یارمەتی منە، من هەمیشە بە باران یارمەتیم داون، خۆتان تەمبەڵ و نەزانن، نازانن دارستان بە خێوبكەن،

**ئاو دەڵێ:** ئەگەر یارمەتی زیاترتان دەوێ، من ئامادەم بە تەنکەر بمبەن بۆ سەر ئەزمڕ و گۆێژە.

**ئاو دەڵێ:** من ئامادەم بە بۆری زۆر باریکدا لە دەریاچەی دوکانەوە بۆ خانوەکانی دامێنی شاخی سارا سەرکەوم، چونکە مەسافەکە کورتە و بەرزێکەش کەمە و هەناسەم سوار نابێت.

**ئاو دەڵێ:** من ئامادە نیم بە بۆریدا سەرکەوم بۆ سەر ئەزمڕ و گۆیژە و هیچ خزمەتێك نەگەیەنم، بەڵام ئامادەم بە بۆریدا سەرکەوم بۆ دامێنی شاخی سارا، چونکە خزمەت ئەگەیەنم. ئینسان بەکارم دەهێنێت بۆ خواردنەوە و چێشت لێنان و جل شۆرین و خۆ شۆرین ودەست نوێژ گرتن وراگرتنی پاکی و...هتد.

**ئاو دەڵێ:** لەوەتەی ئێوەم ناسیوە ولە دونیاشا هەر وابووە هەر بە تەنکەر دارستان ئاودراوە و بە بۆریش ئاو بۆ ئینسان براوە، بەڵام ئێستا ئێوە بە پێچەوانەوە دەتانەوێ بە پەمپ و بۆری ئاو بدەن بە دارستان و بەتەنکەریش ئاو بدەن بە ئینسان (راست دەکات، تۆ بڵێی بەرپرسەکانمان تێکنەچوبن).

**ئاو دەڵێ:** کە من لە ژێرزەمیندام بیری ئیرتوازیش لێ بدەن نایەمە دەرەوە بۆ ئەوەی بمکەنە ناو بەنداوی سەقەتەوە، یاخود تەنها بۆ دەم و چاو شۆرینی خەڵکی سەرخۆش، کاتێ من دێمە دەرەوە بەکارم بهێنن بۆ خواردنەوە، پرۆژەی ئاودێری وکشتوکاڵی، پرۆژەی ئاژەڵداری. پرۆژەیەك بێت خزمەت بە ئێوە بکات، من ماندوو نەکات. من رەوشتی خۆم تێك نادەم.

**خەڵك دەڵێ:** ئێستا پرۆژەی (یەکەم ودووەم) هەردووکی سەرنەکەوتووە و ئەو هەموو پارەیەش بە فیڕۆ چوو، گریمان هەردووکی سەرکەوتوبوایە، ئەگەر یەکەم سەرکەوتوبوایە چ پێویست بەوە بوو دوو بیری ئیرتوازی لە ناو قەد ولەدامێنی ئەزمڕ لێبدەن، هەر لە بۆری پرۆژەی یەکەمەوە لە ئەزمڕەوە ئاوتان بکردایەتە خوارەوە بۆ بەنداوەکە و لەوێوە بۆ چەمی قەڵاچوالان. ئەگەر پرۆژەی دووەم



سەرکەوتوبوایە چ پێویست بوو لە چەمی قەڵاچوالانەوە بە بۆری و وێستگەی پەمپ ئاو سەربخەن بۆ سەر ئەزمڕ، دەبوایە هەر لە بیرەکەی ناوقەدی ئەزمڕەوە ئاوتان سەربخستایە بۆ سەر ئەزمڕ و گۆیژە، واتا مەسافە کورت و بەرزی کەم، کەواتە بۆری کەمتر و وێستگەی کەمتر و مەسرەفی کەمتر.

**خەڵکی خانوەکانی دامێنی شاخی سارا دەڵێن:** بە قوربانە ئێمە پرۆژەی تایبەتمان ناوێ، لە دووری (2کم)وە بە ناو بۆریدا بە بەرزی (200م) بۆمان هەڵدەن. ئەوە وێستگەی ئاوەکەی شارۆچکەی دوکان (300م) بۆری (3ئینج)ی دەوێت و لەگەڵ ماتۆڕێکی بچوکدا بۆ بەرزی (20م) هەڵی بدات. بۆچی هەزاران مەتر بۆری (6 ئینج و 3 ئینج) هەیە بۆ ئەزمڕ و دەباشان، بەڵام (300م) بۆری (3 ئینج) بۆ ئێمە نییە؟! سێ ساڵە بێ ئاوین. بۆ ئێمە ئینسان نین؟!.

**ئاو دەڵێ:** من لە ئێوە تێ ناگەم، دەتانەوێ بە پەمپ و بۆری لە چەمی قەڵاچوالانەوە سەرمخەن بۆ سەری ئەزمڕ، هەروەها دەتانەوێ لە ناو قەدی شاخی ئەزمڕ بە بیری ئیرتوازی لە ژێر زەوی دەرمبهێنن و بمنێرنەوە بۆ چەمی قەڵاچوالان، ئەمە چەندی بە چەند، من رەوشتی خۆم تێك نادەم، ئێوە سەرتان لێ شێواوە (وەڵاهی راست دەکات، سەریان لێ شێواوە... پیری شەو کێڵ، شێخ حەسەنی قەرەچێوار، غەوسی گەیلانی. فریامان کەون جنۆکە ومنۆکە دەستی لێ وەشاندوون).

**خەڵك دەڵێ:** ئێمە داوامان نەکردووە ئاو راکێشن بۆ سەر ئەزمڕ و دەباشان، هەروەها داوامان نەکردووە بەنداو لە دۆڵی کانی ئەزمڕ دروست بکەن، ئێمە ئاگامان لەو پرۆژانە نییە، ئەو پرۆژانە هەبن یان نەبن، بۆ ئێمە گرنگ نییە چونکە پێویستمان پێی نییە، بەرپرسەکان بۆ مەرامی خۆیان جێبەجێی دەکەن، بەڵام ئێمە (3) سێ ساڵە داوا دەکەین، ئاو راکێشن بۆ (200) خێزانەکەی

دامێنی شاخی سارا، چونکە ئەم پرۆژەیە خزمەتمان پێ دەگەیەنێت، بەڵام ئـەوان جێبەجێی ناکەن.

**ئاو دەڵێ:** ئێوە میللەتێکی ناتەباو و فرە سەرکردەن، شەڕ بە من مەفرۆشن، من هەرگیز رەوشت و هەڵسوکەوتی خۆم تێك نادەم. بۆ پرۆژەی خزمـەتگوزاری هەمیشە هاوکارتانم، بۆ پرۆژەی وێرانگوزاری هەمیشە هاوکارتان نیم. ئێوە خوا وڵاتێکـی بـە بەرەکـەت و جـوانی پـێ بەخـشیون، پارەیـەکی زۆری خـستوەتە بەردەستان، بەکورتی و بەکوردی، خوا ئاشەکەی خـۆی داوەتـە دەسـتان، بـەڵام بەرپرسەکانی ئێوە خەڵکی نەزانیان داناوە بیگێڕن (راست دەکات، ئاشی خوایـە و نەزان دەیگێڕێ) (****).

# قەدەغە کێشی ڕێگاوبانی گشتی

## (محرمات الطرق العامة)

من نازانم چەند راستم لە وەرگێڕانی زاراوەی (محرمات) بۆ قەدەغە کێشی، هیوادارم شارەزایانی زمانی کوردی رایەکیان لەوبارەیەوە هەبێت.

یاسا کۆمەڵێ بنەمایە بۆ ڕێکخستنی کار وباری کۆمەڵگا و سروشت. واتا ڕێکخستنی پەیوەندی نیوان مرۆڤ و کۆمەڵ و دەوڵەت، هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندی نیوان مرۆڤ و سروشت، بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیان بە خۆشی و سەلامەتی و ئاسوودەیی وتەندروست بەسەر بەرێت و لە ژینگەیەکی پاکدا بژی.

ئەمڕۆ رادەی پێشکەوتنی گەلانی جیهان (جگە لە پێشکەوتنی بواری پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و زانستی. ... هتد) بەوە دەپێورێت تا چەند ئەومیللەتانە یاساکەیان پێشکەوتووە و ئیلتیزامی پێوە دەکەن. میللەتی ئێمە بە هۆی ئەوەی خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووە، کەمتر ئیلتیزامی بە یاساوە کردووە، چونکە یاسا لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دارێژراوە، میللەتی ئێمە هەمیشە بە گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ یاسادا کردووە، هەروەها بە هۆی زەبر و زەنگی داگیرکەرانەوە هەمیشە لە باری بەرەنگاربونەوەدا بووە، ئەوەندە هۆشیاری یاسایی لا دروست نەبووە. ئێستاش لای زۆربەی میللەتی ئێمە و بەرپرسان، کە باسی یاسا دەکەی یەکسەر یاساکانی ڕێکخستنی پەیوەندی نیوان مرۆڤ و کۆمەڵ و دەوڵەت بە خەیاڵیدا دێت، وەك یاسای سزادان، یاسای باری کەسێتی و. ... هتد. کەمتر خەیاڵی بە لای یاساکانی ڕێکخستنی پەیوەندی نیوان مرۆڤ و سروشتدا دەچێت.



لە عێراقدا یاسایەك هەیە بە ناوی یاسای ڕێگاوبانی گشتی (قانون الطرق العامة) ئەم یاسایە لە وڵاتانی تریش هەیە، بێگومان عێراق سوودی لە یاسای وڵاتانی تر وەرگرتووە بۆ دارشتنی یاساکەی خۆی. ئەم یاسایە لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر بایەخی پێ دەدرێت، چونکە پەیوەندی راستە و خۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ئەم یاسایە پەیوەندی نیوان مرۆڤ و ڕێگاوبان و دەوروبەری و ژینگە ڕێك دەخات، دەستکاری کردنی سروشت شتێکی هەروا ئاسان نییە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بە پێی یاسایەك نەبێت و، هەرکەسە و بەکەیفی خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی دەستکاری سروشت بکات، پاشا گەردانی دروست دەبێ و سروشت تێك دەدرێت، واتا ژینگە تێك دەچێت، کە ژینگە تێکچوو مرۆڤ تەندروست نابێت و بە خۆشی ناژیت.

مەرج نییە هەموو یاسایەك کە رژێمی بەعس و حکومەتەکانی پێشووی عێراق دەریان کرد بێت، یاسای خراپ بن و لە بەرژەوەندی خەڵکدا نەبێت، بەڵام خراپی لەوەدا بوو کە جێبەجێیان نەدەکرد، نەك هەر لە عیراق بەڵکو لەو وڵاتانەش کە حوکمی دیکتاتۆری تیایە، زۆر یاسای چاك دەردەکرێت بەڵام جێ بەجێ ناکرێت. یاسای ڕێگاوبانی گشتی یەکێکە لەو یاسا باشانەی لە لایەن حکومەتی بەغداوە دەرکراوە، بەڵام زۆر بە کەمی جێ بەجێ کراوە و بە تایبەت لە کوردستاندا بە هۆی باری نائاساییەوە هیچ بایەخیان پێ نەدەدا، ئەم یاسایە لە (7) حەوت بەش و (24) مادده پێك هاتووە، بەشی (4) کە مادەی (7، 8) ئەگرێتە خۆی بۆ قەدەغەکێشی ڕێگاوبانی گشتی تەرخان کراوە (قەدەغە کێشی واتا قەدەغە کردنی روبەرێك لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە، بە پانییەکی دیاری کراوی هاوتەریب بە سەنتەرەکە بۆ هەر ڕێگایەك بۆ ئەوەی هیچ کەس و دەزگایەك هیچ پرۆژەیەکی تیا ئەنجام نەدا لەبەر سەلامەتی و پاراستنی ڕێگاکە و ئەگەری فراوان بوون و گۆرانکاری لە دوا رۆژدا، پرۆژەی وەك "ئاودێری - کشت وکاڵی – چایخانە ودوکان – کارگە- بەنزینخانە – هێڵی تەلەفون –

هێڵی کارەبا – درەخت – باخ. ....هتد). لە ماددەی (7) بڕگەی (1)دا هاتووە و دەڵێ: دەزگای ڕێگاوبانی گشتی بۆی هەیە بە بەیانێك و لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بلاوی بکاتەوە، قەدەغە کێشی ڕێگاو بانی گشتی (خێرا، سەرەکی، نا سەرەکی و ڕێگای لادێ) دیاری بکات، جگە لەو بەشانەی دەکەونە سنووری نەخشەی بنەڕەتی شارەکان.

ئەوەی من لە بیرم بێ لە هەشتاکاندا کە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگا و بانی سلێمانی کارم دەکرد، بەیانەکەی دەزگاوبانی گشتی عێراق بۆ دیاری کردنی قەدەغە کێشی ڕێگاوبانی گشتی بەم شێوەیە بوو:

1- ڕێگای دوو سایدی نێوان دوو پارێزگا (150م) بوو، واتا لە ناوەڕاستی جەزرەکەوە (75م) بۆ هەر لایەك.

2- ڕێگای یەك سایدی نێوان دوو پارێزگا (100م) بوو، واتا لە ناوەڕاستی قیرەکەوە (50م) بۆ هەر لایەك.

3- ڕێگای یەك سایدی نیوان پارێزگا و قەزا (50م) بوو، واتا لە ناوەڕاستی قیرەکەوە (25م) بۆ هەر لایەك.

4- ڕێگای یەك سایدی نیوان قەزا و ناحیە (30م) بوو، واتا لە ناوەڕاستی قیرەکەوە (15م) بۆ هەر لایەك.

5- ڕێگای یەك سایدی نیوان ناحیە ولادێ هەر (30م) بوو، واتا لە ناوەڕاستی قیرەکەوە (15م) بۆ هەر لایەك.

هەروەها لە ماددەی (8) بڕگەی (10) هاتبوو: دروست کردنی هەر کارگە و کارخانەیەك کە ببێتە هۆی دروست کردنی مەترسی و هەراسان کردن و کارکردن لە ژینگەی ڕێگاکە و بەکارهێنەرانی ڕێگاکە بە هۆی دووکەڵ و هەڵم و غازات و تەپ و تۆز و بۆنی پیس، پێویستە (1کم) لە سەنتەری ڕێگای سەرەکی و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵك (التجمعات السكانية) دوور بێت.



ئەم یاسا لە ساڵی (2002)دا هەموار کراوە و من نازانم ئەو بەیانە تازەی دەزگای ڕێگاوبانی گشتی عێراق دەری کردووە چۆنە و دیاری کردنی قەدەغە کێشی چۆن کردووە، بێگومان بە رای من هەر نزیکە لەو خاڵانەی سەرەوە، بەڵام لە ماددەی (8) بڕگەی (10) هاتووە. ئەو کارگە و کارخانە زیان بەخشانەی بە ژینگە و سەلامەتی خەڵك تازە دروست دەکرێن، پێویستە لە سنوری قەدەغەکێشێکەوە (500م) دوور بێت واتا (575م) لە سەنتەری ڕێگای سەرەکی دوو سایدەوە دوور بێت.

هەموومان دەزانین ڕژێمی بەعس ئەوەندە ئیعتیباری بۆ یاسا دانەدەنا، بە تایبەت لە کوردستاندا (کە هەمیشە لە باری نائاسییدا بوو). بەڵام لە عەرەبستانی عێراق و ئەو شوێنانەی کوردستان کە دەسەڵاتی بەسەردا زاڵبوو، هەندێ لەو یاسایانەی جێبەجێ دەکرد، بەڵام لە کوردستاندا جێبەجێی نەدەکرد، بۆ نمونە کێڵگەی دەواجنی دوز (4-5)کم لە ڕێگای سەرەکی (کەرکوك/ دوز)ەوە دوورە، بەڵام کێڵگەی دەواجنی سلێمانی (کەنەکەوە)، (100-150)م لە ڕێگای سەرەکی (سلێمانی/ کەرکوك) ەوە دوورە و نزیك دێهاتەکانی دەور و بەرێتی. ڕاستە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا بایەخی بەم یاسایە نەدەدا، تەماشاکەن (کارگەی گەچی بازیان)، (کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە)، (کارگەی ئەسفەلتی کەڵەوانان)، (کارگەی ئەسفەلتی تاسلوجە) هەمووی نزیك ڕێگای سەرەکی و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکن، تەنانەت لەو دەشتە پان و بەرینەی (لەیلان)دا (کارگەی چیمەنتۆ و کاشی لەیلان)ی لە سەر ڕێگای سەرەکی و لە نێوان سێ لادێی کوردنشیندا دروست کرد، بۆ ئەوەی دەریانپەڕێنی و تەرحیلیان بکات و بیانروخێنێ، هەر واشی کرد. ئێستا ئێمە ماوەی (14) ساڵە حوکمڕانی خۆمانین، ئەوەی بەعس دروستی کردووە قەیناکە، بەڵام پێویستە بەرپرسانی ئێمە ئەو یاسایانە زیندوو بکەنەوە و ڕەچاوی بکەن، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد تەندروست وسەلامەت بێ و بە خۆشی و ئاسوودەیی بژێ. بۆ نمونە (کارگەی

ئەسـفەلتی تاسـلوجە) کـە لـە سـەر ڕێگـای سـەرەکییە و نزیـك شارۆچـکەی تاسلوجەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند ساڵ بوو لە کار کەوتبوو، یەك دوو ساڵێکە ئیشی پێدەکەن بەرپرسانی ئێمە لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن ئەو کارگەیـە دوور خەنـەوە بـۆ شـوێنی شـیاوی خـۆی، ڕێگـەیان دا بـە تەنیـشتیەوە بـە دانـانی کارگەیـەکی ئەسـفەلتی تـر و کەسـارەیەك و خەباتەیـەکی مەرکـەزی، واتـا قورەکەیان خەست تر کرد و ژینگەی هاوڵاتیانی ئـەو دەور وبـەرەیان پـیس تـر کرد، و سەلامەتی خەڵکی کەوتە مەترسیەوە.

نمونەیەکی تری ئەو سەرپێچی و کەمی هۆشیاری یاسـاییە لای بەرپرسـانی ئێمە، بایەخ نەدانیان بە ژیانی هاولاتی و پاراستنی ژینگەی کوردستان، دانـانی ئەو دوو کارگە خشتەیە لە سەر ڕێگـای سـەرەکی نیـوان (تەکیـەی دەربەنـد و چەمچەماڵ)، هەردوو کارگەکە ساڵ کەمترە دەست بە دروست کردنیـان کـراوە، کارگەی یەکەمیان کە لە تەکیەوە بەرەو چەمچەماڵ بڕۆی نزیکەی (1.5کم) لـە تەکیەوە دوورە و دەکەوێتە دەستە چەپی ڕێگاکە (وەك لـە وێنـەی ژمـارە "1" دیارە)، کارگەی دوەمیان لە دەستە ڕاسـتی ڕێگاکەیـە (وەك لـە وێنـەی ژمـار "2" دیارە) و (3کم) پێش چەمچەماڵە.



وێنەی (1) کارگەی خشت نزیك تەکیە





وێنەی (2) کارگەی خشت نزیك چەمچەماڵ

کارگەی یەکەم لە شوێنێکدا دروست کراوە ڕێگاکە لـە حاڵـەتی بـڕین دایـە نزیکەی (6-7)م خۆڵەکە بڕاوە و ڕێگاکە دروسـت کـراوە، واتـا لێـژایی قـەراخ بەرزە و خۆڵەکەی بە قوڵی (150م) زیاتر و بـە بـەرزی (6م) لـە ئاسـتی ڕووی قیرەکەوە بڕاوە و کارگەکەی تیـا دروسـت کـراوە، لێـژایی قـەراخ بەشـێکە لـە میعماری ڕێگاوبان، نەدەبوایە بەرپرسانی ئێمە ڕێگەیان بدایە ئەو کارگەیە لـەو شوێنەدا دروست بکرێت، چونکە میعمـاری ڕێگاکـەی تێکـداوە و ڕێگاکـە لـە حاڵەتی قەوسی عەمودی دایە (کەوانەی قـۆقز -Crest Vertical Curve)، کارگەکە (75م) لە سەنتەری ناوەند (جەزرە)ی ڕێگاکەوە دوورە، کە بە سـەیارە لە سلێمانیەوە بچی بۆ کەرکوك یان بە پێچەوانەوە، کارگەکە نابینی تا نەگەیتە بەردەمی، کارگەی دووەم لە شوێنێکدا دروسـت کـراوە، لـە پـاڵ گردێکدایـە و شوێنەکەی چاڵە و کە لە سلێمانیەوە بڕۆی بـۆ کـەرکوك نـابینی تـا نەگەیتـە بەردەم کارگەکە، بەڵام لە کەرکوکەوە بچی بۆ سلێمانی کارگەکە دیارە و (75م) لە سەنتەری ڕێگاکەوە دوورە. وا دیارە بە هۆی نەزانین و نەشارەزایی بەرپرسانی ئێمەوە لـە بڕگـەکانی یاسـای ڕێگـا و بـانی گـشتی، تـەنها ڕەچـاوی بڕگـەی

قەدەغەکێشیکەیان کردووە کە دەبوا بە پێی بڕگەی (10)ی ماددەی (8) کارگەکان لە دووری بەلانی کەم (575م) یاخود (1000م) لە سەنتەری ڕێگاکەوە دووربونایە بۆ ئەوەی دووکەڵی کارگەکە ژینگەی ڕێگاکە پیس نەکات و مەودای بینین روون بێت و هەروەها مەفرەقی ڕێگاکە لە شوێنێکی کراوەدا بوایە کە ڕاست و چەپی ڕێگا سەرەکییەکە دیار بوایە و مەفرەقێکی ئەندازەییان بۆ بکرێ و حیساباتی ئاوی جۆگەی تەنیشت و ناوەند (جەزرە)ی ناوەڕاست و پەڕینەوە و لادانی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی روداوی هات و چۆ روو نەدات، چونکە ئەو کارگانە کە کەوتنە کار ڕۆژانە چەندین گەلابە یان تراکتۆر خۆڵیان بۆ دەهێنێت و خشتیان لێ بار دەکات. ئێستا ئەو تەجاوزە یاساییە لەمبەر و ئەوبەری زۆربەی ڕێگاکانی دەر شاردا دیارە، چی هی کۆن و چی هی تازە، ئەگەر وا بڕوات لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکانی دەر شار دەبنە ناوچەی پیشەسازی. خەڵکینە سەیری وێنەی ژمارە (1) و ژمارە (2) بکەن، کە دیمەنێکی تەقریبی هەردوو کارگەکەیە، ئەگەر یاسایش نەبێ بە ویژدانتان ئەوە جێگای کارگەیە؟ یان تەڵەی مەرگە؟![*****]

## سایدی دووەمی ڕێگای (تاسلوجە/ دوکان)، پڕۆژەیەکی بێ سەروبەر

چەند ساڵێك بوو باسی دروست کردنی سایدی دووەمی ڕێگای (تاسلوجە/ دوکان) دەکرا، ئێمەش هەر دەمان وت پێویستە رووپێو بکرێت، دیزاین بکرێت، حیسابی کەمیاتی بۆ بکرێ. ئیتر بە شێوازی (تنفیذ مباشر) یاخود بدرێت بە بەڵێندەر بۆ جێبەجێ کردن. ئەنجام رووپێو ودیزاینی و حیسابی کەمیاتی بۆ کرا و کرا بە تەندەر و درا بە بەڵێندەر، ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزار و گرنگە بۆ ئێستا و دوا ڕۆژی وڵاتەکەمان. ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێ زانیاریە لە سەر پڕۆژەکە:

1. ناوی پڕۆژە: سایدی دووەمی ڕێگای (تاسلوجە/ دوکان).
2. ناوی خاوەن کار و سەرپەرشتیار: وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە.
3. ناوی بەڵێندەر: چاینا رەیل وەی گروپی 18 (کۆمپانیای چینی) + نزار گروپ (کۆمپانیای خۆماڵی)
4. بڕگە سەرەکییەکانی پڕۆژەکە: 46کم ڕێگا + 3 پرد + 106 قەنتەرەی بۆری و سەندوقی
5. تێ چووی پڕۆژە: 24 ملیون دۆلار + 2.16 ملیون دۆلار (ئیحتیات و موراقبە)
6. ماوەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە: 510 ڕۆژ (17 مانگ).
7. ڕۆژی دەست بە کاربوون: 2004/10/15
8. ڕۆژی تەواو بوون: 2006/3/9

ئەم (46کم) ڕێگایە، (5کم)ی دوو سایدە لە پردی تاسلوجەوە تاکو مەفرەقی کارگەی چیمەنتۆ، لەم (5کم)ە سایدە تازەکە لای دەستە چەپە (ساڵی



1990 جێ بەجێ کراوە)، بەڵام لە مەفرەقەکە بەولاوە (کە ئێستا ئیشی تیا دەکەن) سایدە تازەکە براوەتە دەستە ڕاست، بۆ؟ من نازانم ! لە مەفرەقەکە تاکو نزیك (تابین)، ئاساییە سایدە تازەکە لای چەپ بێت یاخود ڕاست (پێویستە دیزاینێکی تەواو بۆ ئەم ئەمبەر و ئەوبەر کردنە لای مەفرەقەکە بکەن). سایدە تازەکە هاوتەریبە لەگەڵ سایدە کۆنەکە لە مەفرەقەکەوە تاکو دوکان. لە روپێو و دیزاین کردنی ڕێگاوباندا چەند پرنسیبێك هەیە پێویستە رەچاو بکرێت وەك: کورتترین مەسافە، کەمترین قەنتەرە و پرد، کەمترین برین و پڕکردنەوەی خۆڵ، خۆ لادان لە کۆسپ و گرفت....هتد، بۆ ئەوەی بە کەمترین پارە و ماوە تەواو بێت. مەسافە و قەنتەرە و پرد و مەنسوبی ئەم پڕۆژەیە دیارن، چونکە سایدە تازەکە تەریبە، بەڵام دەبوایە لە پێش (تابین)ەوە بیریان لەوە بکردایەتەوە چەند جارێك ئەمبەر و ئەوبەریان بە سایدە تازەکە بکردایە بۆ ئەوەی خۆیان لە هەندێك کۆسپ و گرفت لابدایە و توشی کەمترین خۆڵ برین و پڕ کردنەوە بونایە یاخود سەنتەری هەردوو سایدەکەیان ببردایەتە سەروتر و سروشتی ناوچەکەیان بەو شێوەیە تێك نەدایە.

بە پێی لێدوانێکی ئەندازیارێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە پێش چەند مانگێك لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خوێندمەوە، پانبڕی ڕێگاکە بەم شێوەیەیە: سایدە تازەکە (8.25م) قیرتاو، ناوەند (جەزرە)ی ناوەڕاست (10.5م)، سایدەکۆنەکە (6م) قیرتاوە بکرێ بە (8.25م)، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە بە پێی پانبڕی خۆڵ برینەکە لە هەندێ شوێندا وا دیارە جەزرەکە کەم کراوەتەوە. بە رای من لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایە ڕێگایەکی سەرەکی و قەرەباڵغە، دێهات و شار و شارۆچکەیەکی زۆری لە سەرە و ناوچەکەش گەشتیارییە لە ڕۆژانی هەینی و پشوو و جەژن و بۆنەدا خەڵکی زۆر رووی تێ دەکەن دەبوایە پانبڕەکە بەم شێوەیە بوایە: سایدی کۆن وتازە (12م) قیرتاو

(بەپێی ستاندەردی سێ لەین "3 lane")، جەزرەی ناوەراست (6م)، شۆستە (3م) بۆ هەردوو لا. هەتا دەیان ساڵی تریش پێویستی بە فراوان کردن و گۆڕانکاری نەدەکرد. هەروەها من شتێکی ترم پێ چاك بوو ئەگەر بیان کردایە، هەردوو بەری جادەکە دێهاتێکی زۆری لەسەرە و رەز و باخ و ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتی زۆریان هەیە، دەبوایە لە چەند شوێنێك تونێلی پەڕینەوەی پیادە و ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات و تراکتۆر و عارەبانە و ئۆتومبیل دروست بکرایە بۆ نمونە: لە ناوچەی تاسلوجە، کۆمەڵگای پیرەمەگرون، سابورئاوا و موغاغ، کانی سارد، قەشقۆڵی. ...هتد. چونکە ئەو رێگایە رێگایەکی سەرەکی و ستراتیجییە پێویست بوو بە وردی بیر لە دوا رۆژی بکرایەتەوە، چەند ساڵێکی تر ئەمبەر و ئەوبەری رێگاکە بە چڕی ئاوەدان دەبێتەوە، تەنانەت ئەوەتا ئێستا بڕیار دراوە شارێك بە (3000) خانوو لە ناوچەی (تابین) دروست بکرێت.

هەر پرۆژەیەك گەر بە پلان و بەرنامە جێ بەجێ بکرێت پێویستە زنجیرەی قۆناغەکانی جێ بەجێ کردن دیاری بکرێ و هەردوو لایەنی سەرپەرشتیار و جێ بەجێکار پەیڕەوی بکەن و خشتەی پێشەوەچونی پرۆژەش لە ئۆفیسی هەردوو لادا هەڵواسرێت، رۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە پێشەوەچونی بڕگەکان دیاری بکرێ و مانگانە رێژەی جێ بەجێ کردن لەگەڵ رێژەی پارەی سەرف کراو ورێژەی ماوەی بەسەر چووی جێبەجێ کردن بەراورد بکرێ. ئەگەر هەر سێ رێژەکە هەموو سەر مانگێ هاوسەنگ یان لە یەك نزیك بوون ئەوا مانای وایە پرۆژەکە بە رێکوپێکی و بە پێی بەرنامە جێبەجێ دەکرێ، بەڵام ئەگەر جیاوازی زۆر لە نیوان رێژەکاندا هەبوو ئەوا مانای وایە خەلەلێکی زۆر هەیە و پێویستە هەردوو لایەن بە پەلە چاو بخشێننەوە بە بەرنامەکەیاندا و دەست نیشانی هۆکاری خەلەلەکان بکەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە تاکو پرۆژەکە بێتەوە سەر باری خۆی.



بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەی رێگاوبان زنجیرەی قۆناغی ئیش کردن پێویستە بە پێی ئەم زنجیرەیەی خوارەوە بێت لەگەڵ ئۆڤەرلاپ کردنیان:

1. پاك کردنەوەی روبەری پرۆژەکە.
2. دروست کردنی قەنتەرە و پرد.
3. بڕینی و پڕ کردنەوە و کوتاندنەوەی خۆڵ.
4. تێکەڵە رۆ کردن و کوتاندنەوە.
5. قیرتاو کردن.
6. وردەکارییەکان وەك (شۆستە، رێکخستنی جەزرە و مەنهۆڵ، جۆگەی تەنیشت، لێژایی قەراخ، پاك کردنەوەی ئاسەواری پرۆژە. ... هتد).
7. دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ و هێڵ کێشان و گارد رەیل "السیاج الواقی". ... هتد)

بە حوکمی ئەوەی من سەرپەرشتیاری پرۆژەیەکی بیناسازیم لە ناوچەی دوکان، هەفتانە من بەو رێگایەدا هات و چۆ دەکەم لە سەرەتای دەست بەکاربونەوە دەبینم ئەو پرۆژەیە زۆر بێ سەر و بەر جێبەجێ دەکرێ و بە پێی زنجیرەی قۆناغەکانی یەك بە دوای یەکی بڕگەکاندا جێ بەجێ ناکرێ واتا رەچاوی ئابوری ئەندازە ناکرێ، بەڵگەشم کە ئەمڕۆ (2005/7/15) ە، رێژەی جێ بەجێ کردن لەو پرۆژەیە (13٪) و رێژەی ماوەی بەسەر چوو (53٪)، رێژەی پارەی سەرف کراو نازانم. ئەم جیاوازی رێژەیە خەلەلێکی گەورەیە و پێویستە زەنگێکی گەورە بێت و هەردوو لایەنی سەرپەرشتیار و جێ بەجێ کار پێی بە ئاگا بێنەوە و چاو بە هەموو بەرنامەی جێ بەجێ کردنەکەدا بخشێننەوە، ئەگینا ئەگەر وا بڕوات جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە چەند ساڵێك دەخایەنێت و بەو (24) ملیونەش تەواو نابێت.

بێ سەر و بەری ئەو پرۆژەیە لەوەدایە یەکسەر پەلاماری هەر (46کم)کەیان دا بە بێ ئەوەی ئیمکانیاتی مەکینە و کەوادری ئەو پەلامارەیان هەبێت، تەنها لە یەك خاڵدا نەبێ کە ئەویش خاڵی خۆڵ برینە، خاڵی خۆڵ برین و پاككردنەوە دوو برگەی کارئاسانن، چونکە هیچ مواسەفات و تێستێکیان ناوێ، جگە لە پێوانەکارییەکی سادە (مەنسوبی سایدە کۆنەکە دیارە) کە ئەویش پێوانەی پانی رووبەری پرۆژەکەیە (Slope Stack)، بەڵام برگەکانی تر وەك: پڕ کردنەوەی خۆڵ، کۆنکریت، تێکەڵە، قیرتاو. ... هتد. چەندین تێست و مواسەفاتیان پێویستە لەگەڵ پێوان کارییەکی وردی زۆر، بەرای من دەبوایە قۆناغ بە قۆناغ (5 کم یان 10کم) کاریان بکردایە و برۆیشتنایە پێشەوە و تەنانەت تا ئێستا برگەی پاككردنەوەیان تەواو نەکردووە و چەندین کۆسپ لە بەردەمیان دایە وەك (بۆری پەڕینەوەی ئاوی کشت وکاڵ، بۆری سەرەکی ئاوی دوکان/ سلێمانی، عەمود و تاوەری کارەبا، عەمودی تەلەفون، باخ، خانووی لادێ، خۆڵی بێ کەڵك. ... هتد).

لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی رێگاوباندا، پێویستە یەکەم جار دەست بە پاككردنەوە بکرێت و هەروەها هەڵکەندنی شوێنی قەنتەرە و پردەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ دەست پێ کردنی برگەی خۆڵ بڕیندا دەست بکەی بە پڕ کردنەوەی چاڵ و نزمایی و سەرپشتی قەنتەرەکان، بەڵام ئەمان وایان نەکردووە و تا ئێستا لەو (106) قەنتەرەیە کۆنکریتی بناغەی (12) قەنتەرەیان تێکردووە و هەندێك ئیشیان لە پردی خڕی زێوی و پردی (تابین) کردووە و زیاتر برگەی خۆڵ بڕین جێبەجێ دەکەن و خۆڵە زیادەکەشیان بەکار نەهێناوە بۆ پڕ کردنەوە (لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت) بەڵکو بە ئەمبەر و ئەوبەری سایدە کۆن و تازەکەدا فڕێیانداوە و کەڵەکە کردووە و سروشتی ئەو ناوچەیەیان هەموو تێکداوە و شێواندووە و لە پێش (تابین) بەو لاوە زەوی و باخاتی خەڵکەکەشیان داپۆشیوە و



پێویستە خەڵك و کار بەدەستان ئەمە قەبوڵ نەکەن، چونکە سروشت تێکدان وزیان گەیاندن بە خەڵك بە بێ بەرامبەر لە بەر بێ سەر و بەری هەردوو لایەنی پرۆژەکە قابیلی قبوڵ نییە.

راستە مەکینەیەکی زۆریان خستوەتە کار و نزیکەی (110 تا 120) مەکینە دەبێ، بەڵام مەکینەکان زۆربەی بۆ ئیش و کاری خۆڵ بڕینن نەك خۆڵ پڕ کردنەوە کە دەبوایە تا ئێستا قەنتەرەکان هەمووی تەواو بوایە و مەکینەی پڕ کردنەوە و کوتانەوەی خۆڵیان زیاد بکردایە وەك (رۆڵە، گریدەر، تەنکەری ئاو).

ئەوەی من سەرنجم دابێ (7 رۆڵە، 5 گریدەر، 4 تەنکەر) ی ئاویان هەیە، بەڵام نزیکەی (52) مەکینەی خۆڵ بڕینیان هەیە وەك (بلدۆزەری گەورە و بچوك، شۆفڵی زنجیر و تایە، حەفارە) لەگەڵ نزیکەی (45) گەلابە کە هەر بۆ خۆڵ فڕێدان بەکاریان دەهێنن نەك بۆ خۆڵ پڕ کردنەوە (جار جار نەبێت).زۆربەی ئەو خۆڵەی فڕێی دەدەنە دەرەوەی پرۆژە، ئەگەر دەست بکەن بە پڕ کردنەوە دەبێ جارێکی تر بە شۆفڵ باری بکەن لە گەلابە و بیگەڕێننەوە بۆ ناو پرۆژە. ئەمە هەڵەیە و دەلالەت لە بێ بەرنامەیی و بێ سەر و بەری دەکات و کۆمپانیاکە زەرەر دەکات، چونکە بەم شێوازی ئیشکردنە ئەگەر (1م3) بڕین و پڕ کردنەوەی خۆڵ (2) دۆلاری تێ بچێت، ئێستا (4) دۆلاری تێ دەچێت.

ئەگەر سەرنج بدەین تا ئێستا لە (53%) ماوەکە بەسەر چووە و هیچ برگەیەکیان لەو (7) برگەیەی سەرەوە تەواو نەکردووە، باشە ئەو (8) مانگەی ماوە کە چەند مانگێکی بەر زستان دەکەوێ، تۆ بڵێی بتوانن لەو ماوەیەدا ئەو هەموو برگانە تەواو بکەن؟! من دەڵێم ئەوە مەحاڵە، ئەگەر بە (9) مانگ رێژەی جێبەجێ کردن لە (13%) بێت، تۆ بڵێی لە ماوەی (8) مانگدا رێژەی (87%) تەواو بکەن، من باوەڕ ناکەم و هیچ عەقڵێك نایبڕێ ئەو کارە بکرێت، ئەو برگانەشی کە ماون دەبێ هەمووی بە پێی مواسەفات و تێست و پێوانە کاری بکرێت. هەر چەند بەو

ڕێگایەدا هات و چۆ دەکەم و تەماشای قەد و بالاّ و لەنجە و لاری ئەو مەکینانە دەکەم، هەست دەکەم ئەو پرۆژەیە چەند سالّێك دەخایەنێت.

لە ریپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (3714)ی ڕۆژی (2005/7/4) دا، بەڕێوەبەری کۆمپانیای چینییەکە باسی کۆسپەکان دەکات وەك (بۆری سەرەکی ئاوی سلێمانی و تاوەری کارەبا) ئەمە ڕاستە کە دەبوایە لایەنی سەرپەرشتیار ئەو کۆسپانەیان تاکو ئێستا چارەسەر بکردایە، بەلاّم هۆکاری دوا کەوتنی پرۆژەکە هەر بۆری ئاو و تاوەری کارەبا نییە، بەلّکو بیٚ بەرنامەیی جێبەجیٚ کردنی ئیشەکەیە، تا ئێستا بۆ قەنتەرەکان تەواو نەبووە؟! بۆ پردی قەشقۆلّی ئیشی لیٚ ناکرێت؟! بۆ پردەکانی تر ئیشی تیا خاوە؟! بۆ پڕکردنەوە و کوتاندنەوەی خۆلّ زۆر کەمە؟! کوانیٚ تێکەلّە؟ کوانیٚ کەسارەی بەرد شکاندن؟ کوا کارگەی قیر؟ کوا مەوادی (46کم) قیرتاو؟ هتد. هەروەها لە ریپۆرتاژەکەدا سیٚ بەڕێز قسە دەکەن، مونیرە خانی قائیمقامی دوکان، کاك حەمە ئازاد تەها بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبان، مستەر (چان شین چان) بەڕێوەبەری کۆمپانیای چینی، قسەکانی هەرسێکیان ڕاستە و لە سەر حەقن و پشتگیریان لیٚ دەکەم، بەلاّم هەلّوێستە لە سەر قسەیەکی کاك حەمە ئازاد دەکەم کە دەلّیٚ: (بەر لە مانگێك زیاتر لە دەست پێکردنی پرۆژەکە و هەر لە دوای ئیمزا کردنی گرێبەستەکە، فەرمانگەی ئاو، کارەبا، شارەوانی، هەموو ئاگادار کراونەتەوە بەلاّم بە داخەوە جۆرێك لە سیستی و کەمتەرخەمی لە لایەن ئەو دەزگایانەوە بونەتە هۆی ئەو کێشانە.) ئەم قسەیە سەد دەر سەد ڕاستە، واتا (10) مانگە ئەو فەرمانگانە بە نوسراو ئاگادار کراونەتەوە، بەلاّم بە دەنگی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە ناچن. بە داخەوە لەوەتەی حوکمڕانی خۆمان دەکەین، هەماهەنگی و هاوکاری نێوان فەرمانگەکان زۆر کز و لاوازە، کە نەدەبوایە وا بوایە و هۆکارەکانیش زۆرن لێرەدا باس ناکرێت. ئەگەر حکومەت



گرنگی ئەو پرۆژە خزمەتگوزار و ستراتیژەی بزانیایە و بایەخی پیٚ بدایە، دەبوایە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە فەرمانی بە فەرمانگەی ئاو و دەزگای کارەبا بدایە و هەر یەکە تیمێکی کارای لەو پرۆژەیە دابنایە بۆ هاوکاری کردنی تیمەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تاکو چارەسەرکردنی تەواوی ئاستەنگەکان. ئەوە (9) مانگ لە ماوەی پرۆژەکە بەسەر چووە تا ئێستا فەرمانگەی ئاو نەیتوانیوە ڕێچکە و قولاّیی بۆرییەکە دیاری بکات (کە ئاویش کەم دەبێت، دەلّیٚ بۆرییەکە شکاوە). هەروەها زۆربەی عەمود و تاوەرەکان هەلّواسراون و لە حالّەتی کەوتندان، تازە بە تازە دەزگای کارەبا وەك مستەر (چان شین چان) دەلّیٚ، تەندەری نرخ هەرزان دەخاتە بازاڕەوە، پێویستە بەرپرسانی گەورەی حکومەت بە پەلە فریای حالّەتی ئەو عەمود و تاوەرانە بکەون و چاوەڕیی تەندەر نەکەن، تەنانەت ئەوە دوو هەفتەیە ڕێگاکە لای قەمچوغە تەحویل کراوە بۆ سەر ڕێگا سیاحییەکە لە ترسی کەوتنی عەمود و تاوەر و ڕودانی کارەسات. ئێستا ئەو عەمود و تاوەرانە لە سەر بناغەی خۆیان ڕانەوەستاون بەلّکو بە هاوسەنگی تەل و وایەرەکان ڕاوەستاون، با خەلّکی سلێمانیش ئاگادار بێت کەوتنی ئەو عەمود و تاوەرانە لە ئان وساتدایە (مەگەر بە قودرەتی قادر نەکەون)، کەوتنیش واتا ڕودانی کارەسات و پچڕانی کارەبا وئاوی سلێمانی بۆ چەندین هەفتە.

شارەوانی سلێمانی لە تەقاتوعی جادەی زەرگەتە و (60) مەترێکە پردێك (تونێل)ێك دروست ئدەکات بە پانی شەست مەترێکە و بە درێژی (12م) لەگەلّ (1کم) ڕێگای موقتەرەبات، بەپێی گرێبەست ماوەی جێبەجیٚ کردن (500) ڕۆژە واتا (17 مانگ دە ڕۆژ کەم). پرۆژەی سایدی دووەمی (تاسلوجە/ دوکان)یش، (3) پرد و (106) قەنتەرە و (46کم) ڕێگا بە پێی گرێبەست ماوەی جێبەجیٚ کردن (510) ڕۆژە (واتا 17 مانگ)، توخوا خەلّکینە

بەراوردی ئەو ژمارانە بکەن لەگەڵ ماوەی جێ بەجێ کردنی ئـەو دوو پرۆژەیـە! خۆتان حەکەم بن! خودایە، ئێمە چی عەقڵێ بەڕێوەمان دەبـات؟! ئـەی هـاوار، کوومان ویست، کووی لێ هات؟!

تێبینی: پرۆژەی جووت سایدی (تاسلوجە – دوکان) لـە مـانگی (تـشرینی یەکەمی/ 2008) تەواو بوو، بە بێ پردەکەی قەشقوڵێ(******).

## سلێمانی هەولێر نییە، هەولێر و سلێمانیش نابن بە دوبەی

ماوەی چەند مانگێکە دەنگۆی ئەوەم دەبیست گوایە کاربەدەستانی شاری سلێمانی بە نیازن (6) شەش ئەندەر پاس لە شاری سلێمانی دروست بکەن، بەڵام سەرچاوەی زانیاریم هەر بەدەمی بوو، تاکو لە رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (903) لە (2009/1/28) و رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (4784) لە (2009/1/30) بە ئاشکرا لە دەمی کاربەدەستانەوە بڵاو کرایەوە. هەموو شتێك تەواو بووە، بێ ئەوەی کەس بزانێ و سەرەتای مانگی (3) سێ دەست بە کار دەبن.

چەند ساڵێکە لە شاری هەولێر کۆمەڵێ ئەندەر پاس و ئۆڤەر پاسی چاك جێبەجێکراوە، هەروەها شەقامە سەرەکیەکانی ناو شاری هەولێر بە چاکی و جوانی رێکخراون و چاککراونەتەوە، یاخود تازە جێیەجێ کراون (سەرباری هەندێ سەرنجم). لەم چەند ساڵەدا چەندین جار لە کار بەدەستانی ئەملا پرسیار کراوە کە لە هەولێر ئیشی باش کراوە (راستە وایە) بەڵام لە سلێمانی ئیشی باش نەکراوە. کاربەدەستانی ئەملاش لە راگەیاندنەکاندا هیچ وەڵامێکی وایان پێ نەبوو جگە لەوەی بە توندی وەڵامیان دەدایەوە کە لە سلێمانی ئاوەرۆ زۆر کراوە بەڵام لە هەولێر نەکراوە (هەڵسەنگاندنی ئەم وەڵامە و بەراورد کردنی ئاوەرۆی سلێمانی بە ئیشەکانی شاری هەولێر هەڵدەگرین بۆ نووسینێکی تر). بەڵام ئەم وەڵامە وەڵامی ئەو پرسیارە نییە. ئێستا کاربەدەستانی ئێرە بۆ خۆدەربازکردن لەو پرسیار و بەراورد کردنەی نیوان شاری سلێمانی و شاری هەولێر، بڕیاریان داوە (6) شەش ئەندەر پاس لە شەقامەکانی سلێمانی دروست بکەن، کە ئەمە چاو لێکەری هەولێرە، چونکە بە پێی زانست و پلان نییە. ئەوەی لە شاری هەولێر کراوە مەرج نییە لە شاری سلێمانی بکرێ. چونکە سلێمانی سلێمانیە و هەولێر هەولێرە.



سلێمانی زۆر جیاوازە لە هەولێر، هەروەها زۆر سەیرم دێ هەر کار بەدەستێك لە سلێمانی یان لە هەولێر جار بە جار خۆشی دەیگرێ، دەڵێ سلێمانی دەکەین بە دوبەی، دەڵێ هەولێر دەکەین بە دوبەی، کە ئەوە دەلالەت لە ئەوپەڕی نە شارەزایی دەکا، چونکە سلێمانی و هەولێر و دوبەی زۆر جیاوازن لە یەکتر، لە بەر ئەوەی مێژوو و جوگرافیا و تۆپۆگرافیا. هتد زۆر دوورن لە یەکەوە و هەر شارە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بۆ نمونە:

1- توپۆگرافیای شاری سلێمانی زۆر جیاوازە لە تۆپۆگرافیای شاری هەولێر، سلێمانی شاخاویە، هەولێر دەشتاییە.
2- جوگرافیای شاری سلێمانی زۆر جیاوازە لە جوگرافیای شاری هەولێر، کە نەخشەی بنەڕەتی هەردوکیان ئاسمان و رێسمانە.
3- مێژووی شاری سلێمانی وخەڵکەکەی زۆر جیاوازە لە مێژووی شاری هەولێر وخەڵکەکەی.
4- بە حوکمی تۆپۆگرافیا و کەش و هەوا، شەقام و جادەکانی سلێمانی تەسکترن لەوانەی هەولێر.
5- بە حوکمی تۆپۆگرافیا، ساڵانی زوو لە سلێمانی نەتوانراوە جۆگرافیای فراوان بۆ شارەکە بکرێت.
6- لە هەولێر کە دەڵێی شەقامی (30م)ی، هەر (30 م) کە بە تەواوی ماوەتەوە، بەڵام لە سلێمانی وانییە، ئەوەندە تەجاوزات زۆرە هیچ شەقامێك بە پانی و رێکی خۆی نەماوەتەوە تەنانەت (شارع دائیری)یش. (ئەمەش کەمتەرخەمی و بێ ئیرادەیی شارەوانی سلێمانیە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر).
7- لە هەولێر ئەندەر پاس و ئۆڤەر پاس لە شەقامی (60م) و (40م) دروست کراون، نەك لە شەقامی (20م) و (30م) وەك لە سلێمانی دەیانەوێ بیکەن.

8- له هەولێر یەکتربڕ رێك و پێکه (ئەندازەییه) بەڵام له سلێمانی یەکتربڕ نا رێکه (ئەندازەیی نییه)، وەنەبێ لەوانەی هەولێر نا تەواوی نەبێ.

9- دروستکردنی ئەو ئەندەر پاسانه لەو شوێنانەی که له رۆژنامەدا باس کراوه کارێکی راست نییه و چارەسەری کێشەی هاتوچۆ ناکات بەڵکو شارەکه زیاتر دەشێوێنێ. ئەمەش شوێنی یەکتربڕەکانه ( (کتێبخانەی گشتی (صەناعه)، سلێمانی پالاص (فولکەی شەهید ئارام)، فولکەی یەکگرتن (دەسەکه)، مەجید بەگ (فولکەی قازی مەحەمەد)، توی مەلیك (فولکەی کاوه)، فولکەی مامە ریشه)). چونکه ئەو شوێنانه زۆر تەسکن و جێگای ئەندەر پاسی لێنابێتەوه، وەك بیستوشمه لە یەکتربڕی سلێمانی پالاس و مەجید بەگ ئەندەر پاسەکه قەوسه.

به پێی ئەو خاڵه سەرەکیانەی سەرەوه و زۆر خاڵی تر جێبەجێکردنی ئەو (6) شەش ئەندەر پاسه و لەو شوێنانه و گوایه به (7) حەوت مانگ تەواو دەبێت، دەبێته هۆی:

1- تێکدان و سرینەوەی بەشێك له مێژووی شارەکه و خەڵکەکەی.
2- کوشتنی زاکیرەی شارەکه و خەڵکەکەی.
3- تێکدانی جوگرافیای و مەنسوبی شارەکه.
4- تێکدانی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و تەلەفۆنی شارەکه.
5- بڕینەوەی سەدان درەخت.
6- زیاد بوونی خێرایی لێخورینی ئۆتومبیل و تێکدانی رێڕەوی هاتوچۆ و زیاد بوونی روداوی وەرگەڕان وپێکدادان.
7- لەبەر ئەوەی تۆبۆگرافیای شاری سلێمانی زۆر لێژه لەگەڵ بارینی بارانی خوڕ و تاوه باران، یەکسەر باراناوەکه له ناو چاڵی ئەندەرپاسەکه کۆدەبێتەوه و



ئاوەڕۆ فریای سەرف کردن ناکەوێ ودەبێت بە گۆلاو و رێگای هاتوچۆ دەگیرێت، وەك چەند جارێك له ئەندەرپاسی (خەسرەو خاڵ) رویدا.

8- دابەزینی نرخی زەوی و خانوو و دوکان وبازاڕی دەور وبەری ئەندەرپاسەکان.
9- جێبەجێکردنی ئەو ئەندەر پاسانه دەبێته هۆی ئەوەی لەو یەکتربڕانه شەقام و شۆستەکان تەسکتر بن و کێشه و رووداوی هات و چۆ زیاتر بێت و کار له هات و چۆی پیاده و بینینی خەڵکەکەش دەکا، چونکه ئەو یەکتر بڕانە، ئەوه هەڵناگرێ، وەك سەقەتی ئەندەر پاسەکەی زەرگەته (که پێویست نەبوو) هەروەها سەقەتی ئۆڤەر پاسەکه وپارکه چاڵەکەی خەسرو خاڵ و ئەو ئۆڤەر پاسه غەڵەتەی چوار ریانی سەرچنار.
10- ئەگەر دەڵێن کێشەی هات و چۆ و قەرەباڵەغیمان هەیه، ئەی باشه بۆچی شەقامی مەولەوی دادەخەن؟؟ که شا دەماری هاتوچۆ و شەقامەکانی سلێمانیه، من ناڵێم له شاری سلێمانی قەرەباڵەغی نییه، بەڵام ئەو زۆره نییه که چاره نەکرێ. من له دەرەوەی عێراق تەنها شاری (تاران و بەیروت) م بینیوه، ئەو دوو شاره زۆر له سلێمانی قەرەباڵەغترن، بەڵام له شاره کۆنەکه و شەقامه تەسکەکاندا ئەندەر پاس و ئۆڤەر پاسیان دروست نەکردووه. بەڵکو له شەقامه پان و کراوەکاندا کردوویانه وەك ئەوانەی هەولێر، بەڵام له شەقامه تەسکەکاندا شۆسته وقیرتاو و سەره مەنهۆڵ و عەمود و درەخت و هاتوچۆ... هتد یان چاککردووه و رێکخستووه و جوان کردووه و قەرەباڵەغیش دروست نابێت.
11- لەو شوێنانەی که به نیازن ئەندەر پاس دروست بکەن، پێویستی به چاککردن و رێکخستنی شۆسته و شەقام و هاتو چۆ و. ...هتد هەیه نەك ئەندەر پاس، بۆ ئەوەی هاتو چۆی پیاده و ئۆتۆمبێل ئینسیابیەت وەرگرێ.

12- ئەگەر دەتانەوێ خزمەت بە خەڵك و شارەکە بکەن و جێ دەستان دیار بێت، فەرموو ئەوە یەکتر بڕی (شار ع دائری– ڕێگای عەربەتی کۆن) هەروەها یەکتربڕی (شارع دائری – ڕێگای کاریزە ووشك/ دۆڵە رووت) کە شوێنەکانیان فراوانە و تۆپۆگرافیا و جۆگرافیاکەی لە بارە. هەروەها چاککردن و ڕێکخستن و جوانکردنی شەقامە سەرەکیەکانی شار وەك ئەوەی شەقامی مەولەوی (بەڵام درەخت مەبڕنەوە)، کە کەلتوور و مێژوو و جوگرافیا و زاکیرەی شەقامەکە پارێزراوە.

13- لەوانەیە چاککردن و ڕێکخستن و جوانکردنی شەقامە کۆنە سەرەکیەکانی شار و یەکتربڕەکانیان، هەمووی (1- 2) ملیون دۆلاری تێبچێ و ئەو پارەیەی تەرخان کراوە (50-60 ملیون دۆلار) بۆ ئەو ئەندەر پاسانە، باشتر وایە سەرفی بکەن بۆ ئەو دوو یەکتربڕەی (شارع دائری) کە لە سەرەوە باسم کرد لەگەڵ ئیستملاکی خانووەکانی گەڕەکی (کارێزە وشك) بۆ ئەوەی دوو سایدەکە بەردەوام بێت لەگەڵ تەواوکردنی ئەو شەقامە دوو سایدەی کە لە ریعایەوە دێت وزۆر پرۆژەی تر.

14- سلێمانی ئەو شارە قەرەباڵغە نییە کە نەتوانرێ هاتوچۆی تیا ڕێکبخرێت، بەڵام پێویستی بە زانست و پلان و شارەزایی و ڕاوێژ هەیە. لەگەڵ پارە کە ئێوە لە بەردەستاندا هەیە.

15- تێکدانی سیمای شار بە هەر سێ مەوداکەی (پانی، درێژی، بەرزی) حەقی تاکە کەس و چەند کەسێك نییە کە ئەو بڕیارە بدەن، بەڵکو حەقی هەموو خەڵکی شارە، کە پێویستە کاربەدەستان ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکی شار و پسپۆڕان وشارەزایان و ڕۆشنبیران. ... هتد بکەن کە ئەمە یاسایە لە هەموو وڵاتێکدا و لای خۆشمان بەڵام کاری پێ ناکرێت. فەرموون سەیری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (4786) لە (2009/2/2) بکەن، کە



خەڵکی (یابان) پارە دێنێ و دێت وێستگەی کارەبا بۆ ناحیەی دێرەلوك لە پارێزگای دهۆك دروست دەکا، پێش ئەوەی هیچ شتێك بکات داوا دەکات شارەزایان و پسپۆڕان و خەڵکی ناوچەکەی بۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ بکا و ئایە ڕازین ئەو پرۆژەیە دروست بکرێت یان نا؟


کوردستانی نوێ No: 4786 Monday_ 2/2/2009

## بۆ پرۆژەیەکی کارەبا، ڕاو سەرنجی هاووڵاتیان وەردەگیرێت

کوردستانی نوێ

بڕیارە ڕۆژی ٢/٩، ڕاو سەرنجی دانیشتووانی ناحیەی دێرەلوك لەسەر دروستکردنی پرۆژەی هایدرۆپاوەری دێرەلوك وەربگیرێت.

حەمەئەمین محەمەد حەسەن ئەندازیاری شارەزا لەبواری هایدرۆپاوەر پێیڕاگەیاندین: بڕیارە وەفدێکی وەزارەتی کارەبا و بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی پارێزگای دهۆك، ڕۆژی ٢/٩ کۆبوونەوەیەك لەگەڵ دانیشتووانی گوندو ناحیەی دێرەلوك لەناو بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی دێرەلوك ئەنجامبدات. وتیشی: مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکەو وەرگرتنی ڕاو سەرنجەکانیانە لەسەر وردەکاریی جێبەجێکردنی پرۆژەی هایدرۆپاوەری دێرەلوك، کە لەسەر قەرزی یابانی جێبەجێدەکرێت.

باسی لەوەکرد، کۆبوونەوەکە لەسەر داوای وڵاتی خاوەن قەرزە، وتیشی: پرۆژەکە بریتییە لەدروستکردنی بەربەستێکی ئاو بەبەرزیی ٢٣,٥مەترو جۆگەیەکی کراوە بەدرێژیی ٢٧٠مەترو پانی ١٢مەتر، کە توانای بەرهەمهێنانی ٣٠ میگاوات کارەبایە، کەساڵانە دەکاتە ١٥٧ گیگاوات سەعات.

کاربەدەستانی ئێمەش کە خۆیان بە نوێنەری خەڵك دەزانن، بێ ئەوەی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕان و خەڵکی شارەکە بکەن، یەکسەر بڕیار دەدەن، هەموو ورگی شارەکە بهێننە دەرەوە! من پرسیار دەکەم وەکو ئەو خەڵکە و ئاگام لە هیچ نییە: تۆ بڵێی لیژنەیەکی پسپۆر ئەو شوێنانەی هەڵبژاردبێت بۆ ئەندەر پاس و مەحزەری هەبێت؟ تۆ بڵێی ئەو ئەندەر پاسانە ماکیتی هەبێ و ڕای خەڵکی و شارەزایانی لە سەر وەرگیرابێت؟ تۆ بڵێی خەڵك و پسپۆڕان دیزاینەکەیان بینیبێت؟ تۆ بڵێی لیژنەیەکی ئەندازیاری پسپۆر دیزاینەکەی پەسەند کردبێت؟ تۆ بڵێی لیژنەیەکی ئەندازیاری پسپۆر و بە ئەزموون تەدقیقی دیزاینەکەیان کردبێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، من دەڵێم:

باوەڕ ناکەم. چونکە بە پێی راپۆرتی هەردوو رۆژنامەکە، بەس مەسح و تێستی خۆڵ و دیزاین کراوە و دیزاینەکەش کۆمپانیایەکی (لوبنان)ی کردویەتی. من وەك هاوڵاتیەکی شارەزا و خاوەن ئەزموون لەو بوارەدا، بە ئاشکرا دەڵێم: جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە کارێکی هەڵەیە، هیچ خزمەتێك بە خەڵك و شارەکە ناگەیەنێت، بەڵکو وێرانی دەکات. لە بەر ئەوە داوا لەو کاربەدەستە بەڕێزانە دەکەم چاو بەو پرۆژەیە بخشێننەوە و لە رۆژنامە ئیعلانی ئەو پرۆژەیە بکەن و ماکیت و دیزاینی پرۆژەکە لە فەرمانگەیەك پیشان بدەن، بە لانی کەم بۆ ماوەی (2) دوو مانگ، بۆ ئەوەی خەڵك ببینیێ و را و سەرنجی خۆی بدات، هەروەها چەندین کۆڕ و کۆبونەوە لەگەڵ ئەندازیارن و شارەزایان و خەڵکی شارەکە بکەن و بە سینەما ڤیژن دیزاینی ئەندەر پاسەکان پیشان بدرێت و رونبکرێتەوە و را و سەرنجیان وەربگیرێت، هەروەها رای خەڵك وەربگیرێت لەسەر جێ بەجێ کردنی یان نا؟ بەڵام من لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەو ئەندەر پاسانە نیم بە هیچ شێوەیەك، چونکە سلێمانی بەو سادەییەی خۆی جوان و خۆشە نەك هەمووی بکەی بە چاڵ و دیواری کۆنکریت، چونکە هەر شوێن و دار و دیوارێك بووە بە بەشێك لە یادەوەری و مێژووی خەڵك و شارەکە.

من ئەوە قسەی خۆم کرد و رای خۆم بە ئاشکرا دەربڕی، داواکارم پسپۆران و شارەزایان و رۆشنبیران و خەڵکی شاریش قسەی خۆیان هەبێ، پاشە رۆژ نەڵێن کەسێکی شارەزا قسەی نەکرد، چونکە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە تێکدانی مێژوو و جوگرافیا و تۆپۆگرافیا و زاکیرە و بیر و کەلتوور و کەلەپوری. ...هتد شارەکە و خەڵکی شارەکەیە. هەروەها ئەو پرۆژەیە بە (7) حەوت مانگ تەواو نابێت، ئەگەر بارانە ساڵ بێت بە لانی کەم (2-3) ساڵی دەوێ، واتا ئەو چەند ساڵە هاتوچۆ لەم شارە دەشێوێت و کار دەکاتە سەر دەوامی فەرمانگە و قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها دەبێتە هۆی وەستانی کار و کاسبی دوکان و بازاڕی ئەو گوزەرانە و کەمبونەوەی ئیش و کار لە شارەکەدا. لەگەڵ رێزمدا(*******).

## بۆ ئەوەی شار پاک و جوان بێت

بۆ ئەوەی شار پاك و جوان بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت. ماوەی (9) ساڵ دەبێت كاربەدەستانی شاری سلێمانی خەریكی ڕێكخستن و جوانكردنی جەزرەی ناوەڕاستی شەقامەكانن بە تایبەتی ڕێگای (سلێمانی— تاسلوجە) و شەقامی بازنەیی (شەقامی مەلیك محمود).. هتد. ناوە ناوە گڵی تێدەكەن و دەری دەهێننەوە و جارێ بەرزی دەكەنەوە و جارێ نزمی دەكەنەوە. تەنانەت جارێكیان ڕێگای (سلێمانی — تاسلوجە) یان بە شێوەی گرد پڕكردبۆوە. لەوساوە منیش چەندین جار لە كۆڕ و نوسین و گفت و گۆی ڕۆژنامەیی و ڕادیویی و تەلەفزیونیدا باسم كردووە، تەنانەت بە دەمیش لەگەڵ زۆربەی كاربەدەستان باسم كردووە، كە دەبێت گڵی ناو جەزرەی ناوەڕاست (5) سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، بە باران و ئاودانیش (3-4)سم تریش دائەبەزێ، ئەوانیش هەمیشە وەڵامیان ئەدامەوە: ڕاستەكەی وایە، باشە. بەڵام ئەوە (9) نۆ ساڵە من هەر دەبینم گڵی تێدەكەن و دەری دەهێنن، دەیگۆڕن و دەیشێلن، بەرزی دەكەنەوە و نزمی دەكەنەوە، بەڵام لە دوا جاردا گڵەكە هەر بەرزترە لە كیربستۆنەكە، وەك ئێستا بڕۆن سەیری جەزرەی ناوەڕاستی ئەو شەقامانە بكەن (بڕوانە نەخشەی 1). تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت (بڕوانە نەخشەی 2).






نەخشەی ژمارە (1)




نەخشەی ژمارە (2)

چونكە كە گڵەكە لە كیربستۆنەكە بەرزتر بێت، هەمیشە بە هەر هۆیەك بێت، بەشێك لە گڵەكە دێتە سەر قیرەكە بە تایبەتی ڕۆژانی باران دەبێتە قوڕاو و بە سەر كیربستۆنەكەدا دێتە خوارەوە بۆ سەر قیرەكە. . كە دەبێتە هۆی پیس كردن و ناشرین كردنی شەقامەكە و شارەكە. ئێستا بڕۆ سەیری جەزرەی ناوەڕاستی ڕێگای (سلێمانی — تاسلوجە) بكە، تەنانەت بیهارتۆنە سورەكەش بە قوڕ و لیتاو داپۆشراوە و كاریش دەكاتە سەر ئیش و كارەكانی تر. تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت، تكایە با گڵەكە (5)سم لە ئاستی كیربستۆنەكە نزمتر بێت. هەروەها كە بە تانكەر ئاو دەدرێن، ئاوەكە ناگرێتە خۆی و دیسانەوە دەبێتە قوڕ و لیتاو و دێتە سەر قیرەكە و چیمەن و درەختەكە تێر ئاو نابن و دەبینی درەختەكان گەش نین و چیمەنیش سەوز نابێت. بۆیە پێویستە كاربەدەستان بیر لەوە بكەنەوە كە لە هەموو جەزرەكاندا ئاستی گڵەكە (5) سم نزمتر بێت لە ئاستی كیربستۆنەكە بۆ ئەوەی ئاوی باران و ئاوی تەنكەر بگرێتە خۆی تاكو درەخت و چیمەن تێر ئاو بن و ئاوی تەنكەر كەمتر سەرف بكرێت و ئاوی بارانیش بچێتە ژێر زەوی كە سوودی زۆرە بۆ زۆر شت. دوای باران بارین بڕۆ سەیری شەقامی بازنەیی بكە تایەی سەیارە ئەوەندە لیتەی فڕێداوەتە سەر چیمەن و قەدی درەخت، چیمەن و درەخت

رەنگی لیتەکەی وەرگرتووە. ڕێزم بۆ کاربەدەستان نازانم بە ئەنقەست وا دەکەن؟ بۆ ئەوەی شارەکە هەر پیس و پۆخل و ناشرین بێت !. تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت. هەروا دەبینم کە نەمام دەچێنن لەو جەزرانە یان هەر شوێنێکی تر چاڵێکی بۆ دەکەن و نەمامەکەی تیا دەچەقێنن، گڵە زیادەکە دەکەنە دیوار بە دەوری چاڵەکە بۆ ئەوەی چاڵەکە ئاو زیاتر بگرێت (بڕوانە نەخشەی 3). بەڵام باران و ئاودان ئەو گڵە زیادەیە دەکاتە قوڕ و لیتە و دەیهێنێتە سەر قیرەکە، هەروەها ئەو گڵە بەرزە دیمەنی چیمەن و باخچە ناشرین دەکا، بۆ بینینش زۆر ناشرینە، بۆیە پێویستە ئەو گڵە زیادە لابدرێت یاخود بە جوانی بڵاو بکرێتەوە لەگەڵ تەختایی چیمەنەکە (بڕوانە نەخشەی 4). ئەگەر دەڵێن چاڵەکە ئاو کەمدەگرێت، ئێ باشە چاڵەکە قوڵتر بکەن ! تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە گڵە زیادەکە لابەن.




نەخشەی ژمارە (3)




نەخشەی ژمارە (4)

لە هەندێك شوێن جەزرەی ناوەڕاست لێژە. کە پێویستە ئاستی گڵەکە ڕێك بێت بۆ ئەوەی بە باشی ئاو هەڵبمژێ، ئەو کاتە دوو ئەگەرت لە بەردەمدایە،



یەکەم/ دەبێت ئاستی گڵەکە لە هەردوو لای کیربستۆنەکە جیاواز بێت، بۆ نمونە لە لا نزمەکە (5)سم نزمتر بێت و لە لا بەرزەکەش (15) سم نزمتر بێت.
دووەم/ ئەگەر لێژاییەکە زۆر بوو ئەو وەختە دەبێت بە دیواری بلۆك چارەسەری بکەی. تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت، تکایە گڵە زیادەکە لابەن.

چەندساڵێك پێش ئێستا نەمامێکی زۆریان لە شەقامی (سالم) چاند، لە سەر شۆستەکە چاڵیان بۆ هەڵکەند تا گەیشتە خاکی ساغ، دوایی لە سەر شۆستەکە بە کۆنکریت حەوزێکی چوار گۆشەیان بۆ کرد. ئێستا ئەو نەمامانە گەورە بوون و بوون بە درەخت، پێویست بەو حەوزە کۆنکریتە ناکات و پێویستە لابرێن، چونکە دیمەنی زۆر ناشرینە، خۆ ئێرە سودان و سومالٌ نییە ! تکایە حەوزە کۆنکریتەکە لابەن، تکایە حەوزە کۆنکریتەکە لابەن، تکایە گڵە زیادەکە لابەن، تکایە با گڵەکە (5)سم لە ئاستی کیربستۆنەکە نزمتر بێت.

سیستەمەکە هەمووی تێکچووە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەروەها لە خوارەوە بۆ سەرەوە، جمگەکان وا ترازاوە، هیچ زانست و هونەر و پلانێك کاری پێ ناکرێت. تەنانەت ئەو کاربەدەستانەی ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان لە ئەستۆیە، ناتوانن و نازانن گڵی ناو باخچە و جەزرەی ناوەڕاستی شەقام ڕێکبخەن. وا دیارە بە تەمان هەموومان شێت بکەن و وڵاتەکەش بکەنە شێتخانە. ئەوەتا من دەستم کردووە بە وڕێنە کردن، داوای لێبوردن دەکەم، ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئێمە فت، خوا ڕەحم لە ئەولادمان بکات[8].

## ڕێگای (سلێمانی – عەربەت)

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4800) لە (2009/2/18) دا، بابەتێك بڵاو کراوەتەوە دەربارەی ڕێگای (سلێمانی - عەربەت). لە بابەتەکەدا هاتووە (بە پێی ئامارێکی بنکەی پۆلیسی عەربەت، روداوەکانی هات و چۆ لە سەر ڕێگای دوو سایدی سلێمانی – عەربەت، بە بەراورد بە ساڵانی پێش بە دووساید کردنی ڕێگاکە، کەمی نەکردووە). بە پێی بابەتەکە روداوەکانی هاتوچۆ لە ساڵانی (2006، 2007، 2008) بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە:

| بابەت<br>ساڵ | ژمارەی<br>ڕێیان | ژمارەی<br>ڕووداو | ژمارەی<br>مردوو | ژمارەی<br>بریندار | هۆکاری روداو |
|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | یەك ڕێیان | 44 | 13 | 100 | ________ |
| 2007 | یەك ڕێیان | 42 | 20 | 71 | ________ |
| 2008 | دوو ڕێیان | 40 | 18 | 84 | وەرگەڕان بە هۆی خێرایی |

ئەگەر سەیری ئەو خشتەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین لەو (3) سێ ساڵەدا ژمارەی روداو و لەگەڵ ژمارەی مردوو و بریندار لە یەکەوە نزیکن، هەرچەندە لە ساڵی (2008)دا ڕێگاکە کراوە بە دوو ساید، کە دەبوایە ژمارەکان زۆر کەمتر بونایە. هەروەها لە خشتەکەدا دیارە کە هۆی ڕووداو لە ساڵی (2008)دا هەمووی وەرگەڕانی ئۆتومبێلە بە هۆی خێرا لێخورینەوە، بەڵام لە ساڵانی (2006، 2007)دا، هۆی ڕووداو دیار نیە، کە بێگومان هەم وەرگەڕان و هەم پێکدادانە کە بە هۆی خێرایی لێخورین و یەك سایدی و خراپی ڕێگاکەوە بووە.




کوردستانی نوێ

ساڵی هەژدەهەم ژمارە (٤٨٠٠) چوارشەممە (١٨/٢/٢٠٠٩)

### بەدووسایدکردنی عەربەت، ڕووداوی کەمنەکردووەتەوە

بابان حەمە

بەپێی ئامارێکی بنکەی پۆلیسی عەربەت، ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەسەر ڕێگەی دووسایدی سلێمانی-عەربەت بەبەراورد بەساڵانی پێش بەدووسایدکردنی ڕێگەکە، کەمی نەکردووە.

لەئامارەکەدا هاتووە، کەژمارەی ڕووداوەکان لەساڵی ٢٠٠٦دا، ٤٤ ڕووداو بووەو تێیدا ١٠٠ بریندارو ١٣ مردوو تۆمارکراون، ئەو ڕێژەیەش لەساڵی ٢٠٠٧دا کەمبووەتەوە بۆ ٤٢ ڕووداوو ٧١ بریندارو ٢٠ مردوو، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨دا کەسایدی دووەمیش دروستکرابوو، ژمارەی ڕووداوەکان ٤٠و بەهۆیانەوە ٨٤ بریندارو ١٨ مردنی هاووڵاتیان تۆمارکراون.

سەرچاوەیەك لەبنکەی پۆلیسی عەربەت بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: لەدوای دروستکردنی سایدی دووەم زۆرترین ڕووداوەکان وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل بووە، ئەویش بەهۆی خێرایی لێخوڕینەوە.

پرۆژەی سایدی دووەمی ڕێگەی عەربەت-سلێمانی لە ١٧/٤/٢٠٠٤ەوە دەستبەکارکردن کراوە تێیدار بەهۆی کێشەی کۆمپانیای جێبەجێکارەوە، کەکۆمپانیایەکی تورکی بوو، ماوەی تەواوکردنی لەکاتی خۆیدا دواکەوت و دوای وەرگرتنەوەشی لەکۆمپانیا تورکییەکە، درایە کۆمپانیایەکی خۆماڵی و بەشی یەکەمی پرۆژەکە ڕۆژی ١٨/١١/٢٠٠٧ لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کوردستانەوە کرایەوە.

درێژیی سایدی دووەم ١٤ کیلۆمەترو ٥٤٠ مەترەو زیاتر لە٢١ ملیۆن دۆلاری تێچووەو بەهۆی فراوانکردنی دەروازەی شاری سلێمانییەوە تائێستاش کارکردن تێیدا بەردەوامە.

ئەوەی زانراوە هۆکارە سەرەکیەکانی روداوی هاتوچۆ، ئەمانەن:

1. شۆفێر.
2. ئۆتومبیل.
3. کەش و هەوا.
4. ڕێگا و بان.

و هەندێك هۆکاری تر کە تایبەتن بە بار و دۆخی هەر ڕووداوێك. سەرچاوەکەی بنکەی پۆلیسی عەربەت هۆکاری ڕووداوەکانی ساڵی (2008)ی گەڕاندۆتەوە بۆ وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل لە بەر خێرایی لێخورین (ئەمە جێگەی سوپاسە کە دەستنیشانی هۆکارەکەی کردووە) واتا شۆفێر هۆکارە.باشە شۆفێر بۆ خێرا لێدەخورێت؟ ئەگەر بۆ خودی شۆفێر بگەڕێینەوە، دوو حاڵەت وا لە شۆفێر دەکات کە خێرا لێبخورێت:

1. حەزی شۆفێر (بە ئاگایی)
2. مەشغەڵەتی شۆفێر (بێ ئاگایی)

هەروەها هۆکارێکی تر بۆ ئەوەی شۆفێر خێرا لێبخورێت جۆری ئۆتومبێلە، لە خوا بەزیاد بێت ئەمڕۆ زۆربەی ئۆتومبێلەکانمان تازە و تۆکمەن کە هانی شۆفێر دەدەن خێرا لێبخورێت. بۆ چارەسەری ئەوەی وەرگەڕان روو نەدات بە هۆی ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە (شۆفێر + ئۆتومبێل) ئێمە ناتوانین رێگریان لێبکەین بەوەی کۆنترۆڵی شۆفێر بکەین کە خێرا لێنەخورێت (بە ئاگایی یان بێ ئاگایی) یاخود بە شۆفێر بڵێین: نابێت ئۆتۆمبێلی تازە بەکاربهێنیت، بەڵکو ئۆتومبێلی کۆن و شڕە بەکار بهێنە بۆ ئەوەی خێرایی کەمتر بێت، کەواتا چارەسەرمان پێ نیە بۆ ئەو دوو هۆکارە.

بەڵام هۆکارێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە و هانی شۆفێر دەدا بۆ ئەوەی خێرا لێبخورێت، کە ئەویش (رێگا)یە، رێگای دوو سایدی (سلێمانی – عەربەت) پرۆژەیەکی گرنگە و زۆر بە چاکی و رێك وپێکی جێ بە جێ کراوە. هەموو پرۆژەیەکی ئەندازەیی دوو دیزاینی سەرەکی هەیە، دیزاینی ئینشائی و دیزاینی میعماری. ئەو رێگا دوو سایدە نزیکەی ساڵێکە تەواو بووە، لە باری ئینشائیەوە تا ئێستا هیچ نا تەواویەك دەرنەکەوتووە وەك تاسە و قورت و داتەپین واتا دیزاینە ئینشائیەکەی تەواوە، ئەو دیزاینە میعمارییەی بۆی کراوە وەك پلان (سەنتەر لاین) و پرۆفایل (درێژبڕ) و پانبڕ بە رێك وپێکی و ئەندازەیی جێ بە جێ کراوە. پانی قیرتاو و تەعدیل و تێکەڵەی شۆستە و جەزرەی ناوەڕاست و جۆگەی تەنیشت و تەسریحەی خۆڵی تەنیشت زۆر بە جوانی و باشی جێبەجێ کراوە. باشە ئەی بۆچی ئەم رێگایە هانی شۆفێر دەدات خێرا لێبخورێت و ئۆتۆمبێلەکەی وەربگەڕێت؟

من کە راپۆرتەکەی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)م خوێندەوە توشی شۆك بووم بۆ حاڵەتی وەرگەڕانی ئۆتومبێل و مردن و برینداربوونی خەڵك سەرباری ئەو پرۆژە رێك و پێکەش کە جێ بە جێ کراوە. وەك هاوڵاتیەکی ئەندازیار



شارەزا لە بواری رێگاوبان بە ئەرکی خۆمم زانی کە بزانم هۆکاری ئەو روداوانە چییە؟ هەستام دوو جار بە ئۆتومبێل چووم بۆ عەربەت و گەڕامەوە، ئەوەی من تێبینم کرد هەندێك نا تەواوی لە دیزاینی میعماری ئەو رێگایەدا هەیە، ئیتر نازانم ئەوە بە غەفڵەت بووە یان لە نەزانینەوە. ئەو رێگایە شوێنەکەی لە هەردە و دەشتێکی سادە و ئاساندایە واتا نە شاخاوییەکی سەختە و نە دەشتاییەکی تەختە، گڵی خاکەکەی باشە و ئاسانە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی رێگاوبان. دیزاینی میعماری رێگا، رووپێوی دەوێ، بۆ دەست نیشان کردنی سەنتەر لاین (center line) و خوێندنەوەی بەرزی و نزمی پرۆفایلی زەویەکە (Natural Ground level) و دوای رەسم کردنی، دیزاینی پرۆفایلی رێگاکە (Design of Grade Line) دەکرێت، لە ئەنجامی رووپێو و دیزاینی پرۆفایل سێ شت زۆر گرنگە کە دەبێت وەکو ستاندەردی ئەندازەی رێگاوبان رەچاو بکرێت، ئێستا لای ئەندازیار و خەڵکی سادەش ئەم سێ خاڵەی خوارەوە لە دیزاینی میعماری رێگاکە دیارە و هەستی پێ دەکرێت:

1. راستە رێ (طريق مستقيم - straight road).
2. کەوانەی ماڵ "پێچ" (کەوانەی ئاسۆیی - کەوانەی تەخت - القوس الافقی- Horizontal Curve)
3. کەوانەی رژد " قۆقز و ناوچاڵ – المحدب و المقعر " (کەوانەی ستونی– القوس العمودی - vertical curve)

بۆ جاری دووەم چووم لە دەروازەی شارۆچکەی (عەربەت)ەوە بە ئۆتۆمبێل رێگاکەم پێوا و بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| كم سەرەتا | كم كۆتایی | چەشنی ڕێگا | درێژی بە كم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| سفر | 1.0 | ڕاستە ڕێ | 1.0 | ( سفر كم) فولكەی دەروازەی شاری عەربەت |
| 1 | 1.5 | كەوانەی ماڵ (1) | 0.5 | پێچ بۆ لای چەپ، زۆر كراوەیە |
| 1.5 | 3.2 | ڕاستە ڕێ | 1.7 | |
| 3.2 | 5 | كەوانەی ماڵ (2) | 1.8 | پێچ بۆ لای چەپ، زۆر كراوەیە |
| 5 | 8.3 | ڕاستە ڕێ | 3.3 | |
| 8.3 | 8.6 | كەوانەی ماڵ (3) | 0.3 | پێچ بۆ لای ڕاست، زۆر كورت و كراوەیە |
| 8.6 | 9.1 | ڕاستە ڕێ | 0.5 | |
| 9.1 | 9.3 | كەوانەی ماڵ (4) | 0.2 | S – Curve: پێچ بۆ لای چەپ، زۆر كورت و كراوەیە |
| 9.3 | 10.3 | كەوانەی ماڵ (5) | 1 | پێچ بۆ لای ڕاست، زۆر كراوەیە (پشكنین ) |
| 10.3 | 10.6 | ڕاستە ڕێ | 0.3 | |
| 10.6 | 12.3 | كەوانەی ماڵ (6) | 1.7 | پێچ بۆ لای ڕاست، زۆر كراوەیە |
| 12.3 | 15 | ڕاستە ڕێ | 2.7 | |
| 15 | 16.4 | كەوانەی ماڵ (7) | 1.4 | Double S– Curve: پێچ بۆ لای ڕاست، زۆر كراوەیە |
| 16.4 | 16.6 | كەوانەی ماڵ (8) | 0.2 | پێچ بۆ لای چەپ، زۆر كورتە – فولكەی قەرەداخ |
| 16.6 | 16.8 | كەوانەی ماڵ (9) | 0.2 | پێچ بۆ لای ڕاست، زۆر كورت و كراوەیە |
| 16.8 | 17.7 | ڕاستە ڕێ | 0.9 | |
| 17.7 | 19 | كەوانەی ماڵ (10) | 1.3 | پێچ بۆ لای چەپ، زۆر كراوەیە |
| 19 | 19.2 | ڕاستە ڕێ | 0.2 | پردی حاجی ئاوا |



بێگومان ئەم مەسافانە بە کیلۆمەتری ئۆتومبێل پێوراوە لەوانەیە (50)م زیاتر یان کەمتر فەرق هەبێت، و کەوانەی ڕژد (قۆقز و ناوچاڵ) بە ئۆتۆمبێل ناپێورێت، ئەوەی من تێبینم کرد دیزاینی کەوانەی ماڵ زۆر کراوەیە وزۆربەی کەوانەکان دیزاینەکەیان بۆ خێرایی (120کم/سەعات) زیاترە. من سەرنج و بۆچونەکانی خۆم لە سەر هەڵەی دیزاینی میعماری ڕێگاکە بەم خاڵانەی خوارەوە دەخەمە ڕوو:

1- پێش مەسح و دیزاینی پرۆژەی ڕێگاوبان، پێویستە دیزاینی خێرایی (السرعة التصميمية – Design Speed) بڕیاری لێدرابێت، ئەگەر بە مەبەست دیزاینی خێرایی لە (120کم/سەعات) زیاتر دانرابێت، ئەوە من بە ڕاستی نازانم، چونکە تا ئێستا لە عێراقدا دیزاینی خێرایی لە ڕێگای دەر شاردا لە (120کم/ سەعات)زیاتر نیە، جگە لە ڕێگای (المرور السريع).

2- لە ڕاستە ڕێدا خێرایی سنوردار و کۆنترۆڵ ناکرێت چونکە شۆفێر بە کەیفی خۆی دەتوانێت لێبخورێت، بەڵام سنوردار کردنی خێرایی لە ڕێگاوباندا، بە بڕگەکانی دیزاینی کەوانەی ماڵ و کەوانەی ڕژد، بە تایبەت بڕگەی درێژی و نیوە تیرەی کەوانەکە دەکرێت.

3- بە پێی ستاندەری ئەندازەی ڕێگاوبان، نابێت ڕاستە ڕێ لە (2)کم زیاتر بێت، لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- بۆ ئەوەی شۆفێر خێرا لێنەخورێت.

ب- بۆ ئەوەی شۆفێر خەواڵو نەبێت.

ج- بۆ ئەوەی بە شەو کەمترین لایتی فول لە شۆفێری بەرامبەر بدات.

4- بۆ سنوردار کردنی خێرایی لێخورینی شۆفێر دەبێت بە کەوانەی ماڵ و کەوانەی ڕژد چارسەری بکەیت و دیزاینی کەوانەکان لە خێرایی (120کم/ سەعات) زیاتر نەبێت، بەڵام ئەو کەوانانە ئەوەندە کراوەن، شۆفێر وا هەست

دەكات كە لە سلێمانیەوە تا عەربەت (19 كم) هەر بەراستە ڕێـدا دەڕۆات، هەست بە بوونی كەوانە ناكات، كە شۆفێر وا لێبكات خێرایی كەمبكاتەوە، بەڵام بە بەردەوام دەتوانیت بە خێرایی (120كم/ سەعات) زیاتر لێبخوریـت لەبەر ئەوە شۆفێر خێرا لێدەخورێ و روداوی وەرگەڕان روو دەدات. تەنها لـە دوو شوێندا نەبێت شۆفێر خێرایی كەمدەكاتەوە، یەكەم: مەفرەقی قەرەداخ، دووەم: خاڵی پشكنین، كە لە ناوەڕاستی كەوانەی ماڵ (5)دایە.

5- لە دیزاینی میعماری ڕێگاكەدا، دوو (s-curve)ی هەڵەی تێدایە كە بـە رای من هۆكارن بۆ وەرگەڕان، كەوانـەی (4 و 5) یـەكێكیان كورتـە و ئـەویتریان درێژ، كـە ئەمـە هەڵەیـە (بڕوانـە نەخـشەی 1). كەوانـەی (7 و 8 و9) زۆر سەقەتە و بەتایبەتی ئەگەر لە عەربەتەوە بێیت بۆ سلێمانی، چونكە شۆفێر لە چاڵاییەوە دێت بۆ فولكەكە و نایبینێت (بڕوانەی نەخشەی 2).




نەخشەی (1)






نەخشەی (2)

6- خاڵێكی تر كە تێبینیم كرد ئەوەیە كـە لـە دیزاینەكـەدا رەچـاوی چـۆنێتی تێكەڵ كردن و جووت بونی كەوانەی ماڵ و كەوانەی رژد نەكراوە، كـە ئـەوە بە ئۆتومبێل دیاری ناكرێت و ناپێورێت، بەڵكو دەبێت تەماشـای نەخـشەی دیزاینی پلان و پرۆفایلی ڕێگاكە بكەیت. چونكە بە پێی ستاندەر باشتر وایە كەوانەی ماڵ وكەوانەی رژد، وەك مەسافە وەكو یەكبن و جـووت بـن لەگـەڵ یەكتردا، یاخود تێكەڵ نەكرێن و مەسافەیەك لە نێوانیاندا هەبێت، نـەك بـە دوای یەكدا بێن، یاخود بەشێكی كەم لە كەوانەی رژد لە راستەرێیدا بێت و بەشەكەی دی لە كەوانەی ماڵدا بێت. (بڕوانە نەخشەی 3، 4، 5، 6).




نەخشەی (3)




نەخشەی (4)




نەخشەی (5)




نەخشەی (6)



7- نیشانەی هاتوچۆ، کە ڕێ پیشاندەری شۆفێرە، لە ڕێگاکەدا کەمە. ئەوەشی هەیە زۆربەی عەمودەکانی ماوە و پلێتەکان نەماون، بە هەر هۆکارێك بێت. پێویستە بەردەوام ئەو نیشانانە چاك بکرێن و دابنرێنەوە و کۆمەڵێ نیشانەی دیکەش دابنرێت بە پێی پێویستی و دیزاینی ڕێگاکە دابنرێت.

بە رای من ڕێگاکە خاڵی گرنگ و هاندەرە بۆ خێرایی لێخورین و ئەو خاڵانەی سەرەوەش هۆکارن بۆ وەرگەڕان. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە تازە هیچ لەگەڵ ئەم ڕێگایەدا ناکرێت. تێکدان وچاککردنی پارە و کاتی زۆر دەوێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە کامێرا و خاڵی چاودێری کردن چارەسەر کراوە و خێرایی بۆ شۆفێر دیاری کراوە، لەوە زیاتر لێبخورێت ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەن و سزای دەدەن. بەڵام لای ئێمە کامیرا و خاڵی چاودێریمان نیە. ئەی چی بکەین بۆ ئەوەی گیانی هاوڵاتیان بپارێزین و ئۆتۆمبێلیان وەرنەگەرێ و زەرەر نەکەن؟ من چەند بیرم لێکردەوە هیچ چارەسەرێکی وەهامان نیە جگە لەوەی پێشنیار بکەم، لە (3-4)کم جارێك لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە، تابلۆیەکی گەورە دابنەین و لەسەری بنوسین (**برای شۆفێر لەسەر خۆت لێبخورە، خێرایی لە (100کم/ سەعات) تێپەڕ نەکات**) چونکە بە درێژایی ڕێگاکە شۆفێر دەتوانێت لە (120کم/ سەعات) زیاتر لێبخورێت، دانانی تاسەی دەسکرد بۆ ڕێگای دەر شار خەتەرە و بە باشی نازانم، بە تایبەتی بۆ شۆفێرانێك کە بەردەوام لەو ڕێگایە هاتۆچۆ نەکەن. من وەکو هاوڵاتیەکی ئەندازیار بەو شێوەیە دەست نیشانی هەڵەی دیزاینی میعماری ڕێگاکە و پێشنیاری چارەسەرەکەم کرد (بێگومان ئاوەدانبوونەوەی زیاتری ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە، دەبێتە هۆی کەمبونەوەی خێرایی). پێویستە دەزگاکانی پەیوەندار و بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگا و بان و هاتوچۆی سلێمانی لیژنەیەکی پسپۆر پێك بهێنین بۆ دیراسە کردن و دانانی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە و پاراستنی گیان و موڵکی هاوڵاتیان. کێ دەڵێت سەرنج و بۆچون و دەستنیشانکردنی هۆکاری وەرگەڕان و چارەسەرەکەی من ڕاستە؟

وەك ئەندازیارێك من زۆر سوپاسی بنکەی پۆلیسی عەربەت دەکەم، کە ئاماری ئەو روداوانەیان کردووە ودەستنیشانی جۆری روداوەکەیان کردووە کە وەرگەڕانە نەك پێکدادان و لە رۆژنامەدا بلاّویان کردۆتەوە، خوازیار و داواکارم ئەگەر بتوانن (هەروەها بنکەی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی تریش) لەمەودوا لە ئامارەکەیاندا دەستنیشانی چەند خاڵێکی تر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین وردتر دەستنیشانی هۆکاری وەرگەڕان بکەین و چارەسەری وردتر بدۆزینەوە بۆ پاراستنی گیان و ماڵی هاولاّتیان.

## خاڵەکان:

1. دەستنیشانی شوێنی (کم)ی روداوەکە، بەوەی بە ئۆتۆمبیل مەسافەکە بپێون. فولکەی دەروازەی عەربەت (کم سفر) بێت.
2. دەستنیشانی کەش و هەوای ساتی روداوەکە بکەن، وەك (باران، تەرزە، بەفر، خۆڵ بارین، خۆرەتاو، هەور، تەم، تۆز و با. .هتد).
3. دەستنیشانی سەعات و کاتی روداوەکە (رۆژ، شەو، (8)ی بەیانی، (12)ی نیوەڕۆ، (7)ی ئێوارە، (1)ی نیوە شەو. ... هتد).
4. دەستنیشانی رۆژی روداوەکە (هەینی، شەممە، یەك شەممە، دوو شەممە. ... هتد).
5. دەستنیشانی ئاراستەی سایدی رۆیشتن (سلێمانی – عەربەت یاخود عەربەت –سلێمانی).
6. مۆدیل و جۆری ئۆتۆمبێل.
7. خاڵی تر. ......

**تێبینی/** خاڵێکی زۆر سەیرم تێبینی کرد لەو رێگایە، لە دوای پردی حاجی ئاواوە و بە درێژی (6 کم) دوو ریز شورەی پلێت (سیاج وقائی – guard rail) لە جەزرەی ناوەڕاستدا دانراوە، کە ئەمە خەتەرە بۆ ئۆتۆمبێل و هەروەها رێگرە بۆ



چاککردن و پاککردنەوەی ساڵانە و کوت وپڕی ناوەڕاستی جەزرە و هەروەها کۆبونەوەی خاشاکێکی زۆر لە جەزرەکە کە پاککردنەوەی دەبێت بە پاچ و خاکەناز و عەرەبانە بێت، نەك بە شۆفڵ و گرێدەر و گەڵابە. چونکە شورەی پلێت هەمیشە لە قەراغ رێگا دادەنرێت، لەو شوێنانەی کە رێگاکە لە حاڵەتی پڕکردنەوە یان قەنتەرە و پردە، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل نەکەوێتە خوارەوە و حاڵەتی دەرونی شۆفێر ئاسوودە بێت. کە بە رای من ئەو دوو ریزە شورەیە خەتەرە و پێویست ناکات ومەسرەفێکی زیادەیە. بەڵام لە بەری (عەربەت)ەوە بە مەسافەی (1)کم، دوو ریز نەمامیان چاندووە لە ناو جەزرەکە کە مەسافەی نێوان نەمامەکان لە (2م) کەمترە، کە ئەمەش رێگرە بۆ چاککردن وپاککردنەوەی جەزرەکە و بە رای من یەك ریز نەمام بوایە و مەسافەی نێوانیان زیاتر بوایە. وابزانم ئەمەی بەری سلێمانی شارەوانی سلێمانی کردویەتی و ئەوەی بەری عەربەتیش شارەوانی عەربەت کردویەتی، بە رای من پێویستە شارەوانی سلێمانی و شارەوانی عەربەت رونکردنەوەی خۆیان هەبێت کە بۆچی یەکێکیان بە شورەی پلێت و ئەویتریان بە نەمام و درەخت جەزرەی ناوەڕاست دەڕازێننەوە. تۆ بڵێی مواسەفات لای شارەوانی عەربەت و سلێمانی جیاواز بن !!؟ لەگەڵ رێزم بۆ هەموو لایەك.

★ بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوودم لە کتێبی (highway design manual - دەزگای گشتی رێگاوبان/ عیراق- بەغداد/ 1982).

★ نەخشەی (3، 4، 5، 6) لە کتێبەکەوە وەرگیراوە، بۆ روون کردنەوەی تێکەڵ کردن و جووت بونی کەوانەی ماڵ و کەوانەی رژد.

★ بەشێکی کەم لەمسەر و ئەو سەری رێگاکە، هاوتەریب و هاوجووتە لەگەڵ رێگا کۆنەکەدا[9].

## سەیتەرەی ئەبو پایەی سەقفدار

پێش دوو ساڵ کەمتر دەبێ، رۆژێکیان لە (دوکان) دەهاتمەوە گەیشتمە سەیتەرەکەی تاسلوجە، بینیم بەڕێزان (لیوا عومەر) بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی سلێمانی و (لیوا حەمە جەلال) بەڕێوەبەری هاتوچۆی ناو شار لەگەڵ چەند ئەفسەر و پۆلیسێکی هات و چۆدا راوەستاون، سڵاوم لێ کردن و بە حوکمی ئەوەی کاك (حەمە جەلال) برادەرێکی خۆشەویست و نزیکمە، پاش وەڵام دانەوەی سڵاوەکەم یەکسەر وتی کاك (تەیب) زەحمەت نەبێ دابەزە هەندێك ئیشمان پێتە، منیش دابەزیم وتم فەرموون، وتیان ئەگەر موقتەرەباتی ئەم پردەی تاسلوجە تەواو بێت بەم سەیتەرەیە کۆنترۆڵی رێگاکان دەکرێ یان نا؟ و چارەسەرە چییە؟. منیش شەرحی نەخشەی موقتەرەباتەکەم بۆ کردن کە هێشتا دوو رەمپ (Ramp)و لوپ (loop)ەکەی ماوە، ئەگەر تەواو بکرێت بەم سەیتەرەیە کۆنترۆڵی هەموو ئاراستەکان ناکرێت، بە تایبەت ئاراستەی (دوکان – کەرکوك) و (دوکان – سلێمانی) و لە جێبەجێ کردنی لوپەکەشدا بەشێك لە سەیتەرەکە دەبێ بڕوخێنرێت، چارەسەریش ئەوەیە ئەم سەیتەرەیە لابرێت و دوو سەیتەرەی دی دابنرێ، یەکێك لای (کەڵەوانان) لە سەر رێگای (دوکان) و ئەوی دیش لە سەری (تاسلوجە) لە شوێنی سەیتەرە کۆنەکە. دیارە ئەو پێشنیارەی منیان قبوڵ بووە و گەیاندویانەتە جێگەی خۆی، پاش ماوەیەك دەستکرا بە دروست کردنی دوو سەیتەرە، یەکێکیان لەو لای (کەڵەوانان)ەوە و ئەویتریان لە سەری (تاسلوجە). بەڵام سەیتەرە چی سەیتەرە، سەیتەرەی زەبەلاحی شاهانە. سەیتەرەی ئەبو پایەی سەقفدار یان بڵێین سەیتەرەی ئەبو سەقفی پایەدار. سەیتەرەی چوار سایدی (خۆی رێگاکان دوو سایدە) بە درێژی (40 م) و بە پانی



(12م) و بە بەرزی (5.40م) و هەر سایدێك (18) پایەی (40 × 60) سم کۆنکریتی شیش دار لەگەڵ سەقفی جەمەلون کە بە ئەنگلاین و بۆری و چینکۆ دروست کراوە.

بەرپرسانی ئێمە زۆر باسی وڵاتی مۆدیرن و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، بەڵام وەك خۆیان باس دەکەن لە وڵاتی مۆدیرن و کۆمەڵگەی مەدەنیدا سەیتەرەی نێوان شاران نامێنێ، تەنها لەسەر سنوری وڵاتان دەبێ. راستە وڵاتی ئێمە هێشتا پێویستی بە سەیتەرەیە، بەڵام نابێ سەیتەرەی زەبەلاح و ترسناك دروست بکەین، سەیتەرە دەروازەی شارە (تایبەت شاری سلێمانی) پێویستە سەیتەرە دەربڕینی روخسار و دیمەن و جوانی و بۆن و رەنگی شار بێت، هەیکەلی ئەو سەیتەرانە لە دەروازەی سەربازگە یا بەندیخانەی ترسناك دەچێت، مەعقولە تۆ لە (کەرکوك) یان لە (بیتوێن)ەوە بێیت بۆ سلێمانی، تۆ هەست بە ترس بکەیت وا بزانی بۆ بەندیخانی دەچیت و من ناڵێم هیچ مەکەن بۆ سەیتەرە، دەبوایە ئەو هەیکەلە بە شێوەیەك بوایە هەستت بە ئاسوودەیی و جوانی و خۆشی بکردایە. خەڵکی دەڵێ لەو جۆرە سەیتەرانە بە تەنها لە سنووری دەوڵەتان هەیە، من دووان لەو سەیتەرە سنورییانەم بینیوە، سەیتەرەی (مونزریە/ خوسرەوی) لە سەر سنوری (عیراق- ئیران) نزیك خانەقین، وسەیتەرەی (سەفوان/ عەبدەلی) لە سەر سنوری (عیراق – کوێت). بەڵام بەو شێوەیە زەبەلاح و درێژ نین و هەیکەلێکی جوان و دیکۆر داریان هەیە.

پسپۆرانی بواری هونەری تەلارسازی هەمیشە بینا و باڵەخانە و پرد و سەیتەرەی زەبەلاح بە رەمزی جەبەروت و دەسەڵاتی هێز و دەسەڵاتی پارە و گوێ نەدان بە رای خەڵك و هەستی خەڵك دادەنێن .

لەو دوو سەیتەرەیە، دوو سایدی چون و دوو سایدی هاتن هاوتەریبن، لە سەیتەرەکەی لای (کەڵەوانان) هەر چوار سایدەکە هاوتەریبن و لەگەڵ سەنتەری

دوو سایدی ڕێگاکەدا ڕێك نین، بەڵام لە سەیتەرەی سەری (تاسلوجە)، دوو سایدی چون و هاتن تەریب نین، هەر سایدە و ڕوی کردوەتە لایەك و شێوەیەکی زۆر ناشیرینی هەیە. باشە بۆچی پانی هەر سایدێك (12م) بێت، واتا چوار سایدی (12م) مەتری، بەڵام ڕێگاکە خۆی دوو سایدی (8.25م)، نەدەبوایە (12م) پان بوایە و چوار ڕیز ئۆتومبێل بە جاریَ بچنە ناو سەیتەرەکەوە لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵ و پشکنین بە باشی ناکریَ و پاشاگەردانی دروست دەبێت، باشتر وا بوو هەر سایدەی وەك ڕێگاکە (8.25م) بوایە، کە دوو ڕیز ئۆتۆمبێل دەچوە ژورەوە ئەو کاتە لە هەردوو لاوە پشکنین و کۆنترۆڵ ئاسانتر دەبوو.

من پرسیار لە هەموو ئەندازیارێکی شارەزا دەکەم، ئایە سەقفی جەمەلۆن (چینکۆ + ترەسی ئەنگلاین + تەراحی بۆری لاکێشە) پێویست بەوە دەکات هەر (5م) یەك پایەی (40× 60)سم کۆنکریتی شیشداری بۆ بکەی؟ و لە هەر لایەك لەبەرزی (4م) ئەو (9) پایەیە بە پردێکی (40×40) سم ببستیتەوە؟ ئەوە چی دیزاینێکە؟ کە ئەو جەمەلۆنە سوکەی لە سەر پایەی کۆنکریتی داناوە! دوایی چی پێویست بەوە دەکا ریزە پایەی ناوەڕاستی هەر دوو سایدەکە پایەکانی دەبڵ بن! ئایە نەدەکرا یەك ریزە پایە بوایە و شانەکانی هەردوو جەمەلۆنەکەی بهاتایە سەر! ئایە ئەمە پارە بە فیڕۆدان نییە؟! ئەم هەموو کۆنکریت و پایەیە؟! بۆ سەیتەرەیەکی سادە وەك هەموو سەیتەرەکانی تر؟!

پرسیاری خەڵك ئەوەیە؟ بۆ تەنها ئەو دوو سەیتەرەیە ئەبو پایەی سەقفدار بن؟ ئایە لە بەرنامەدایە هەموو سەیتەرەکان وا لیَ بکرێت؟ خۆ ئێمە سەدان سەیتەرەمان هەیە! هەر سەیتەرەیەك لەو جۆرە پارەی ئاوەدانکردنەوەی گوندێکی تیَ دەچێت.. . هەروەها خەڵك دەپرسێت ئیش وکاری ئەو سەیتەرانە بۆ تەواو نابێت و هەروەها موقتەرەباتی پردی تاسلوجە.



لە سەیتەرەکەی تاسلوجە سایدی دەرەوەی دەستە ڕاست و دەستە چەپ لە سەر قیرتاوەکە نەکراوە بەڵکو لە سەر جۆگەی تەنیشت دروست کراوە. ساڵی (1987) کە قیرتاوی ئەو سەیتەرەیە کرا من دەزانم چی کێشەیەکی ئەندازەیی لەو شوێنەدا هەبوو و چۆن چارەسەر کرا، من ئێستا هیچ قسەیەك ناکەم با سەیتەرەکە تەواو بێت و ماوەیەك هات و چۆی بخرێتە سەر، من ئەوسا قسەیەکی خۆم هەیە.

لە ساڵی (1991)ەوە پێمان دەڵێن: تەحەمول بکەن، سەبر بگرن، زروفەکەی ناسکە. من تا پرۆسەی ئازادی عێراق هیچم نەگوت. لەبەر ئەوەی سەدام و بەعس نەماوە، زروفی ناسکیش نەماوە، ئیَ باشە لەم زروفە ناسکەدا، بۆ سەیتەرەی ناسکمان بۆ دروست ناکەن؟ هەتا کەی ئیشەکان هەر بڵح بن؟ ئەو سەیتەرانە و پرۆژە وێرانگوزارییەکان، چونکە بیَ پلانە و بە بڕیاری تاکە کەسە، بڕیاری تاکە کەس واتا فلقە بڕیار، فلقە بڕیاریش هەر شتی بڵحی لیَ دەکەوێتەوە. سەدام ئەوەندە فلقە بڕیاریدا تا عێراقی لە یەکیَ لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی دونیاوە کرد بە قەرزارترین دەوڵەت وێرانترین وڵات، قوڕی بەسەر خۆی و میللەتەکەیشیا کرد.

لە برادەرێکی کاربەدەستم پرسی: بۆچی بڕیارەکان هەر تاکە کەس دەیدا و ئەو هەموو ئیشە نارێك و سەقەتانەی لیَ دەکەوێتەوە؟ ئەی بەرپرسانی تر بۆ دەنگ ناکەن؟ وتی: کاکە زۆر مەشغولن، وتم: مەشغوڵی چین، وتی: مەشغوڵی نەخوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەن، مەشغوڵی گوێنەگرتنن لە خەڵك، مەشغوڵی قسە کردن و کۆبونەوەی بیَ ئەنجامن، مەشغوڵی دامەزراندنی پۆلیسی بیَ ئیش و بیَ دەوامن. و مەشغوڵی. ...هتد.

لە بەرپرسێکم پرسی: ئەریَ دروست کردنی ئەو سەیتەرانە بە شێوەی ئەبو پایەی سەقفدار چی حیکمەتێکی تێدایە؟

وتی: چۆن حیکمەتی تیا نییە؟؟ تیایەتی!

وتم: حیکمەتی چی؟

وتی: حیکمەتەکە لەوەدایە، جاران تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو لە هەموو شارەکانی کوردستان و عیراقدا سینەمای هاوینە هەبوو، بەلاّم وردە وردە سینەمای هاوینە باوی نەما، ئیتر یا تێکیان دان یا سەقفیان بۆ کردن و کردیانن بە سینەمای زستانە. ئێستاش دونیا گۆڕاوە و بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی دەچین و سەیتەرەی هاوینە باوی نەماوە و ئێمەش وردە وردە سەیتەرەکان دەکەین بە سەیتەرەی زستانە و سەقفیان بۆ دەکەین. ئەوە حیکمەتەکەیە! پێویستە خۆمان لەگەڵ سەردەمی عەولەمەدا بگونجێنین.

منیش وتم: دەست خۆش بۆ ئەم حیکمەتە !

پاش چەند رۆژێك بەرپرسێکی ترم بینی. وتم: ئەو بەرپرسەی برادەرت وا دەڵێ!

وتی: کاکە حیکمەت و میکمەتی چی! وا نییە! ئێمە چەند ساڵە لە پرۆگرامماندا هەیە کە سەیتەرەی ئەبو پایەی سەقفدار بۆ خەڵکەکە دروست بکەین و لە ساڵی (1992)ەوە و لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنمان بە خەڵك و جەماوەر داوە و لەسەر داوای خۆیان کە ئەو پرۆژەیەیان بۆ جێبەجێ بکەین، خەڵك دەنگی پێمان داوە و مافی خۆیانە داوای ئەو جۆرە سەیتەرانە بکەن.

وتم: ئەی باشە ئێوە لە پرۆگرام و بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنتان نەدا کێشەی خانوو و شوقەی نیشتەجێ بونیش چارەسەر بکەن.

وتی: نەخێر ئێمە بەڵێنی وامان نەداوە.



وتم: ئەی باشە ئەو کێشەیە چۆن چارەسەر دەکەن؟

وتی: کاکە تۆ زۆر سەیری! ئێمە نە لە پرۆگرامماندا هەیە، نە بەڵێنمان داوە، خەڵك خۆی چۆنی چارەسەر دەکات با بیکات، ئێمە حەقمان بەسەر کێشەی خانووی نیشتەجێبوونەوە نییە! ئێمە سەیتەرەی ئەبو سەقفی پایەدار دروست دەکەین!

منیش وتم: خوا حافیزمان بێت.

حوزەیران/2005

## مێش تەیرە، دونیا سەیرە !

وا بۆ یانزە ساڵ دەچێ وەکو حکومەتی هەرێم، خۆمان حوکمڕانی خۆمان دەکەین، بۆ هیچ شتێك پرۆگرام و پلانمان نیە، زۆریش باسی ئایندەی وڵات و نەوەی دوا رۆژ دەکەین. هەموو بڕیارەکانمان کت و پڕە، چەند هەفتەیەك لەمەو پێش لە پڕ حکومەتی هەرێم بڕیاریدا (30000) سی هەزار پارچە زەوی لە سنوری شارەوانی سلێمانی و دەور و بەری ئیفراز بکرێت و دابەش بکرێت و بفرۆشری و هەوڵ بدرێ لە ماوەیەکی کورتدا تەواو بکرێ، بۆ؟ ئەم بڕیارە بە پەلەیە بۆ؟؟ (30000) سی هەزار پارچە زەوی واتا دروست کردنی شارێك. لە سنوری هەرێمی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆماندا، سلێمانی و هەولێر و دهۆکی لێ دەرچێ، وابزانم هیچ شار و شارۆچکەیەکی تر (30000) سی هەزار خانووی تیا دروست نەکراوە و تەمەنی هەندێکیشیان لە (500) پێنج سەد ساڵ زیاترە، ئەگەر بتەوێ (30000) سی هەزار پارچە زەوی بە رێك وپێکی و بە پێی مواسەفاتی ئەندازیاری و مواسەفاتی شار بێت، بە بڕوای من بە لای کەمەوە (30) سی مانگی دەوێ. ئیفرازکردنی (30000) سی هەزار پارچە زەوی بەو پەلە پەل کردنە، کارێکی ئەندازەیی و شارستانی نابێت، بۆ نەوەکانی دوارۆژمان خراپە. چونکە بە پێی رای شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی، شار و گەڕەکی خراپ و شێواو، مرۆڤی خراپ و شێواو بەرهەم دێنێ.

لە کەرکوك کابرایەك هەبوو، پاسەوانی خان بوو، ناوی (عوسمان خانچی) بوو (سەد رەحمەت لە گۆڕی بێ)، کابرایەکی سەڵت بوو، زۆر نەفس بەرز و کوردێکی ساغ بوو، کە بابەتێکی ئاڵۆز دەهاتە پێشەوە و لێی تێ نەدەگەیشت یا بە دڵی نەدەبوو و هیچ دەسەڵاتی نەبوو دەیگوت: مێش تەیرە، دونیا سەیرە.



دەستی ڕاستی دەدا بەسەر دەستی چەپیدا و چەند جارێك دەیگوتەوە. حکومەتی ئێمەش یانزە ساڵە حوکم دەکا و یانزە هەزار پارچە زەوی رێك و پێکی لە سنوری شارەوانی سلێمانی ئیفراز نەکرد، ئێستا لە پڕ بڕیار دەدا (30000) سی هەزار پارچە زەوی لە ماوەیەکی کورتدا ئیفراز بکرێت، لەم زروفە ئاڵۆزەی ئەمڕۆی کوردستاندا، ئەم بڕیارە کت و پڕە، ئاڵۆزە و تێی ناگەم.

لەبەر ئەوە منیش دەڵێم: مێش تەیرە، دونیا سەیرە!

مێش تەیرە، دونیا سەیرە! [10]

## دەستڕێژ

پێش راپەرین زۆرمان دەوت، دەمان وت ئێمە واین و واین ,میللەتی کورد وایەو وایە ,کەفائات و کادرمان وان و وان , گەر خۆمان حوکمی خۆمان بکەین, وادەکەین و وادەکەین. یانزە ساڵە حوکم بەدەست خۆمانەوەیە, بەڵام وانەبوو.

یانزە ساڵە بێ پلان ئیش دەکەین.
یانزە ساڵە بێ لێکۆڵینەوە ئیش دەکەین.
یانزە ساڵە بێ دیزاین, بێ نەخشە ئیش دەکەین.
یانزە ساڵە. هتد.
بینایەکی جوانمان دروست نەکرد.
خانویەکی جوانمان دروست نەکرد.
دەرگایەکی جوانمان دروست نەکرد.
پەنجەرەیەکی جوانمان دروست نەکرد.
جادەیەکی جوانمان دروست نەکرد.
پردێکی جوانمان دروست نەکرد.
شۆستەیەکی جوانمان دروست نەکرد.
فولکەیەکی جوانمان دروست نەکرد.
تەقاتوعێکی جوانمان دروست نەکرد.
باخچەیەکی جوانمان دروست نەکرد.
پارکێکی جوانمان دروست نەکرد.
سەیرانگایەکی جوانمان دروست نەکرد.



دێیەکی جوانمان دروست نەکرد.
شارێکی جوانمان دروست نەکرد.
هیچمان دروست نەکردو هەر پارە سەرف دەکەین.
بەنزینخانەی ناشیرینمان زۆر دروست کرد.
نەخشەی بنەڕەتی نارێکمان زۆر جێبەجێ کرد.
گۆڕو گۆڕستانی تەنگەبەرمان زۆر دروست کرد.
کۆڵان و گەڕەك و شاری شێواومان زۆر دروست کرد.
کێ بەرپرسیارە؟
ئەندازیاران بەرپرسیارن.
لێپرسراوان بەرپرسیارن[11].

## لێبوردەیی و تەلارسازی

**(گفتۆگۆیەك لەگەڵ شاعیر و ئەندازیار تەیب جەبار)**

**پرسیار1/ دەکرێت بزانین چاککردنەوەی رێگا و بان و بزوتنەوەی تەلارسازی، زەمینە دەخولقێنێت بۆ دروست بوونی لێبوردەیی لە لای مرۆڤ؟**

**وەڵام/** من لە پرسیارەکە وا تێدەگەم، کە ئێوە مەبەستتان لە پەیوەندی نیوان شار و مرۆڤ بێت و دەوری شار لە خولقاندنی مرۆڤی لێبوردە. بێگومان شار، گەڕەك، خانوو. .هتد. دەوری گرنگی هەیە لە خولقاندنی مرۆڤی لێبوردە یاخود شەرانگێز. چاککردن و رێکخستنی شەقام و شۆستە و کۆڵان و فولکە و یەکتربڕ و دروست کردنی باڵەخانەی تازە و چاککردنی بازاڕی کۆن و. .هتد. ئەمانە هەموو کار دەکەنە سەر باری دەرونی مرۆڤ.

شار شوێنە، شوێن رۆڵی زۆر گرنگ دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە تا ئێستاش بایەخی پێنادرێت و هەر باسیش ناکرێت، بەهێزترین مەودای بیرکردنەوە لای خەڵك و سەرکردە و رۆشنبیری ئێمە مەودای سیاسەت و مێژوو و ئەدەب و هونەرە، بەڵام بیرکردنەوە لە مەودای کات و شوێن و جوگرافیا و ژینگە و شار و زانست و کۆمەڵگە و. ...هتد، پشتگوێ خراوە و ونە. شوێن بەشێکە لە سروشت، مرۆڤ دەستکاری دەکا بۆ خۆپاراستن و ئاسوودەیی دەرونی و بەرژەوەندی مادی خۆی. ئەگەر زانستیانە دەستکاری نەکات، خراپ دەشکێتەوە، تێکدان و دەستکاری کردنی سروشت، کارێکە وریایی دەوێت، بۆ نمونە لە سروشتدا (مەبەستم تۆپوگرافیای زەویە) هێڵی راست نیە، بەڵام کە مرۆڤ دەستکاری دەکات بۆ مەبەستی خۆی بە دروست کردنی هێڵی راست و قەبارەی رێك و پێك، ئەگەر ئەو هێڵە راست و قەبارەیە



مەبەستی خۆی نەپێکێت دەبێتە هۆی تێکدانی سروشت و زیان گەیاندن بە مرۆڤ و دروست بوونی مرۆڤی شەرانگێز و تێکچونی تەرازوی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ بە بێ سروشت ناتوانێت بژی، چونکە سروشت سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە و پێویستە مرۆڤ زانستیانە و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. یەکێك لەو مەبەستانەی کە مرۆڤ لە پیناویدا دەستکاری سروشت دەکات، دروستکردنی شارە، شار شوێنی حەوانەوە و ئیش کردن و ئەنجامدانی چالاکی مرۆڤانەی خەڵکێکی زۆرە. لە بەر ئەوە پێویستە شار بە پلان و زانست دروست بکرێت بۆ ئەوەی خەڵك ئاسوودە و ئارام بژیت ولەگەڵیدا نەکەوێتە ململانێ. شاری ئاڵۆز، گەڕەکی خوار و خێچ، خانووی تەنگەبەر، مرۆڤی شەرانگێز دەخولقێنێت. بەڵام شار و گەڕەك و خانووی رێك و پێك و فراوان و جوان و ئەندازەیی بە پێی پلان دروستکراو، خەڵکەکەی زیاتر لێبوردە دەبێت. تۆ تەماشاکە روحی لیبوردەیی لای خەڵکی گەڕەکی نارێك کەمە. بەڵام لای خەڵکی گەڕەکی رێك و پێك و جوان و کراوە زیاترە. پیاسە کردن بە شەقامی نارێك و شۆستەی پڕ چاڵ و چۆڵ و بەرز و نزم، مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی دەروونی خراپ و توڕەوە، بەڵام پیاسە کردن بە شەقامی راست و شۆستەی تەخت و فراوان و پڕ درەخت مرۆڤ ئاسوودە دەکات و باری دەروونی هێمن و لێبوردە و دڵخۆشیش دەبێت. هەروەها بۆ سەرجەمی شوێنەکانی شار و باڵەخانە و خانووش، لای ئێمە بایەخ بە جۆر و مەودای بینین، جوڵەی دەست و قاچ، جوڵەی شان و مل و لەش و. ...هتد، نادرێت. مرۆڤ لە ماڵەوە هەمیشە هەوڵدەدات ماڵەکەی وا رێکبخات کە هەر پێنج هەستی ئاسوودە بێت، لەگەڵ ئاسانی جوڵە و هاتوچۆی ناو ماڵ. پێویستە شاریش وا دروست بکرێت کە مرۆڤ هەر پێنج هەستی تیا ئاسوودە بێت لەگەڵ ئاسانی جوڵە و هات و چۆ، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ئارام و هێمن و لێبوردە بن.

**پرسیار 2/ چەمکی لێبوردەیی ڕەنگە لە ڕووکەشدا بە دوری ببینین، لە چەمکی ئەندازیاری و کار و بارەکانی تەلارسازی بە گشتی، بەڵام لە ڕاستیدا بوارێك هەیە پێی دەڵێن ئەندازیاری بینین (الهندسە البصریە) لێرەوە پەیوەندی لە نیوانیان دروست دەبێت. دەکرێت لەم بارەیەوەش بدوێیت؟**

وەڵام/ چەمکی لێبوردەیی و چەمکی ئەندازیاری زۆر نزیکن لە یەکەوە و زۆریش کار لەیەکتر دەکەن، چونکە مرۆڤ و سروشت و شوێن بەردەوام پێکەوەن و پەیوەندیەکی توند وتۆڵ لە نێوانیاندایە، لە بەر ئەوەی ئەگەر بە ڕوکەش دوور بن بەڵام لە ڕاستیدا ئاوێتەی یەکترن. وەك وتم پێویستە لە شاردا هەستەکانی مرۆڤ ئاسوودە بن، کە (چاو) یەکێکە لەو هەستانە، پێویستە شار وا ڕێکبخرێت و برازێنرێتەوە کە چاوی مرۆڤ ئازار نەدات و هەست بە ئاسوودەیی بکات. جا چ لە بواری ڕەنگ و ڕوبەر بێت یاخود بەرزی و نزمی یاخود پێچ و گۆشە. هتد. ئێستا ئێمە هەموومان لە شارەکانمدا چاومان ماندوە بێ ئەوەی درکی پێ بکەین، چونکە ئەو ڕەنگ و ڕوبەرە نارێك و تێکچرژاوەی تابلۆی بازار و دوکان و ریکلام وعەمود و وایەر و. هتد. هەروەها ڕوبەری ناشرینی ڕوکاری زۆربەی بازاڕ و بیناکانمان، پێی را هاتووین، ئەگینا شار نابێت بەو شێوەیە بێت. مرۆڤ لە ماڵەوە هەمیشە ڕوبەرەکانی ژوور و ڕاڕەو و سەقفی خانوەکەی ڕێکدەخات و بە تابلۆ و شتی جوان و ڕەنگی هێمن و هارمۆنی دەیڕازێنێتەوە، پێویستە شاریش هەروا بێت. چونکە شار ماڵی هەموو خەڵکەکەیەتی.

**پرسیار 3/ دەکرێ لە ڕێگەی فۆرمی خانوو و ڕەنگەکانی لە ڕادەی لێبوردەیی و توند و تیژی کەسەکان هەڵسەنگێنین؟**

وەڵام/ بێگومان. مرۆڤی توند و تیژ و پەلە پەلکەر و ڕارا هەمیشە ئیش و کارەکانی ڕەنگدانەوەی باری دەرونی پێوە دیارە. بە ئەنجامدانی ڕەنگی



تێکچرژاو و خانووی خوار و خێچ و ڕوبەری زبر و نارێك. بەڵام بە درێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەبووە لە وڵاتێکدا هەموو خەڵکەکەی ئەندازیار و شێوەکار بن، تاکو فۆرمی خانوو و ڕەنگەکانی ڕێك و پێك و هارمونی و ئاسوودە بەخش بن، بۆیە پێویستە بۆ جێ بەجێ کردن و سازاندنی ئەو بوارانەی شار و گەڕەك و خانوو پرس و ڕاوێژ بە خەڵکی پسپۆر و شارەزا بکرێت. ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو هیچ کەسێك لە خۆیەوە ناتوانێت ڕوکار و ڕەنگی خانوەکەی، باڵەخانەکەی، دوکانەکەی لە خۆیەوە دابنێ یان بگۆڕێ، تەنانەت زیاد کردن و کەمکردنی گڵۆپێکیش، هەروەها گۆڕینی چەشنی درەختی ناو حەوشە و بەر خانوەکەشی بۆ ئەوەی هارمۆنیەت تێك نەچێ و کار نەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ و مرۆڤی لێبوردە بجولێنێت. بەڵام لای ئێمە وا نییە، هێشتا دەستیشمان پێ نەکردووە. لە بەر ئەوە ئێمە هەمیشە مرۆڤی شەرانگێزمان زیاترە لە مرۆڤی لێبوردە. زمانی گفت و گۆ و لە یەك تێگەیشتن و قبوڵ کردنی ڕای بەرامبەر و دانان بە هەڵە و داوای لێبوردن و بەخشندەیی کەمە. لای ئێمە یاسای هەموو بوارێك ئەوەندە کاری پێ ناکرێت، تەنانەت بۆ ڕێکخستنی شار و وڵات جگە لە ماستەر پلان کە وەك دەستوری شار و وڵاتە، لە هەموو وڵاتێکدا یاسایەك هەیە پێ دەوترێت یاسای (محددات البناء و الانشاء) کە ئێمە هەر نیمانە، جگە لە وردە ڕێنمایەکی شارەوانی نەبێت.

**پرسیار 4/ ڕێکخستنی بواری تەلارسازی بە چی شێوازێك دەکرێت؟ چۆن خۆی دەپارێزێ لە شێواندن؟**

وەڵام/ وەك لە سەرەوە وتم، ئێمە هێشتا دەستمان پێ نەکردووە بۆ ڕێکخستنی بواری تەلارسازی لە شارەکاندا کە پێویستە یاسا و ڕێنمایی بۆ هەموو بوارەکانی شار دابنرێت، نەك هەرکەسە یان ئەنجومەنی شارێك بە

ئارەزووی خۆی شارەکەی ڕێکبخات بێ گەڕانەوە بۆ یاسا و ڕێنمایی گشتی کە پێویستە پەرلەمان و حکومەت دایرێژێت. بۆ نمونە ئێستا لە دەیان شوێنی شارەکانی ئێمەدا دەبینین دوو باڵەخانە بە تەنیشت یەکەوەیە، یەکێکیان چوار قاتە ئەویتریان حەوت قاتە، یاخود بینایەکی شەش قات بە تەنیشت دە خانووی نیشتەنی یەك قاتەوەیە. ئەمە کار دەکاتە سەر چاو و بینینی ئێمە، هەروەها کار دەکاتە سەر باری دەرونیشمان. ئێمە نەخشەی بنەڕەتی شارەکانمان نارێکە و تەعلیمات و مواسەفاتی شارەوانیش لەو ئاستەدا نییە کە شاری نمونەیی دروست بکەین و لە زۆر شاردا هەر کاریشی پێ ناکرێت. بۆ نمونە بەرزی بینا پەیوەندی بە پانی شەقامەوە هەیە، کە ئەمەش لە هاوکێشەی گۆشەی ئاستی بینینی چاوەوە حیسابی بۆ دەکرێت، بێگومان ئەمە لەو شەقامانەی بیناکانی بە تەنیشت یەکەوەیە و بەردەوامە نەك لە شوێنە کراوەکاندا، بەڵام لای ئێمە قەت کاری پێناکرێت. لێرەدا قسەیەکی بیریار و جوانناس (هینری لۆفیفەر)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ: **لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، کێ شاری ڕێك و پێك و جوانی دروست کرد، ئەو ژیانی بردەوە.** هەروەها بۆ نمونە پانی شۆستە لە شەقامێکی (30)م لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە تەنانەت لە یەك شاریشدا پانی شۆستە و قیرتاو و جەزرەی ناوەڕاست لە شەقامێکی (30)م بۆ شەقامێکی (30)م تر جیاوازە، کە نابێ وا بێت. لای ئێمە کە خانوو و باڵەخانە دروست دەکرێت زۆر کەم بیر لە روناکی، سێبەر , خۆرەتاو، جوڵەی با، سەوزایی. هتد دەکرێتەوە. ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو لێکۆڵینەوە لە سەر پانی و درێژی و بەرزی ژووری نوستن، دانیشتن، خواردن. هتد، هەروەها رۆڵی دەرگا، پەنجەرە، دیوار، رەنگ، روبەر. هتد دەکەن و کاریگەریان لەسەر دەرونی مرۆڤ، هەروەها ژووری ئوتێل راڕەو، شێوەی بازاڕ وگەورە و بچووکی و قەرەباڵەغی و بینای قوتابخانە و فەرمانگە و. هتد. من لێکۆڵینەوەیەکم لایە



باسی ئەوە دەکات لە وڵاتی (یابان) کە وڵاتێکی پێشکەوتووە لە (70٪)ی ئەوانەی توشی نەخۆشی شەکرە و کولیسترۆل دەبن هۆکارەکەی قەرەباڵەغی هاتوچۆیە. پێویستە ئێمە چاو بە زۆر شتدا بخشێنینەوە بۆ نمونە پارچە زەوی (200)م (10م ×20م) بە لای منەوە سەقتترین روبەری زەویە بۆ دروست کردنی خانووی نیشتەنی لەبەر زۆر هۆکار کە لێرەدا باس ناکرێت. بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە، کە چۆن تەلار سازی دەپارێزی لە شێواندن؟ ئەوە وەڵامێکی دوور و درێژی دەوێ. لەوانەیە بابەتی کتێبێك بێت. داوای لێبوردن دەکەم.

**پرسیار 5/ کاتێك شێوازی ئەندازیاری وڵاتێك بە گشتی دەشێویندرێت و بە هەرەمەکی دروست دەبێت، چۆن دەکرێت چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت؟ تا چەند ئەمەش کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت لە سەر پرۆسەی لێبوردەیی؟**

**وەڵام/** خۆی راستە شێوازی ئەندازیاری وڵات و شارەکانی ئێمە شێواوە و بەهەرەمەکیش دروست دەبێت، چونکە ئێمە ماستەر پلانی وڵاتمان نیە، ماستەر پلانی کۆنی شارەکانیش بە ڕێك و پێکی جێبەجێ نەکراوە و شاروچکەکانمان هیچی ماستەر پلانی نیە و بە هەڕەمەکی گەورە دەبن. ئێستا خەریکین ماستەر پلانی نوێ دروست دەکەین بۆ شارەکان، بەڵام ئایە ئەو ئیرادەیەمان هەیە بە ڕێك و پێکی جێ بەجێ بکەین و یاسای (محددات البناء و الانشاء) دابنەین؟ ئێستا ئەگەر بڕۆینە دەرەوەی شارەکان دەبینین چۆن هەڕەمەکی و دڕندانە پەلاماری سروشتمان داوە، بڕۆ سەیری رێگای (سلێمانی – چوارتا) و رێگای (سلێمانی – کەرکوك) و رێگای (هەولێر – مەسیف) و رێگای (هەولێر – مەفرەقی گۆمە سپان) و رێگای (کەرکوك – پردێ) بکە چۆن هەمووی بۆتە تەلبەند و خانووی ناشرین و نارێك و بە بێ پلان و هەر کەسە بۆ خۆی تەنانەت لە هەندێ شوێن تەلبەند گەیشتۆتە سەر شۆستەی رێگاکان، ئەو هەموو گردە قوت و جوانانەیان تێکداوە و رێگایەکی

سەقەتی ناشرینیان بۆ کردووە و خانویەکی خوار و خێچیان لـێ دروسـت کـردووە، سەرباری دەیان کارگە و چێشتخانەی بێ مواسەفات و نا تەندروست و کە هەمووی تەجاوزە بۆ سەر موحەرماتی رێگا و پیس کردنی ژینگـە و بیـنین و کـۆت و بەنـد کردنی جولانەوەی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵی ماڵی و کێویش.

بۆ ناو شار و فراوان کردنی شارەکانیش ئەوە خۆتان دەبینن شـارەکان هـەمووی شێوەی لادێی گەورەی وەرگرتـووە. شـارەکانی ئێمـە جـاران بەخـشندە و لێبـوردە خولقێنەر بوون، سادە بوون وەك سادەیی خەڵکەکەی. سروشت بەو شێوەیەی ئێستا تێك نەدرا بوو چونکە ئەوسـا ئـامێری پێـشکەوتوو نـەبوو بـەڵام ئێـستا ئـامێری پێشکەوتوو هەیە و بە هەڵە بەکاری دەهێنین و سروشـت و شـارەکانمانی پـێ تێـك دەدەین. لەم ساڵانەی دواییدا شارەکانمان گەورە بوون و هەندێك شوێنی باشە و زۆری شێواوە، پێویستە چاکی بکەین و بیگونجێنین لەگەڵ مواسەفاتی شـاردا و چـاو بـە نەخشەی بنەڕەتی شارەکاندا بخشێنینەوە و ئەو شارانەی نەخـشەی بنـەڕەتیان نیـە بۆیان بکرێت، هەروەها پێویستە تەعلیماتی تازە (محددات البنـاء و الانـشاء) بـۆ وڵاتەکەمان دا بنێن. ئەو فراوانبوونەی ئێستا لە شارەکاندا دەکرێ زۆر بـێ سـەر و بەرە، ئەگەر وریا نەبین شارەکانمان دەبن بە لادێی گەورە کە ژیان تیایـدا نـاخۆش و نارەحەت دەبێت. بۆیە زۆر پێویستە پرس و راوێژ لەگەڵ پسپۆرانی خۆماڵی و بیانی بکرێت بۆ ئەوەی شارەکانمان نمونـەیی و بـە پێـی مواسـەفاتی ئەنـدازەیی دروسـت بکرێن، تاکو ئاسوودەیی و هێمنی بـۆ خەڵکەکـەی فەراهـەم بکـات و لێبـوردەیی بخولقێنێت. چونکە وەك لە سەرەوە وتم شاری خـوار و خـێچ مرۆڤـی خـوار وخـێچ دروست دەکات وشەرانگێز دەردەچێت[12].



## پەراوێزەکان

[1] لە ژمارە (218)ی، رۆژنامەی هاوڵاتی، رۆژی (6/ 4/ 2005) بڵاوبۆتەوە.

[2] لە ژمارە (221)ی، رۆژنامەی هاوڵاتی، رۆژی (27/4 /2005) بڵاوبۆتەوە.

[3] لە ژمارە (223)ی، رۆژنامەی هاوڵاتی، رۆژی (11/ 5/ 2005) بڵاوبۆتەوە.

[4] لە ژمارە (227)ی، رۆژنامەی هاوڵاتی، رۆژی (8/ 6/ 2005) بڵاوبۆتەوە.

[5] لە ژمارە (231)ی، رۆژنامەی هاوڵاتی، رۆژی (6/ 7/ 2005) بڵاوبۆتەوە.

[6] لە ژمارە (233)ی ,رۆژنامەی هاوڵاتی,رۆژی (20/7 / 2005) بڵاوبۆتەوە.

[7] لە ژمارە (159)ی، رۆژی (10/ 2/ 2009)، رۆژنامەی ئاوێنەدا بڵابۆتەوە.

[8] لە ژمارە (161)ی رۆژنامەی ئاوێنە لە (24/2 / 2009) دا بڵاو بۆتەوە.

[9] لــە رۆژنامــەی کوردســتانی نــوێ ژمــارە (4861) دوو شــەممە (4/ 5/ 2009)دا، بڵاوکراوەتەوە.

[10] سەروتاری گۆڤاری ئەندازیاران، ژمارە (3) زستانی 2003.

[11] لە گۆشەی دەستڕێژ/ گۆڤاری ئەندازیاران، ژمارە (1) بەهاری 2002 دا بڵابۆتەوە.

[12] لە حوزیرانی 2009 دا، لە گۆڤاری کۆمەڵناسی، ژمارەیەکی تایبەت بە (لێبـوردەیی) بڵابۆتەوە.